بۆریس بۆلیڤۆی

# بەسەرهاتی کەڵە پیاوێک

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە/ حسین نێرگسەجاڕی

چاپی یەکەم ١٩٩٨

# چاپەمەنی زاموا

## پرۆژەی پاراستنیدەستنوسەکان

ژمارە ﴿ ٧ ﴾



* ناوی کتێب : بەسەرهاتی کەڵەپیاوێک
* بابەت: ڕۆمان
* نوسینی: بۆریس بۆلیڤۆی
* وەرگێڕانی: حسێن نێرگسە جاری
* کۆمپیوتەر: دیاری جەمال
* مۆنتاژ: بازیان جەلال
* چاپی یەکەم: ١٩٩٨
* کوردستان/ سلێمانی

# پێشکەشە

- بە ڕۆشنبیر و شۆڕەسواری بواری وەرگێڕان مامۆستا شکور مصطفی
- بە هوشیار (بیاوێڵەیی) کە بەو دڵە گچکەی هەزاران مرۆڤی کوردی لە چنگ مین ڕزگار کرد، ئەم تاکە مرۆڤە هێندەی دەزگایەک کوردستانی لە مین پاک کردەوە... تا هەردوو قاچی خستە ئەو پێناوە.

- بە گشت ئەو تێکۆشەرە سەرسەختانەی کە هەمیشە ئەم شیعرەی مەحوی لە ناخیاندا دەنگ ئەداتەوە:-

بێستوونی عەشقی شیرینێک ئەوا هاتۆتە پێش
گەر لە حەق بێم و نەیەم تەقلیدی فەرهادێ دەکەم

- وەرگێڕ-

# نووسەری ئەم ڕۆمانەم چۆن ناسی؟

## نووسینی ﴿ ئەلەکسی ماریسیف ﴾

## پاڵەوانی یەکێتی سۆڤیەت و پاڵەوانی ڕۆمانەکە .

بۆ یەکەم جار (بۆریس بۆلیڤۆی)م لە هاوینی ١٩٤٣ یدا ناسی، لەو ڕۆژانەدا شەڕێکی هێجگار سەخت و خوێناوی لە ناوچەی (کورسک)دا درێژەی بوو، ئێمەی فڕۆکەوان ڕۆژانە چەند جارێک فڕۆکەمان لێتاو ئەدا.

ئێوارەیەک لەپاش گەشتێکی ئاسایی ؛ کەلە فڕۆکە دابەزیم لەناو هاوڕێ فڕۆکەوانەکاندا کەسێکی نامۆم بەرچاو کەوت، هاوڕێکانم پەنجەیان بۆ من ڕا دەکێشا، لەبەر خۆمەوە گوتم:- (ئا لەم کاتەدا - هەواڵ نێرێکی تر! ! )، کاتەکەم پێ خۆش نەبوو.. بە پرتاو بەرەو چێشتخانە کشام.

لە چاو تروکانێکدا کابرای نامۆ خۆی پێ گەیاندم و خۆی پێ ناساندم:- (بۆریس بۆلیڤۆی- هەواڵنێری جەنگ لە ڕۆژنامەی براڤدا )، ناوی بۆلیڤۆی‌م لەو ڕۆژنامەدا خوێندووە.. لە یادم نی‌یە چی نووسیوە و چۆنی نووسیووە، بەڵام لەیەکەم چرکەدا بە چووست و بزۆک و بێ فیز و ڕووخۆش هاتە پێش چاوم و پێی موعجب بووم. پێکەوە بۆ ژێر زەمینەکەی خۆم گەڕاینەوە..

پێکەوە بە درێژیی لەو پەناگەدا دانیشتین.. بولیڤۆی چەند دەفتەرێک تێبینی پڕ کردەوە، بەردەوامیش پرسیاری لێ دەکردم.. کە لەیەکتر جیابووینەوە شەفەق ڕژابووە ئاسمان، بەیانی و ڕۆژانی دوایی چەندین جار بەرەو شەڕگەکان ڕۆیشتم.

لە تاو خەم و خەیاڵی جەنگ هەواڵ و باسی بۆلیڤۆ لای من کوژانەوە، ناوە ناویش لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە بۆلیڤۆم پێشچاو دەکەوت، ئەو مرۆڤانەی کە ئەو باسی دەکردن ئێجگار پێیان موعجب بووم ، ئەم جۆرە دیدارانە تەنها لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە بوو.

لە ساڵی ١٩٤٧ دا تەنها ئەوەم لەیادە کە گوێم لە ڕادیۆ گرتبوو... لە ناکاو بێژەر بەرنامەکەی بەم چەند ڕستە تەواو کرد:- سۆزیی لە کات ژمێری (٩) دا بەشێکی تر لە ڕۆمانی :-

-بەسەرهاتی مرۆڤێکی ڕاستەقینە- تان پێش کەش دەکەین لە نووسینی بۆریس بۆلیڤۆی)، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامە نووسە مووڕەشەکەی پەناگەکەم هاتەوە یاد کە شەوێک لە ژێر زەمینی مندا مایەوە.

لە کاتژمێری (٩) ی ڕۆژی ئایندەدا میلی ڕادیۆم با دا... بڕوام نەدەکرد کە (بۆلیڤۆی) لەسەر من نوسیویە. لە ئێوارەدا خۆم گەیاندە نووسەر و بۆی گێڕامەوە کە لەکاتی جەنگدا بۆ من گەڕاوە و لە زۆر شوێن سۆراخی منی کردووە، بۆ دۆزینەوەی من پەنای بۆ تۆمار و ئەرشیفە سەربازیەکان بردووە؛ وەلێ سەرەداوی چنگ نەکەوتووە، بەو دەفتەرانەدا چۆتەوە کە شەوی ژێر زەمینەکە تۆماری کردبوون.

دۆستایەتی نێوان من و بۆلیڤۆی لەو ئێوارەوە چەسپاو گەشەی کرد، هەرچەند بە داخەوە کەمتر یەک دەبینین.. تەنها لە کۆنگرەو کۆبوونەوەکاندا و بە کەمیش لە ماڵدا؛ بەڵام هەرگیز لە یادم ناچێت، بۆلیڤۆی کانی و سەرچاوەیەکی هەمیشە پاراوو بە ڕێژەنە.

من و بۆلیڤوی ماوەیەکی درێژ لە ئەمریکا پێکەوە بووین و لە یەکتر دانەبڕاین، جەنگاوەرە دێرینەکانی ئەمریکا(المحاربون القدماء) ئێمەیان بانگێشت کردبوو، بولیڤوی جاری دووەم بوو دەچوە ئەمریکا، لە جاری یەکەمدا یەکێک لە ڕۆژنامە نووسەکانی ئەمریکا لەو بڕوایەدا بوو کە تێکڕای بەسەرهاتی ئەلەکسی میر سیف دەسهەڵبەسی بۆلیڤۆی خۆیەتی، نووسەر خۆی شارەزای بواری فرۆکەوانیە..خەیاڵی پاراو و بە ڕێژەنی بۆلیڤۆی تان و پۆی ڕۆمانەکەی نووسیوە. لە سەفەری دووەمی بۆلیڤۆی بۆ ئەمریکا منی وەک شایەتێکی زرت و زیندوو پێشکەش کرد، پێبزانم ئەمریکایەکان باوەڕیان پێنەکردین.

بۆلیڤۆی ئێستا تەمەنی لە سەرووی (٧٠) ساڵە..زیاتر لە (٤٠) ساڵە لە بواری وێژەی سۆڤیەتیدا کار دەکات، (٤) ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆک و لێکۆڵینەوە ی هەیە، خەونی نەمریش ئارامی لێ بڕیوە، پیشەیەکی بۆخۆی

## بەسەرهاتی کەلە پیاوێک

هەڵبژاردووە کە حەوانەوەی تیا نی‌یە، بەڵێ ئەو یەکەمجار کە خۆی بە من ناساند گوتی : ئەز نووسەرێکم وەک ڕۆژنامەنووس دەژیم.. بەڕاستی هەڵە نەبوو ئەو بەردەوام لە سەفەرو پشکنینەدایە و بۆ نووسین ئامادەیە. سەد بریا نووسەر بام ..لە هونەری نووسیندا پسپۆر و شارەزا نیم دەنا بێ گومان منیش لەبارەی بۆلیقۆی سەربازی مەزن و هاوڕێمەوە ڕۆمانێکم بەم ناوەوە دەنووسی(ئەو ڕۆژنامە نووسەی کە لە جەنگی گەورەی نیشتماندا ئارامی نەبوو).

**-الکسی ماریسییف-**

# 1

****

ئەلکسی نازانێت لەو شوێنەدا چەند بێ هۆش بووە، وەک خەو دێتەوە یادی کە سێبەر و تارمایی مرۆڤ بە لایا گوزەریان کردووە، خەوێکی پڕ لە فڕان فڕان و گرمە و نالەی مەکینە قەبەکان، ئەم خەوە پڕ لە فەرتەنەو ژاوەژاوە ئێجگار شەکەتی کردبوو، لەناکاو ڕاپەڕی..چی ڕاپەڕی! ئاگرێکو دەعبایەکی کەتە ویستی خۆی قوتار بکات و نەیتوانی، هەموو گیانی بەفربوو بەمە ئێجگار ترساو سامی لێنیشت، لەم کاتەدا هەوایەکی شێدار سییەکانی ئازاردا، کوڵمەکانی بەستبووی، پێشتر هەموو لەشی ئازاربوو بەڵام ئێستا قاچی ئێجگار ئێشی زۆرە، لەناکاو هات بە مێشکیاو گوتی: (خۆماوم!!). تەکانێکی دایەوە خۆی، کرچو هووڕی بەستەڵەکی بەفرو لوشکەی هەناسەیەک کەوتە بەرگوێی؛ بە (ئەڵمانی) تێگەیشت، دانی گرت بەخۆیداو چاوی نەکردەوە نەیویست ڕاپەڕێو بەرگری لەخۆی بکات. (دیل! بەم حاڵەیشەوە دیل بم ئەی چار چییە؟)، بۆئەوەی دەستی بگاتە دەمانچەکەی دەبوو وەرگەڕێتە ئەودیوی؛ ئەمەیش ناکرێ چونکە دوژمن لەسەنگەردایەو ئامادەیە، هەستی کرد دەمانچەی کەلەکەی داخزاوە، بەڵام فزەی لەخۆی بڕی بەوهیوایەی دوژمن بەمردوویی تێبگاو بکشێتەوە.

هەنگاوی ئەڵمانیەکە نزیک دەبوو، دەنگی هەناسەکەی بەلاوە سەیرو نامۆبوو، بەتایبەتی کەلەگەڵ خرچەی بەفردا تێکەڵ دەبوو، ئێستا بەسەر ئەلکسیدا دەڕووخێت، والەناوچەکەدا هەناسەیەکی بۆگەن هەست پێدەکرێت.

(**ئەلکسی**) لەمە گەیشت کە ئەڵمانیەکە بەتەنهایە، ئەمەش ڕێگای ڕزگاربوون ئاسانتر دەکات؛ چونکە تەنها ئەو ساتە پێویستە کە لێی ڕاپەڕێو ئەوکی بگری وبکەوێتە وێزەی؛ لەوکاتەدا دەمانچەیش پێویست

نی‌یە، بەڵام دەبێت هوشیار بێت، تا ڕەخسانی ئەو هەلە فزەی لێوە نەیەت. بێ ئەوەی باری خۆی بگۆڕێت بەئاستەم چاوی کردەوەو لەژێر برژانگەکانیەوە چی دی... ورچێکی کەتەی گەری لاواز لەسەرپاشووی بەرامبەری وەستاوە!! لەپەنای کۆمەڵە بەفرێکدا لاشەی مرۆڤێک ڕاکشاوە لەژێر شەپۆلی تیشکی خۆریشدا شینی دەکردەوە، لەم دیمەنە ورچیش سەری سوڕماوەو بێ دەنگە. شەڕو شۆڕ ژیانی هێمنی ورچیشی تێکداوە، ئەوەتا ڕاپەڕیوەو برسێتی زیفی لێ سەندووە، خەوی زستانی وەلاناوەو مووشەیەتی، بەڵام ئەم گیانلەبەرە پێدەچێت لاشەی بێ گیان نەخوات..!

ورچە لەنزیک ئەلکسی چەقیبوو، لەلایەک برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیبوو، لەلایەکی دیش بێزی دەهاتەوە کەدەم بخاتە کەوڵی مردوویەک، بەڵام برسێتی کەوتە زاڵ بوون؛ فیشکانیو هەڵسایە سەرپێو چنگی لەقوماشە تۆکمەکەی گیرکرد، بەڵام قوماشەکە نەدڕاو بۆڵەبۆڵێکی کرد، لەم کاتەدا (**ئەلکسی**) دەبوو دان بەخۆیدا بگرێتو چاونەترووکێنێت، دەبوو ئەو هەموو ترسو لەرزینە بخواتەوە،دەبوو لەبەردەم ئەو دەعبا قەبەیەدا فزە نەکات کەئامادەیە لوولی بدات، لەم کاتەشدا هەموو قوژبنێکی جەستەی داوای بەرگرییان لێ دەکرد.

زۆر بەهێمنیو ژیرانە دەستی کوتایە دەمانچە ساردەکەی؛ مشتووی کەوتە مست و دەستیبەهێواشی کێشایەوە، ورچەکە سەرلەنوێ بەهێزتر شاڵاوی هێناو نینۆکی چەقاندە جەستەی ئەلکسیو زامداری کرد، بەتوندی خۆی خواردەوە، لەوکاتەدا کەورچەکە (**ئەلکسی**) لەبەفر وەرئەدا؛ دەمانچەکەی لێڕاکێشاو تەقەی لێ هەستاند، دارستانیش دەنگی دایەوە. قەلەڕەشێک فڕیو لقەداری جێهێشت، بەفر لەدرەختەکان وەریو گیانلەبەریش لەنێچیرەکەی هێدی هێدی دوور کەوتەوە، هەرچەند (**ئەلکسی**) لەبەفردا چەقیبوو بەڵام چاوی لەدوژمنەکەی نەئەترووکاند، چاوە گچکە ڕەشەکانی شلەژانی دەرکاندو کەمێک ڕاما، دانە ڕیچەکانی هێڵێکی خوێنی خەستی کێشا.

بەفرە شینکە سووربوو لەخوێنا؛ هەڵمی لێهەستاو توایەوە؛ ورچیش مرد.

شلەژانو سەرئێشەی (**ئەلکسی**) نەماو ڕەوایەوە؛ بەڵام لەناکاو ئازارێکی ئێجگار سەخت ئاگری بەردایەوە قاچەکانیو بوورایەوە، کە هۆشی کردەوە خۆر هاتبووە جەرگەی ئاسمانو تیشکی بەسەر سنەوبەرەکاندا دەباراند، تیشکی خۆر لەسێبەرەوە:- بەشینباوو تاریک دەردەکەوت، یەکەم پرسیار کەیەخەی گرت: (ئەم وورچە چیبوو.. خەوبوو؟)،کەلاکی پیسیوبۆگەنی ورچیش چەقیوەتە بەفرەشینکەی دەوروبەری.

دارسانیش ئاهێکی وەبەرهاتو ژیایەوە، کەنەسمەیش (دارکونکەرە) لەتوێکڵی درەختەکان ئاوازی هەستاند، پۆلە چۆلەکەیش دایانەوە لەشەقەی باڵو دارستانیان پرکرد لەجووکەو ئاواز. (**ئەلکسی**) لەبەرخۆیەوە پێدەکەنیو بزەی لێدەتکا، کەمرۆڤ بەسەر مەترسییەکی سەخت دا زاڵ دەبێت گاڵتەو بزەی لێدەتکێت. (**ئەلکسی**)یش لەبەر خۆیەوە بەهەمان شێوە پێدەکەنیو کەیف خۆش بوو. لەناکاو ئازارێکی سەختی قاچەکانی خوسیداو کەوتە سەر کەلاکی ورچەکە، ئازار هەموولەشی داگیرکرد، ئاشە مەکینە لەسەریا هاژەی دەهات.

دواتانک کەلەتەنیشتیەوە تەقێنرابوو؛ لوولەی تۆپەکەی وەک زمان بەرەو زەوی شۆڕبوو، لەدەروازەی دراستانەکەدا لاشەی سەربازانی ئەڵمانیو سۆڤیەتی لەنزیک چاڵە قووڵەکاندا بەپەرش و بلاوی هەڵچنرابوون.

(**ئەلکسی**) هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژیو سەرلەنوێ خۆشەویستی ژیان لەدەروونیا گەشایەوەو کڵپەی سەند، لەبەرخۆیەوە دەیگوت:-

(خەریکبوو هەتا هەتایە بخەومو هەڵنەسمەوە!!) ئازارو ئاشەکەی سەریشیکزتر و کپتر دەبوو، بەڵام ئازاری قاچەکانی لەزیادیبوو.

لەسەر لاشەی ورچە کونج هەڵتروشکابوو، بیری دەکردەوە:- چیی بکاتو بۆ کوێ بڕوات؛ ئایا دەتوانێت لەگەڵ سوپای سوردا پەیوەندی بکات؟ لەکاتی کەوتندا خەریتەکانی نەمابوون، هێشتا دیمەنی ئەو زەویانەی بەسەریاندا ڕۆشتبولەزەینیا مابوون.

درەختەکان لەشیان هارپبوو، چاوەکانی وەک یەکێک بەهەموو توانای بیگوشێت پلی ئەدا، دیمەنەکانی دەوروبەری بەتیشکی خۆر کەیلو رووناک

بوون؛ بەڵام چاوەکانی ئەو ڕێشکەو پێشکەیان دەکردو دیمەنەکان لە ژێرتەم و هەوردا شەپۆلیان ئەدا.

کەمێک هەڵساو چاوێکی بەدەشتو بۆشایی دارستانەکەدا گێڕاو بەجلە شینەکانی نیو بازنەیەکی دروستکرد.

لەپایزداو ڕاستتر لەسەرەتای زستاندا هێڵێکی بەرگریی لەم ناوچانەدا ڕۆنرابوو، لەم هێڵەدا سەربازە سۆڤیەتیەکان وەک دەڵێن هەتا مردن بەرگریان کردبوو، چرچو لۆچو برینەکانی زەوی گەردەلوولی بەفر داپۆشیبوو بەڵام لەزۆر شوێندا هەیکەلی تانکەکان گیا داپۆشیبوون‌و ڕەنگیان وەک پێستی ماسیبوو، لەلاشەو حەوشەی چۆڵ دەچوون، بەتایبەتی تەیارەخانەکەی ئەڵمانیا (٦٠) کیلۆمەتریتر لەبەرەی شەڕەوە دوور بوو، پۆلە فڕۆکەکەی (**ئەلکسی**) ٢٠ کم ئەڵمانیەکانی دوور خستەوە (ئەلیکسی)یش لەکاتی کەوتندا کەمێک بەرەو خۆرهەڵات ڕۆیشت؛ لێرەدا(٣٥)کم لەبەرەی شەڕەوە دوورەو لە (دارستانی ڕەشدا) دەژیی کەلەکاتی هێرشەکانیدا بەسەریا تێدەپەڕی.

ئەم دارستانە دەریایەکی بێسنووری سەوزیی بوو، لەکاتی خۆشی کەش‌و هەوادا ترۆپکی سنەوبەرەکان کڵاوی قەشەنگی بەفریان لەسەردەنا، لەکاتی کەشی ناخۆشدا هەورێکی شین دایدەپۆشیی، دەریایەکی سەوزی پان‌و بەرین بوو؛ چرچو لۆچی شەپۆلیش ڕووی گرژ نەدەکرد، ئەوەی ئەکەوتە ئەم دارستانە شانسی هەیەو شانسیشی نیە.

شانسی هەیە چونکە ئەگەری ئەوە نیە تووشی ئەڵمانی ببێت؛ ئەڵمانیەکان هەمیشە خۆیان لەو شوێنانە جێگیردەبوون کە ئاوەدان‌و نزیک بەشەقامە گشتیەکان بن. شانسیشی نیە چونکە دەبوو ئەلکسی گەشتێک بکات -هەرچەندە دووریش بێت- بەڵام تووشی شەکەتیەکی کوشندە دەبێت؛ ڕێگایەکی چۆڵی بێیارمەتی؛ بێنان؛ بێ پەنا تەنانەت بێ قومێک ئاوی گەرم، ئەی قاچەکانی؟ ئایا دەتوانێت ڕێبکات؟ بەهێواشی هەستا بەڵام هاوارێکی قووڵی کردو ئازارێکی سەخت بەدانیشتن، ناچاری کرد، ویستی پێڵاوە ناوفەروەکەی داکەنێت ئەمەیشی بۆ نەلوا، هەموو جووڵەیەکی ئەم زامدارە هاوارێکی لێدەڕسکا، چاوەکانی لێنو قاندو دانەکانی جیڕکردەوە بەهەردوو دەستی پۆتینەکەی ڕاکێشاو بووڕایەوە؛ کە هۆشی

هاتەوە قوماشەکەی دەوری پێی لابرد؛ کۆمەڵێک گۆشتی کوتراوی داڕزیوبوو؛ قاچەکانی کەلەسەر بەفر دادەنا تۆزێک ئاقاقەی بۆدەهاتو سڕدەبوو، جارێکی تر وەک یەکێک بیەوێت دانی هەڵکێشێت ؛ پۆتینی دووەمیشی راکێشاو لایبرد، هەردوو قاچی وێران بوو، پەنجەکانی لەکاتی کەوتندا وردو خاش‌بوون.

ئەگەر حاڵی وانەبا بیری تەنانەت لەوەستانیش نەدەکرد، بەڵام ئێستا لەدارستانێکدایە لەپاشەوەی دوژمن بەتاقو تەنها، سادەترین رێکەوت دەبێتە هۆی مردنی، بۆیەکا بڕیاریدا ملی دارستان بگرێو بڕوات، نەیش‌دەبوو خۆی لەقەرەی شوێنە ئاوەدانەکان بدات.

ئەلکسی هەناسەیەکی هەڵکێشا... بەتوڕەیی هەستاو دانەکانی ریچکردەوە... نووسایە خۆیو هەنگاوی یەکەمی نا، چەند چرکەیەک وەستاو هەنگاوی دووەمیشی نا...

سەری وەک مەنجەڵ دەکوڵا، دارستانەکە لەپێش‌چاوی دەسوڕاو خلۆر دەبوو.

ئازارەکەی (**ئەلکسی**) ئێجگار سەخت بوو، ئەوەندە لێوی کرۆشتو ددانی ریچکرد دەمی خۆیناوی بوو، بەرەو خۆرهەڵاتو چەقی دارستانەکە ملی دەناو بەفری خاوی دەشێلا.

کەپای خستە سەرشەقامە رەقو بەستووەکە، ئازارە سەختەکەی زیفی لێسەندەوە، لەشوێن خۆیدا چەقیو نایتوانی هەنگاوێک بنێت، پێڵاوی داکەندو لەسەر بەفرەکە هەڵتروشکا، ملپێچەکەی لەت کردو هەردوو قاچی پێ جەڕاندو پۆتینی لێهەڵکێشایەوە.

ئێستا رۆیشتن.... بەڵێ رۆیشتن ئاسانترە، ئەم وشەیە بۆ ئەلکسی بەکارنایەت چونکە نەدەرۆیشت؛

بەڵکو زۆر بەهێدی خۆیکێش دەکرد، وەک لەقوڕدا رێ بکات... قاچەکانی بەرزدەکردەوە... چەند هەنگاوێکی دەناو خۆی دەهاویشتە سەربنکە دارێک یاکۆمەڵە بەفرێک، چکێ دەحەوایەوە، لێدانی دڵیشی هەڵدەکشاو لەزێدیی بوو، (**ئەلکسی**) بەم حاڵەوە رۆیشتو چەند قۆناغێکی

بڕی ئەم بنکی داربۆ ئەو دار بۆ ئەو کۆمەڵـە بـەفر، لەپـاش خۆشـی ورێنـەی گیانلەبەرێکیزامداری دەکێشا کە بەدارستاندا ڕاوی بنێن.

(**ئەلکسی**) بەم حاڵەوە هەتا ئێوارە ڕێگای بڕی، کەخۆر تیشـکە کفـتو نەخۆشەکانی پێچایەوە؛ تاریکی داباریە سەر ترۆپکی درەختەکـان، لەناکـاو لەنزیـک ڕێگـای نێـو دارسـتانە چڕەکـەدا دیمـەنێکی ئێجگـار سـەیری بینی..هەموو گیانی نیشتە سەر ئارەقو تووکی سەری گرژبوون.

لەو شوێنەدا ئاسەواری خەستەخانەیەکی کەوتە بەرچاو کـەلەم شـوێنەدا سـازکرابوو، دارە مەیتەکـان لەلقـی دار تـەنرابوون، بریندارەکـان لەسـەری ڕاکشـابوون، بەپەردەیـەکی تـەنکی بـەفر داپۆشـرابوون، لەیەکـەم سـەرنجدا تێگەیشت کەئەو بریندارانە پسـپۆرو شـارەزایەک بەچەقۆیـەکی تیـژ سـەری بڕیـونو سەریشـی بـە پشـتا خسـتوون گوایـا بەچـاوی خۆیـان ببینـن چـی دەقەومێت!!.

(**ئەلکسی**) کچۆڵەیەکی ناسکی برینپێچی دیی لەپاڵ درەختێکا لە نزیـک سـەربازێکی سـوپای سـووردا کـەوتبوو، سـەربازەکە سـەری لەسـەر ڕانـی دانا بوو،بەفر نیوەی داپۆشی بوون، کـڵاوی سـەری کچەکـە لەژێـرەوە بەپـەت بەسترابوو، چەقۆیەکی بریسکەدار لەسنگیا چەقیبوو،...

سـەربازێکی هیتلەریـش بـەجلی تایبـەتی (گـاردی ڕەش)ەوە لەپـاڵ سەربازێکی سووردا کەوتبوو، ئەم دوانە دەستیان لەئەوکی یەکتردابوو گوایە یەکتریان دەخنکان!!.

(**ئەلکسی**) وێنەکەی بەم جۆرە خوێندەوە:-

کابرای ئەڵمانی کوشتنی دیلەکانی پێ سـپێرابوو، لەوکاتـەدا کـە کچۆڵـە برینپێچەکەی داگرتەوە؛ لەو کاتەدا بریندارێکی سۆڤیەتی کەهێشتا نەمردبوو شاڵاوی بۆ هێنـاو دواهـێزی کـاتی گیـاندانی بـۆ کۆکـردەوە، ئـەو جانـەوەرە تاوانبارەی خنکاند. ئەلکسی بۆ چەند ساتێک ڕاماو چووە نزیـک کچۆڵەکـە، چەقۆکـەی لەسـنگی دەرهێنـا، وەک چـەقۆی جەرمەنەکـان بـوو، دەسـکی (SS)و ئـەم رسـتەیەی لەسـەر هەڵکـەنرابوو (هـەموو شـتێک لەپێنـاوی ئەڵمانیـادا). پشـتێنی چـەرمی ئەڵمانیەکـەی کـردەوە چەقۆکەیشـی پیـا هەڵواسیی. لەبـەر خۆیـەوە دەیگـوت (لەم سـەفەرەدا ئـەم چەکـە بـۆ مـن

باشه )، پارچەچادری لەژێر بەفر ڕاکێشاو کچۆڵەکەی پێداپۆشـی بڕێک لقـه سنەوبەریشی لەسەر بڵاوکردەوە.

لەم کاتەدا تاریکی داباریە سروشتو تیشکی ئێوارانی سەر درەختەکـانی لوولئەدا، چەمەکەیش لەتاریکیدا نووقم بـوو، شنە بایش بەسەر ترۆپکی درەختەکاندا دەگەڕاو سەردانی ئاسایی خۆی دەکرد.

دارستانەکە پڕبوو لەژاوەژاوو ئاوازی هەمـەجۆر، لەلایـەک ئـاوازی ( داڵ و تاقتاقکەرە ) بوو؛ لەلایەک ئاوازێکی پچڕپچڕی خەمگینی بولبول و چۆلەکە.
( **ئەلکسی** ) خـەڵکی شـاری(کمیشـن ) بـوو، دەگـەڕا بـۆ شـوێنێک تیـا بحەوێتەوە، ئاگرێکی نەکردەوە، کـە تـاریکیو ئـازاری سـەختی قـاچی لێـی ورووژان بەخۆیدا ڕانەپەڕموو داریش گردبکاتەوە.

پەنای بردە بەر لقوپۆپـی سـنەوبەرەکانو دانیشـت، دەمووچـاوی لە دوو توێی دوو ئەژنۆیدا حەشارداو بەهەناسە خۆی گـەرم کـردەوە، پاشـان خۆی خزاندە پەنا تاوێرێکی سەختو نشێو؛ بەو نیازەی لەوێدا تێر بحەوێتەوە.

هاوکات لەگەڵ یەکەم تیشکی شەفەقی بلووریندا لەخەو ڕاپەڕی، هێشـتا تارمـایی درەختەکـان لەکۆتـی تـاریکیو بەسـتن دابـوون؛ ئەلکســی بەئاگـا هاتەوە، لەبەرگیەوە هەتا ئێسقانی. هەستی بەزوقم دەکرد. فرەی نەخایـاند لەرزێک گرتیو ئەوەندە بەتەوژم بوو کۆنترۆڵی خۆی پێنەدەکرا، لەهەمووی سـامناکترو ناخۆشـتر ئـازاری قاچەکـانیو دەبـێ نەیشوەسـتێو بـڕوات لەسـەری. بەوحاڵەیشـەوە پـڕی دایـە خـۆیو یەکسـەر هەسـتاو پووتـە فەروەکانی داکەند؛ وادیارە کات بەلای ئەلکسییەوە زۆر بەنرخە.

ئازارەکانی ئەلکسی زۆرنو خەمێکی دیـی سـەرباری خەمـان بووئـەویش ئازاری برسیەتی، دوێنێ لەوکاتەدا بەپارچـە چـادر کچۆڵەکـەی دادەپۆشـی؛ تورەکەیـەکی خـامی دیـی نیشـانەی خـاچی سـووری پێوەبـوو، بـەدەمی تورەکەکـەدا نـان کـەوتبوو، بـاڵندەو مـێرووە گچکەکـان کێشـەی خۆیـان لێکردبوو، دوێنێ دەستی لەو توورەکەیە وەرنەداوگوێی نەدایە؛ بەڵام ئێسـتا کەوتە پشـکنینیو ئـەم شتانەی تیادیـەوە:- چـەپکێ شمـەکی برینپێچی، قوتوویـەکی خـواردن، ئاوێنەیـەکی گچکـەو بڕێـک نامـە، ئاسـەواری نـانو

بسکویتیش دەبینرا بەڵام گیانلەبەرێک مشک ئاسا خۆی لێداوەو قرتەی لێبڕیوە.

شمەکی برینپێچی‌و قو تووە خواردنەکەی ئاخنیە گیرفانی‌و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:- (ئەی قوربانیە ئازیزەکە زۆر سوپاست دەکەم)، بەهەنگاوی کورت و هێمنانە ڕێگای گرتەبەر (**ئەلکسی**) ئێستا کیلۆیەک خواردنی قو تووی هەیە، بڕیاری داکە ڕۆژانە لەنیوەڕۆدا یەکجار نانبخوات.

(**ئەلکسی**) کەوتە تاووتۆ کردنی کاتو ماوەو حیساباتی خۆی:- ئەگەر ڕۆژانە ١٠-١٢کم بڕوات دەتوانێت لە ٣-٤ ڕۆژدا بگاتەوە هاوڕێکانی.

ئەگەر باشترو ڕوونتر لەبارو دۆخەکەی وردبێتەوە بۆی ڕوون دەبێتەوە کە چڕەنجو ئازارێک لەپێشیدایەو خۆی بۆ مەڵاس داوە!! ئەو کیلۆمەترانەی چەندەو چۆنە... دیارە کیلۆمەترێک ٢٠٠٠ هەنگاوەو ١٠ کیلۆمەتریش ٢٠هەزار هەنگاوە، دیارە ئەمە بۆ (**ئەلکسی**) ئاسان نیە لەکاتێکدا دەبێت لەپاش بڕینی هەموو ٥٠٠-٦٠٠ هەنگاوێک پشوویەک بداتو چکێک بحەوێتەوە!!

لەئەنجامدا بڕیاری‌دا لەپاش ڕۆیشتنی (١) هەزار هەنگاو ٥ دەقیقە پشوو‌بداتو سەعاتەکەی دەستیشی شاهد بێت. بەم جۆرە دەتوانێت بەیانی تا خۆرئاوا خۆی بڕەتێنێ‌و بڕواو ١٠کم ببڕێت.

چەندە هەزار هەنگاوی یەکەم سەخت بوو هێندەش حساب کردنی دەقیقە و کاتەکان سەخت بوو؛ بەڕادەیەک ئازاری قاچیشی وە بیر نە دەهات؛ ئازار ژماردنی پێنج سەد هەنگاوی یەکەمی لێ شێواند

بەڵام نەوەستا و هەزار هەنگاوی تەواو کرد و داڕمایە سەر زەوی، بە سەر خۆیدا کۆنترۆڵی نەما، پەیتا پەیتا بەفری بە ستووی دەقە پاند و تەوێڵ و کوڵمەکانی بە توندی تێوەر ئەدا، بەم شێوەیە چکێ لە شەکەتی و ئازاری شکا.

لەسەعاتەکەی دەستی ڕاما، پەشۆکا و دیی چرکە ژمێری دەقیقەی پێنجەم، خێرا دەڕوات بۆیە لە ناکاو ڕاپەڕی و هەستایە سەر پا، ئاخێکی قووڵی تاڵی هەڵکێشا و ملی‌ڕێگای گرتەوە.

کە تیشکی زێرینی خۆری نیوەڕۆ دابارییە سەر سێبەری دارستانەکە؛ (**ئەلکسی**) قۆناخی پێنجەمی تەواو کرد بوو دارمایە سەر بەفری ناوەڕاستی شەقامەکە، توانای ئەوەی نەبوو بگاتە بنکی ئەو درەختە گەورەی کە هەنگاوێک لێی دووربوو. ماوەیەکی درێژ دانیشت شانەکانی داتەپی بوون، نەی دەبیست و نەی دەدیی و تەنانەت هەستی بە برسێتیش نە دەکرد.

ئەم جارە کە بڕیاری ڕۆیشتنی دایەوە دوو لق چناری بڕی و کردی بە دارشەق، چونکە سەعات بە سەعات ڕۆیشتنی سەخت تر دەبوو.

لە ڕۆژی سێیەمدا ڕووداوی چاوە نۆڕ نەکراوی تیا هەیە. (**ئەلکسی**) لە گەڵ یەکەم تیشکی خۆردا بە دەم لەرز و تاوە بە ئاگا هات، دەستێکی لە گیرفانەکانی وەردا و هەستی بە چەرخێک کرد کە (بواری) میکانیکی فڕۆکە لە قاوغە فیشەکێک بۆی دروست کرد بوو، هەتا ئەم کاتەیش بیری لە ئاگر کردنەوە نەکردبوو بگرە بە پێویستیشی نەدەزانی، بڕێک چیلکە ووشکی سنەوبەری کۆکردەوە و ئاگری دا، لە ژێر زەردە دوکەڵیش مەشخەڵانی ئاگر کڵپەی سەند و داری ووشکی کە تیراویی بە خێرایی سووتا و دامرکایەوە.

(**ئەلکسی**) هەستی بەوە دەکرد کە کراوە و کەیف خۆشە، بڕێک نامەی پوواو و چرچو لۆچی لە گیرفان دەرهێنا؛ هەموویان یەک دەستخە تبوون و بە خڕی و پوختی نوسرابوون. لە نامەیەکدا وێنەی کچۆڵەیەکی ڕووخۆشی دەرهێنا کە کراسێکی گوڵداری لە بەردایە وەک کیژانی تورک لە نێو سەوزە گیادا لەنجە دەکات.

بە درێژی لێی ڕاما و خستیەوە زەرفەکەی. ماوەیەکی درێژیش زەرفەکەی لە مست دا بوو خەون و خەیاڵ دایگرتبوو، لە ئەنجامیشدا زەرفەکەی خستەوە گیرفانی.

(ئازابە.. ئازا، هەموو شتێک بە باشی دەڕوات!!)

ئەوها لە گەڵ خۆی یا لە گەڵ کیژۆڵەکە دەدوا، چەند جارێک ئەمەی دووپات کردەوە و چوو بە خەیاڵدا.

چەند جووڵانێکی ئاسایی کرد و پۆتینە فەروەکەی داکەند، سارگی و لۆکەی کردەوە، بە ووردی کەوتە چەوتە و شیرەیقاچی، ئاوسان زیادی کرد بوو، پەنجەکانی لە یەکتری دوور کەوتبوون، وەک مەشکە فوو درابوون، رەنگی قاچی رەشباو دەبوو.. لە رۆژی پێشوو تاریکتر بوو. (**ئەلکسی**)، هەناسەیەکی هەڵکێشا و ماڵئاوایی لە ئاگرە کوژاوەکەی کرد و ملی رێگای گرتەوە. جووت دارشەقەکەی بە سەر بەفردا خرچەی دەهات، لە تاو ئازار لێوەکانی دەکرۆشت و بەین بەین لە هۆش دەچوو.

لە نێو هەزارەها دەنگی نێو دارستاندا لە ناکاو دەنگی سەیارەی کەوتە بەر گوێ، تۆ بڵێی شەکەتبوون ئەو دەنگانەی خوڵقاند بێ و مێشکی دەنگ بداتەوە؟ هەناسەی لە خۆی بڕی و گوتی نەخێر.... بە روونی دەنگەکە دیارە؛ بێ گومان سەیارەی ئەڵمانەکانە هاتوو چۆ دەکات، خوێن ئەوەندەی نەمابوو لە دەمارەکانی (**ئەلکسی**) دابمەیەت.

ترس ئەوەندەی تر وزەی پێ بەخشی، لە رێگای گشتی دووری خستەوە، خۆی خزانە بێشە گچکە و چڕەکان، لەو بێشانەدا سێبەری درەختەکان چڕ و پڕ تر بوون، لە سەر بەفر تەخت خۆی دا بە زەویدا، لە شوێنێکی ئەوهادا لە شەقامەکەوە کەس ئەو نابینێت، بەڵام ئەو هەموو شت دەبینێت بە تایبەتی تیشکی خۆری نیوەڕۆ ئەوەندەی تر کارەکەی ئاسان تر دەکرد. دەنگەکان تا دێت نزیک دەبنەوە، (**ئەلکسی**) بیری لە شوێن پێکانی خۆی دەکردەوە؛ دەترسا بۆ دوژمن ئاشکرا ببن. بەڵام هەرچیەک بێت کات نەماوە لە توانایدا نیە زۆر دوور بکەوێتەوە، کە هاڕەی مەکینە نزیک کەوتەوە ئەوەندەی تر خۆی بە بەفرەوە دەنووساند، سەیارە تانگەکە لە شوێن پێکان نزیک بوو، فزەی لە خۆی بڕی ئەویش ڕۆیشت و هەستی بە هیچ نەکرد، سەیارەیەکی تری سەر بەتاڵ تێپەڕی و لە پاڵ شۆفێرەکەیدا کاسکێت بە سەرێک دانیشتبوو، دەم و لووتی نوقمی فەروەی قاوەیی کرد بوو، خانی پاشیش چەند کەسێکی رەشاش بە دەست تیا دانیشتبوون؛ پاڵتۆکانی بەریان بۆر و چڵکن بوون فرەی نەبرد سەیارەیەکی قەبەی تر وەدەرکەوت، بە لووتی بەرزەوە گرمە و هاڕەی دەهات (١٥) ئەڵمانی شەپقە لە سەری تیا بوو لە شوێنەکانیان دەلەرینەوە. تێکڕای ئەم سەیارانە زۆر لە (**ئەلکسی**)یەوە نزیک بوون؛ تەنانەت بڕێ لە دووکەڵیشی بە نسیب

بوو، زۆری نەخایان دوور کەوتەوە و چەرە دوکەڵیش لەو ناوچەیە رەوی کرد، کە دەنگی سەیارەکان لە ناوچەکە برا، ملی رێگای گرتەوە بەر و بەرچەی تایەکاندا رێگای دەبرپی، بەلام ئەمجارە ئێجگار هۆشیارانە دەرۆیشت، وەک ئەو کەسەی جانەوەرێکی خوێن رێژ خۆی بۆ مەلاس دابێت مامەڵەی دەکرد، لە بەر خۆیەوە دەخەنی و دەیگوت:- ئەڵمانەکان لەم شوێنەدا هەرگیز ناحەوێنەوە، ئەم زەویەزەوت کراوە رژدە و میوان داریان ناکات، لەم دارستانە چۆڵەدا سێ رۆژە وورتەی مرۆڤێکی لێ نابیسترێ، فەرماندەیەکیان بە بێ حیمایەوە حەرەسێکی قەبەزاتی ئەوەی نیە پێییدا گوزەر بکات (ئازا بە ئازا هەموو شتێک بە دڵی تۆیە)! (**ئەلکسی**) لە بەر خۆیەوە ئەمەی دەگوتەوە، بە زۆر خۆی کێش دەکرد و ئازاری قاچەکانیشی پشت گوێ دەخست هەرچەندە بەردەوام توانای لەشی دادە بەزی و پشت گوێی دەخست؛ بەلام گەدەی فریوی نەخوارد و نەخەڵەتا، ئەوێک توێکڵی سنەو بەر و، یا بەرە تاڵی سوورە چنار بتروکێنێ و بمژێت چۆن ناپوکێت و دانە بەزێت؟!

لە خۆرئاوادا بە هەناسە برکێ توانی قۆناغی شەشەم ببرێت، لە ئێوارەدا ئاگرێکی مەشخەلان لە لقە ووشکیسنەوبەرێ تاو بدا، لە بەردەم ئاگرەکەدا و لە تەنیشت بەفرەوە لێی راکشا، خۆی ئەم دیودەکرد و دەبرژاندەوە، بەین بەین بە ئاگا دەهات و لقێ داری دەخستە گەرووی ئاگرەکە... ئەو ئاگرەی هێدی هێدی دەسووتا، لە شەفەقدا تەمی چڕ و ئەستوور ئەم زەویە کپەی دا ئەپۆشی، وای دەزانی لەودیو هاژەی درەختەکان و زریانی بەفرەوە:- شەرێکی خوێناویە..هارەی رێژنەی گوللەیە.. تۆ بێژیی هێڵی جەبهە بێت.. تۆ بلێی بەم خێراییە؟

ئەو بەیانیە شنە با تەمی چڕی پەرت و بلاو کردەوە، ترۆپکی درەختەکان لە تیشکی خۆردا دەبریسکانەوە...، پۆلە چۆلەکەیش دەیان جریواند و گۆرانیان دەگوت، کەیفیان خۆشە، سروشتیش گۆڕاوە و هەستی بەهاری تێزاوە، (**ئەلکسی**) گوێی هەڵخست نرکە و ناڵەی تۆپخانە نەکەوتە بەر گوێی. بەفر لە درەختەکان ئاپوورەیان دەکرد و هەڵمیان لێ هەڵدەستا و دەبریسکانەوە، تنوک تنوک دەبارینە سەر زەوی، ئەم بەیانییە بۆ یەکەم

جار ڕەهێڵەی مژدەیە... مژدەی بەهاریە!! کە (**ئەلکسی**) ملی ڕێگای گرتەوە بەر زۆر نائومێد بوو، ڕەشەبای شەوی پێشوو ڕێگاکەی بە بەفر ئاخنی بوو، جگە لە بەفریش بەین بەینی پڕ کرد بوو لە لق و کۆتەرە داری هەمە چەشن و هەمە قەبارە.

تیشکدانەوەی خۆر لە سەر بەفرە شینباوەکان ئازاری چاویان ئەدا،کەدارشەقەکان لە بەفردا نوقم دەبوون قاچەکانی (**ئەلکسی**) هەڵ دەواسران و زۆرتر شەکەت دەبوون. لە نیوەڕۆدا سێبەر دارڕژاو بنە داری پڕ کرد لە پەڵەی ڕەش، خۆریش لە ترۆپکی درەختەکانەوە چاو شارکێی لە شەقامەکە دەکرد (**ئەلکسی**)یش (١٥٠٠) هەنگاو زیاتر نەڕۆیشتبوو، ئێجگار شەکەت بوو، هەموو هەنگاوێک ئیرادە و هێزێکی زۆری دەویست، لە ڕۆیشتن دوادەکەوت و زەوی لە ژێر پێی نرکەی دەهات، ماوەیەک دەکەوت و جووڵەی نەدەکرد، لە پاشدا هەڵ دەسا و چەند هەنگاوێکی دەنا بەم شێوەیە وەنەوز پەل و پۆیان بەست، حەزی دەکرد ماوەیەک بخەوێت، جووڵە نەکا و بیریش لە هیچ شتێک نەکاتەوە... چیش دەبێت با ببێت!! (**ئەلکسی**) هەست دەکات دواژەم و دوا پارویەتی، ئیدی چ شتێک نیە لە شوێنی خۆی بجوڵێت، لەدەور و بەری خۆی کەمێک ڕاما، نەمامە سنەوبەرێکی کورتی لەو بەر ڕێگاکەوە بەدی کرد، ئەم بیرۆکەیە هات بە بیریا:-

نەمامەکە دەبڕێ و دارشەقێکی لێ دروست دەکات، سەرێکی نەمامەکە (٧) ئاسا بێت دارشەقەکە فڕێ ئەدا بۆ پێشەوە، چەناگەی دەخاتە نێوان هەردوو لق و هەموو قورسایی لەشی دەخاتە سەری، پاشان قاچەکانی بۆ پێشەوە فڕێ ئەدا، بە سەر ئەژنۆیدا نووشتایەوە، بە خەنجەرە تیژەکەی نەمامەکەی بڕی، بە دەسرۆک و پارچەی برین پێچ بەینی دوو لقەکەی پێچا، کەوتەوە ڕۆیشتن، بەشێوەی سەرەوە هەنگاوی یەکەم و دووەمی نایەوە، دیسانەوە کەوتەوە ژماردنی هەنگاوەکان و بڕینی قۆناغە نوێکان.

ئێستا (**ئەلکسی**) تێگەیشت کە دەنگی ئەو شەڕە گەرمەی حەوت ڕۆژ لەمەوپێش دەیبیست لە کوێوە هاتبوو؟ ئەو شەقامەی جەرگی دارستانەکەی دەبڕی ئێستا بەفرەکەی دەتوێتەوە، ئەمیش خۆی کێش دەکا و دەوەستێ و هێز کۆدەکاتەوە، ئیتر بەهار لە دوورەوە بزە نایگرێ و؛

بەڵکو خۆی دەکێشێتە دارستانەکە پڕی دەکات لەفەڕو هەوای خۆش‌و تیشکی گەرم؛ ئەو تیشکەی بەفر لەبەرزاییەکانی زەوی ڕاودەنێ، قەلەرەشیش لە ئێوارەدا خەمبارانە دەقیرێنێت، بەفرەکە کەدەتوانەوە شانە هەنگیان وێنە دەکێشا، بەفریش شڵقەی تێکەوت، وڵماوی لاپاڵ‌و کەژو کۆسار لرفەی دێت وهەموو شتێکی زیندوو کەوتە گەشەو بوژانەوە (ئەلکس)یش کە منداڵیش بوو ئەم کەشەی خۆش دەویست ئێستایش زۆنگاوەکان دەبڕێ قاچە نەخۆش‌و پڕ ئازارەکانی بە برسێتی‌و شەکەتی‌کێش دەکات.

چڵێسانە بۆنی بەهاری دەنۆشی‌و هێدی هێدی بەرەو خۆرهەڵات ملی دەنا، لەلۆفەیەکی تەسکی لای چەپدا (**ئەلکسی**) لەپڕ داچڵەکی، دوو لقی ئێجگار گەورە شەقامەکەی لەڕووی سەیارە ئەڵمانیەکان داخستبوو، سەیارەکانیش تێکشکاون ژیانیان تیا نەماوە، سەیارە تانکەکانیش لەبەردەم لقە دارەکاندا وەستاون، ڕەنگیان نەسپی‌یەو نەکونجە بەڵکوو سورێکی ئەرخەوانی‌یە، کەوتۆتە سەر (ویل‌و) تایەکانی‌و هەیکەلیشی سوتاون، سەنگەرەکەی پەرپوەتە لای درەختێک، سێ لاشە بەچاکەتی ڕەشی کورت و چەورەوەکەوتبوون. دوو گاردەکەی دییش خڵتانی خوێنن، وورگ‌و ریخۆڵەیان ڕەش داگەڕاون دیارە لەو کاتەدا سەریان لێ شێواوەو پەرت‌و بڵاو بوون، پێدەچێت لەکاتی گەردەلوولی بەفردا مردنیش لەبنی هەموو درەختێکەوە شالاوی بۆ هێنابن.

ئەفسەرەکە جلی سەوزو بێ‌کراس‌بوو، بەدرەختێکەوە شەکەت درابوو، بەسەری جلەکانەوە ئەم کارتە هەڵواسرابوو.

(هەرکەس چی بوێت تووشی دەبێت) لە دامێنیشەوە ئەم دوو وشەیە نووسرابوو:- (سەگێک‌و سەگەلێک).

(**ئەلکسی**) بەوردی لەمەیدانی شەڕەکە ڕاماو دەگەڕا بەشوێن نانێکدا، پارچەیەکی بۆگەنی دۆزیی کەپێڵاو نوقمی بەفری کردبوو، باڵندەکانیش بەشی خۆیان لێکێشەکردبوو.

(**ئەلکسی**) نانەکەی لوولدایە کەپووی، لەدەمیا چێژو بۆنێکی خۆشی بوو، حەزی لەوەبوو بەزوویی بی‌جوێ‌و ڕەوانەی گەدەی بکات، ئەویش

بـەهێمنیو لەسـەرخۆ چێـژی خـۆی وەربگـرێو هەرسـی بکـات، بـەڵام دەستکەوتەکەی کرد بە سێ بەشەوە دوو بەشی خزاندە گیرفانیو بەشێکی رەوانەی کەپووی کرد، بەهێواشی دەیکرماندو چێژی لێوەردەگرت دیسان (**ئەلکسی**) لەشەپگەکە کەوتە رامان، لەناکاو ئەمەی هات بەخەیاڵدا:- پێدەچێت گەریلاکان دوور نەبن بەهەردوو دەستی بلندگۆیەکی سازکرد، بەهەموو هێزی قیراندی:- ئەی هاورێیانی پێشمەرگە لەکوێن.... لەکوێن؟ لەجارِدانو هاوار بەردەوام بوو هەتا دەنگی نووساو کزبوو لەئەنجامدا لەوە گەیشت کەئەوان چالاکی خۆیان ئەنجامداوە، چەپاوو تالانی خۆیان بردووەو بەپەلەیش گەراونەتەوە؛ هەقیش نیە لەم چۆڵەدا بمێننەوە. بەهێواش بوو.موعجیزەیەک بێتە کایە، لەم چۆمو بێشەیە ئەو پاڵەوانە رێشدارانە وەدەرکەون، ئەو پیاوانەی چیرۆکی ئازایەتیان لەهەموو لایەک دەبیستری، بەدەستو بازووی تۆکمەیان هەڵی بگرنو ببەنە شوێنی گەرمو تێر بحەوێتەوە، بەڵام دارستانەکە جگە لەدەنگدانەوە وەڵامێکی دیئەبوو.

لەناکاو چەند تەقەیەکی وێڵی رەق خۆی کرد بەگوێچکەیدا، تەقەکان بەروونی نەدەبیسترا بەشکم ئەمە خوایە ژاوەی مێشکی ماندووی بێت، گوێچکەی هەڵخستو دەزرنگایەوە، دەنگێک ئەهاتە گوێی پێی ئاشنابوو، دەنگی برادەرێکی خۆی بوو لەم دارستانە خەمبارەوە بانگی دەکات. بڕوای نەدەکرد، ماوەیەکی زۆر دانیشتو ملی لێ درێژ کرد، دەرکەوت (**ئەلکسی**) هەڵە نەبوو شنەبای خۆرهەڵات هەڵمی کردوو گرمەو ناڵەی تۆپخانەبوو دەهاتەبەر گوێی، دەنگەکان روونبوون،رێژنەی تۆپ بوو نەک پچڕپچڕ، وادیاربوو هێزی (یفۆ) سەنگەرە سەختەکان لەخۆیان هەراسان دەکرد، بۆیە - تۆپبارانەکە ئێجگار سەختو بەردەوام بوو، دەتگوت کۆمەڵە ئاسنەو دەرووخێت؛ یابە چەکوشی دارچنار بەرمیل دەکوتن! دیاربوو شەرە تۆپ زۆر گەرمە؛ شەرگەو جەبهەکەیش (١٠) کیلۆمەترێک لە (**ئەلکسی**)یەوە دوورە.

ئەشکی خۆشیی رژایە سەر کولمەکانی، نیگایەکی بۆ خۆرهەڵات کرد، دەشتێکی پانو بەرین لەبەردەمیا کشابوو، لەم دەشتەیشەوە بانگی بیست، شوێنپێی دوورو درێژی پێشمەرگەکانیش لەسەر بەفر بەرەو خۆرهەڵات دەرۆن.

(**ئەلکسی**) دارشەقەکەی چەقاندەوە زەوی، لەشەقامەکە دوور کەوتەوە، دەستی کرد بەرچەشکاندنی بەفر.

ئەو ڕۆژە (١٥٠) هەنگاو زیاتری نەبڕی، شەو داباریو پەنای بۆبنکی درەختێکی ووشک برد، کۆمەڵێک چیلکەی کۆکردەوەو چەرخی بۆ دەرهێناو چەند فوویەکی پیاکرد، بەڵام بێسوود بوو، تەنانەت چەخماخەی بەردەکەیش وەک هیوا دوورەکەی کزبوو.

(**ئەلکسی**) لەسەردەم خۆی کێشکردوو گەیشتە بێشەڵانێکی چڕی سنەوبەر؛ بن دارێکی کرد بەئارامگاو پاڵتۆکەی دابەسەر قاچەکانیا، هەرچەند ناڵەی تۆپ دەنگی ئەدایەوە ئەم خۆی لێ مت دەکرد. بەیانی کە هەستاله خەو پەشۆکابوو:- چی ڕووی داوە، تۆ بڵێی ئەمیش گیرودەی خەوێکی ناخۆش بوو بێ؟ چەرخەکەی دوێنێ شەوی هاتەوە یاد، وەلێ ئێستا خۆر تیشکیگەرم و گوڕی بە گەردووندا پەخش دەکا و بەڕووی بەفرو و نەمامە سنەوبەرەکاندا پێدەکەنێت؛ ئیدی لەمەودوا چەرخ و نەمانی نەوت کارەساتێکی گەورە نیە. ئێستا لەوە خرا پتر قەوماوە: (**ئەلکسی**) لە ناکاو ناتوانێت هەستێ، چەند جارێک ئەژنەکی دابە خۆی و سەرنەکەوت، دارشەقەکانی شکا و لە سەر بەفر وەک کیسەی بەتاڵ ڕەهێل بوو. لە سەر پشتی وەرچەرخا و ئەندامە سڕ بووەکانی راست کردەوە. چاوی بڕیە شینایی بێ سنوری ئاسمان؛ ئەو ئاسمانەی پڕ بوو لە راوڕاوێنی هەورەکان و شۆڕ بوونەوەیان، ئەندامەکانی لەشی مێروولەیان تێکەوتەوە بەڵام قاچەکانی گوێ ڕایەڵی (**ئەلکسی**) نەبوون، دیسان هەوڵی دا هەستێ؛ لە سەرەتادا سەرکەوتوو بوو؛ بەڵام کە بەرەو درەختەکان هەنگاوی نا؛ ئازاری ئێجگار سەختی قاچەکانی دایروخاندەوە، نرکەی بەردەوامی تۆپخانەیش ورەی بۆ گێڕایەوە، بانگی دەکات لەم ناوە دوور کەوێت، بۆیەکا وەک گیان لە بەرانی دی بە چوار پەل خۆیان کێش دەکرد، لە سەرەتاوە حەزی لە هاڕڕە و نرکەی شەڕ بوو؛ موگناتیس و سیحر ئاسا ڕایان دەکێشا، ئێستا وورده وورده هەست دەکا ڕێگا بڕین بەو شێوەیە ئاسان تر و خێراترە و بگرە ئازاری قاچیشی کەمترە، هەستیشی دەکرد ئێجگار دڵ خۆش و ورە بەرزە بەرادەیەک وەک لە گەڵ یەکێکی دیدا بدوێ و لەم سەفەرە خەتەرناکە دڵنیا نەبێت گوتی:-

خۆشەویستم ئازابە.. ئازا هەموو شتێک بە دڵی تۆیە! لە کۆتایی قۆناغێکی ڕۆیشتندا دەستەکانی سڕ بوو دەیخستە بندەستی و گەرمی دەکردنەوە بۆلای درەختێکی (سەندەل) خۆی کێش کرد، پێستەکەی لێ داماڵی و نینۆکیشی خوێناوی بوو، بە دوو لەپی دەستی تۆێکڵەکەی کرد بە دووبەش، پێڵاوەکانی لێ داکەند و لەپەڕۆ و سارغی سەر برینەکەی چەند پارچەیەکی لێ داماڵی، توێکڵە دارەکەی بەو پارچەانە بەست بە لەپی، بەم جۆرە بۆ دەستەکانی پێڵاوی ساز کرد و ئازاری سەرزەوی لێ کەم کردنەوە، بەو شێوەیە (**ئەلکسی**) بە ئاسانی تر و کەم ئازارتر ملی دەنا و دەڕۆیشت. لە قۆناغی دووەمدا بە توێکڵە دار بۆ ئەژنۆکانی پێڵاوی ساز کرد، لە نزیک نیوەڕۆدا (**ئەلکسی**) چەند هەنگاوێکی باشی نا. تۆ بڵێی نزیک بێ لە جەبهەوە یان فریودانی گوێچکەیە؟ بەردەوام تۆپ باران زۆردەبوو. هەوایش بەرادەیەک گەرم بوو قۆپچەکانی ترازان وا دیارە بەختی بۆی دەشنێت؛ ئەوەتا کۆمەڵێک کاغەز لە شکڵی تۆپ دا کەوتە پێش چاوی، کەوتبووە بێشەیەکی چڕو زەبەنگ، کە دەستی لێدا ڕەق و گران بوو؛ جووڵەی نەدەکرد؛ کە دەستی لێدا دڕکی پیا چەقی و خوێناوی بوو، توومەز ئەمە سووچەرێکی گەورەی پیرە و خۆی لەناو کاغەزا پێچاوەتەوە، لە خەوی زستانەیدا نوقمە. (**ئەلکسی**) لە خۆشیانا وەک شێتی لێ هاتبوو، لە کاتی ئێشدا شەیدای ڕاو کردنی باڵندە و گیان لە بەرێک بوو، زۆر جار دەمانچەی لە باڵندەی دارستانەکە هەڵ دەکێشا، بەڵام هەموو جارێکیش لەو حەزە پەشیمان دەبوو؛ چونکە تەنها (٣) فیشەکی تیا بوو:- دوانی بۆ دوژمن یەکێکی ئەگەر پێویست بوو خۆی پێ دەکوژێت، کەواتە خۆی ناخاتە مەترسی و دەمانچەکەی دەخستەوە شوێن خۆی ئەوە تا ئێستا گۆشتی لە ئاسمان بۆ باریوە بێ گوێدانە ئەو هەڵە باوەی کە دەڵێت گۆشتی سووچەر پاک نیە، سووچەرەکەی هەڵ گرت و بە چەقۆ کوشتی، پاکی کردوو ناو سکی دەرهێنا، ئەو گۆشتە سپی و تۆکمەی پاکا و داو قرتەی لێ بڕی ئەوەنەش ووردە ئێسقانی دا کرۆشت بۆنی سەگی لێدەهات، بۆنی هەرچییەکی لێبێت خۆ ئەم ئێجگار بەختیارە و کۆ ئەندامی لەشی هەستی بە پڕ بوونی گەدەی دەکات! دیسان کەوتەوە ڕۆیشتن و خۆ کێش کردن.. ڕۆژێک و دووسێ، هەست بە کاتیش ناکات، ئەوەی لەبەردەمیا هەیە تەنها خۆشەکەت کردنە بەس، ناوە ناویش سەر خەوێکی دەشکاند، بەرەو خۆر

هەڵات بە توندی خۆی کێش دەکرد وێرای ئـەو کاتانـەی تووشـی درەختێک یان لقە دارێک دەهات؛ هەستی بەڕۆیشتنی نەدەکرد، لەو کاتانـەدا بـە دەمـا کەوتە بەفری شلەقاو، هەموو ویست و بیری لەم ووشانەدا چەقی بەستبوو:-

خۆ کێش کردن بۆ پێشەوە.

(**ئەلکسی**) ئـەو شـەوەلە چـاڵێکدا دەژیـا، بـەردەوام توانـای لەشـی دادەبەزیی؛ بەرادەیەک توانایی جوین و مژینی توێکڵی سنەوبەری نەمـابوو، هەمیشە بڕێک لەو توێکڵەی بۆ کاتی پێویست لە جانتاکـەی هـەڵی گرتبـوو، ئەو شەوە لە گەڵ زەویدا پێکا ئاڵا بوون و بەزۆر خۆی ترازان، دەمـوو چاوو بـەرگی بـە فربـوون، پێـش ئـەوەی خـۆی بتـەکێنێت ویسـتی لە چاڵەکـە دەرچێت، بەڵام نەیتوانی و ئێجگار ترسـا، جارێکی دیش تەکانی دایـەوە و نووچی بردەوە، لەو کاتەدا تێگەیشت خۆی توانای دەرچوونی نیە، هەستی ئەوەی کرد هێشتا گوڕی تیا ماوە و ئێجگار کە نەفت نەبووە؛ کەمێک ڕاما و کـرژ بـوو. لە پـڕا ڕاپـەڕی دەنگێکی ئاشـنا بـە گوێی بیست؛ کـە بەسـەر دارسـتانە کـەدا و لەم هـەوا سارد و شـێدارەدا گـوزەر دەکـات. دەنگەکـە ئەوەندە لاواز بوو گیانلەبەری گـوێ سـرکیش بـە هـاژەی درەختـی دەزانـی، بەڵام (**ئەلکسی**) هەستی پێ کـرد. دەنگەکـە مۆرکێکـی تایبـەتی بـوو، وای دەزانی دەنگی فرۆکەکـەی خۆیـەتی کـە نـاوی نـابوو (جاشـولکە). زیکـە و نرکەی مەکینەکەی تادەهـات نزیـک تـر دەبـوو لە پـاش تۆزێـک وەک گچکـە خاچێک لە ئاسمان وەدەر دەکەوت و بـە سسـتی دەڕۆیشـت لە هـەوردا نوقـم دەبوو؛ وەدەرکەوت، (**ئەلکسی**) ئەستێرە سوورەکانی ژێـر بـاڵی خوێنـدەوە گەیشتە نوختەی سەر (**ئەلکسی**) بۆ دوا گەڕایەوە و لە چاو بزر بـوو. بـەڵام (**ئەلکسی**) ماوەیـەکی زۆر وای دەزانـی هـاژە و زیکـەی فرۆکەیـە دەنـگ ئەداتەوە، وای دەزانی لە تەیارە خانەکەی خۆیەوە جگەرە خۆرێک دوورە، لە خۆی دەپرسـی کـام فرۆکـە وان بێـت تـۆ بڵـێی (ئەندریـە دیکتـارنکو) بـێ گەشتی بەیانیان ئەنجام بدات؟

لە چاڵە سـەهۆڵدانەکەی خـۆی سـەرنجی ئـەدا و توانـای دەربازبونیشـی نەبوو، بەڵام بە ئاسانی تەسلیمی مردن نابێ، بۆیە کە چـەقۆی لێ هەڵکێشـا و دەستی کرد بە هەڵکەندنی کوونی بچووک لە دیواری چاڵەکە، بـە خـێرایی و بەردەوام کاری دەکرد، دەستی و هەردوو ئەژنۆی خستە نێو ئەو چاڵانـەی

بە هێواشی بەرەو دەرەوە هەڵکشا گەیشتە دەمی چاڵەکە خزا وکەوتە بنکێ، ئێجگار ئێشی پێگەیشت. دەنگی مەکینەی فرۆکە لە گوێیدا شەپۆلی ئەدا دیسان کەوتەوە خۆ هەڵواسین و ئێجگاریش لە خزان دەترسا، ئەمجارەیان لە پاش هەوڵێکی بەردەوام توانی لە چاڵەکە دەربچێت، کەوتەوە خۆکێش کردن بەرەو ئەو شەقامەی فرۆکەکە رووی تێ کرد. چڕ و پڕی دارستانەکە هەتا دەهات تەنک دەبوو، شوێن پاچ و شوێن تەوری دار بڕان وەدەردەکەوت، (**ئەلکسی**) تەنها ئەوەی دەزانی کە هەتا گورێکی تیا ماوە دەبێت خۆی کێش بکا و نەوەستێ، بەین بەینیش دەبورایەوە، بە هەموو ماسولکە و ئێسقان و دەمارێکی بە سەر بەفردا بەرەو خۆرهەڵات خۆی کێشکا، (**ئەلکسی**) کە بەیانی هەستا نە ڕێگای لە بیر مابوو نە ئەو شوێنەی تیا بووە، هەموو شتێک لە تاریکی بورانەوەدا نوقم بوو، لە زەینیا چەند شتێک لە باری کۆسپەکانی ڕێگای لە بیر مابوو وەک:- بنکی ئەو درەختە ئاڵتونیەی جەوی وکەتیرەی بۆن خۆشی لێدە چۆڕا، پردە داریەکان کە لەم لاوئەولا تێک شکابوون، داری پارچە پارچە کراو و تەڵاش، پێشەوەی درەختێک بە خڕی ناوو مێژووی بۆ یادگار لە سەر هەڵ کەنراو بوو، دەنگێک دای لە گوێی و بە ئاگای هێنایەوە، تۆزێک شتەکان لە یەکدی جیا دەکاتەوە؛ ئەوەتا لە بۆشایی دارستانەکەدایە و نوقمی تیشکی خۆرە، ژێر شان و دەورو بەری پڕن لە داری بڕاو، ڕۆژی نیوەڕۆ تیشکی تێ دەگرت، بۆنی خۆشی سنەوبەر هەموو لایەکی پڕ کردووە، (میر)یش گۆرانی دەڵێ و بە دەنگی خۆی سەر خۆش بوو.

ئیدی (**ئەلکسی**) هیچ نابینێت، بەلام غەریزەیەکی حەیوانی وای پێدەگوت کە یەکێک چاوی لێ یەتی و لێی ڕاماوە... دەبێ کێ بێت؟

# 2

****

لقی درەختەکان قرچەی لێ هەستاوە (**ئەلکسی**)یش وەرگەڕاو دیی: لقی سنەوبەرەکان بە ئاسایی و وەک شەپۆلی نەسیم نـاجووڵێت وای دەزانـی لە نزیکی بە چپە قسە دەکەن، تووکی گرژ بوو. دەمانچـە ژەنگاوی لە گیرفـان دەرهێنا و بە هەردوو دەسـتی گرتـی، کـە دەنگـی ڕاکێشـانی دەمانچەکـەی بیسترا، دەرکـەوت لە دارسـتانەکە دەکشـێنەوە، ترۆپکـی درختـە گچکەکـان کەمێک جوڵان و هەموو شتێک لە بێ دە-نگیدا نوقم بوون.

ئاژەڵە... یان مرۆڤە؟ (**ئەلکسی**) ئەم پرسـیارەی لە خـۆی دەکـرد، وای دەزانی ئەم بێشە و شـەخلە دەنگێک ئـاوەدانی دەکاتـەوە؛ بـانگ دەکـات: (پیـاو... پیـاو...) ئەمـە دەنگـی (**ئەلکسی**) خۆیـەتی یـان مرۆڤێکــە بــە ڕووسی.. بەڵێ بە ڕووسی پەتی دوا، بەو ڕووسیە پەتیە لە خۆشیا گەشکەی کرد، بە بێ ئەوەی بزانێ دۆستە یان دوژمن. هەڵسایە سەر پا، وەک هوتافی سەرکەوتن هـاواری کـرد، بـەرەو دەنگـە کـە تەکـانی دا وەلێ وەک درەخـت داڕما و (**ئەلکسی**) لە هۆشی خۆی چوو، بەڵام لە ترسـانا و لە پـاش تۆزێـک ووریا بوو، دڵنیا بوو کە خەڵکانێک لە پشت درەختەکانەوە تەماشای دەکەن و لە بارەیـەوە بـە چرپـە ئـەدوێن. لە سـەر دەسـتی هەڵسـا و بـە نهێنـی دەمانچەکەی خستەوە مشت، مێشکی بە ووردیی کاری دەکرد.

کێن ئـەو پیاوانـە؟ پێدەچێـت ئـەو خەڵکانـەبن کـە ئەڵمانیەکـان بـە زۆر داریان پێدە بڕین؟ لە وانەیە ئەو ڕووسیانە بـن کـە گەمـارۆ دراوون و ئێسـتا خۆیان دەرباز کردووە، لەوانەیشە جووتیارەکان بـن؟ دڵنیـا بـوو لەوەی کـە یەکێک بەڕووسی گوتی (پیاو)، دەمانچەکە لە دەستیا دەلەرزی، بەڵام لەوە

بێ گومان بوو کە لە کاتی پێویستدا بە کاری دێنێت لە بێشەڵانەکەوە کوڕێک بانگی کرد:-

- تۆ کێیت... تۆ ئەڵمانیت؟
- یەکێکی دیی گوتی:-
- لێرە چی دەکەیت؟

(**ئەلکسی**) بە دەنگێکی لاواز و کزەوە گوتی:-

- ئەی ئێوە چی دەکەن؟

ئەم پرسیارەی (**ئەلکسی**) خەڵکانی ناو بێشەکەی شڵەژان، (چیە؟) وچرپە چرپ دەبیسترا و لقی درەختەکانیش بە بێ ترس کەوتنە جم و جۆڵ.

- ئێمە مەخەڵەتێنە! من ئەڵمانی لە دووری (٥) کیلۆمەترەوە بە بۆن دەناسمەوە ئایا تۆ ئەڵمانیت؟
- ئەی ئێوە کێن؟
- دەخلێ ئێمەت نەبێت... تۆ ئەڵمانیت یان نا؟
- من ڕووسیم!
- درۆزن خۆزگە مردبام و درۆزنم نەدیبا!
- من ڕووسیم... ڕووسی.. من فرۆکەوانم و ئەڵمانی باڵی شکاندووم.

(**ئەلکسی**) ئیدی ناترسێ و کەوتە دەست ڕووسی و سۆڤیەتەکان، ئەوانیش حەقی خۆیانە بپرسن، چونکە فێری وریایی و خۆپاراستن کراون.

(**ئەلکسی**) بۆیەکەم جار نەیتوانی نەقاچی نەدەستی بجوڵێنێت، فرمێسک ڕژایە سەر گۆنا و چاوە ڕەشە بە قوولا چووەکانی.

(**ئەلکسی**) دەیبیست ئەیان گوت:-

- بڕوانە.. بڕوانە دەگری.. بۆ دەگریی؟
- بەلام ڕووسیە و فرۆکەوانە.. نابینێ؟
- ناوی فرۆکەخانەکەت؟
- بەلام ئێوە کێن؟
- دەخلی ئێمەت نەبێت.. تۆ وەلامان بدەرەوە.

• لە فرۆکە خانەی (مونتشا لوف)م، ئەی خەڵکانی خێر خواز خۆتان وەدەرخەن و یارمەتیم بدەن. لە پشت درەختەکانەوە لە بەینی خۆیاندا بە هێواشی کەوتنەوە قسە، (ئەلکسی)یش هەندێکی لێدە بیست:-

وەک خۆی دەڵێت (مونتشا لوف)ە وە پێدەچێت ڕاستیش بکات..

ئەوەتا دەگری.

• دەمانچەکەت فڕێدە.. دەنا جێت دەهێڵین.. چیت بە سەر دێ بابێت.

(ئەلکسی) دەمانچەکەی دوور دوور فرێدا.. بێشەلانەکەی وەک گوڵ گەشایەوە.. دوو منداڵ وەک چۆلەکەی بەکەیف وەدەرکەوتن، دەستی یەکدییان بە ترسەوە گرتبوو گەورەکەیان کراسێکی ژنانەی فەروی لە بەردا بوو، شەبقەیەکی لە سەر نابوو، چاوێکی شینی ئاسمانی و قژێکی سووری کاڵ و لەش و لارێکی لاواز، تەورێکی تیژی بە دەستبوو، بە ئاشکرا پێوە دیار بوو کە لە کاتی پێویستدا ئامادەیە بی وەشێنێت.

کوڕەبچوکیان دەمووچاوی سپیو کونجبوو، لەپشت براکەی چلێسانە دەیڕووانیو دەی چرپاند:-

• دەگریی .. بەڕاستی دەگریی... چەند لاوازو فیجەرەیە ! پووکاوەیە.

کوڕەگەورەکە لەئەلکسی نزیک کەوتو بەپێلاوە زلەکەی دەمانچەکەی نوقمی بەفر کردو گوتی:-

• ئەگەر فڕۆکەوانی کوانێ ئەوراقو پێناست.. لەکوێن؟

• ئەم هەرێمە لەژێر دەسەلاتی ئێمەدایە یا ئەڵمانیەکان؟

(ئەلکسی) ئەم پرسیارەی لەسەرخۆو بەزەردەخەنەوە ئاراستەی کردن.

کوڕە گەورەکە دیبلۆماسیانە وەلامی دایەوە:-

• ئاگادارنیم.. ئەوە دەزانم ئێمە ئێستا لەم دارستانەدا دەژینو هیچی تریان بەمن نەگوتووە.

(ئەلکسی) ناچاربوو کارتە ئەستێرەدارە سوورەکەی بخاتەڕوو، ئەو کاتە ئاماژەی دەکرد کە ئەفسەرێکە لەهێزی ئاسمانی سۆڤیەتدا.. منالەکان هەستیان بەخۆشی دەکرد، چونکە ماوەیەک ناوچەکەیان لەژێر پۆستاڵی ئەڵمانیدا بوو، ئێستایش کەکارتێکی سوپای سوورو ئەفسەرێکی دەبینن وادەزانن برایەکی خۆشەویستی خۆیانە.

- سەربازە رووسەکان ماوەی (٣) رۆژە ئەم ناوچەیان بەدەستە.
- هاوڕێی فڕۆکەوان بۆ وا لاوازو چرووساویت؟
- تاوانباران لەشیان تێکشکاندی... ئەم جانەوەرانە چەند بێویژدانن.

منالەکان بەهەوەسی خۆیان چەنە بازیان کردوو بە (**ئەلکسی**)یان ڕاگەیاند کە تەنها (٥) کیلۆمەتر لەگوندەوە دوورە.

گەورەکەیان فەرمانی دا بەگچکەکان :- چەند کەسێک بۆ یارمەتی ئامادەبکەن و خۆیشی ئاگاداری بریندارەکە بێت.

ئەلمانیەکان لەمانگی تشرینی یەکەمدا لەپاش ئەوەی وەحدەیەکی بەرگری سۆڤیەتیان تێکشکاند؛ توانیان بگەنە ئەم ناوچەیە، توانیان هێلێکی بەرگری (٣٠) کیلۆمەتری ڕۆنێن، توانیان بەردەوام بکشێنو لەگوندی (بلافنی) تێپەڕنو بەرەو خۆرهەلات بکشێن، ئەم گوندە لەنزیک دەریاچەکەوە خزابوە دارستانەکە.

جوتیارەکانی (بلافنی) ژیانیان لەسەر ڕاوەماسیبوو کەلە گۆمەکانی نێو دارستانەکەدا ئەنجامیان ئەدا، وێڕای ئەمەیش داهاتێکی کەمی تریان وەدەسەت دەهێنا، گەشبین بوون کەدەستی ئەلمانیەکانیان ناگاتێ.

بەلام پاش تێپەڕبوونی فرقەی یەکەمی ئەلمانیەکان لە گوندەکە؛ سەیارە قەبەکانیان گەیشت، پڕبوون لەسەربازە جل ڕەشەکان، کلاوی سەریان وێنەی کاسە سەرو دووئێسقانی لەسەربوو، کەگەیشتنە گوندەکەوە فەرمانیان بەدانیشتوان دا کەلەماوەی (٢٤) سەعاتدا (١٥) کەسی کارامەو لێهاتوو ئامادەبکەن بۆکارکردن لەئەلمانیا بە خێرایی، ئەو (١٥) کەسە لەگەل خۆیان پۆشاکو چەتالو کەوچکو چەقۆو خواردنی (١٠) ڕۆژ ئامادە بکەن، دەنا سەختترین سزای گوندەکە ئەدەن، بارەگای کۆلخۆزیان کرد بەجێگەی ئامادەبوون، لەکاتی دیاریکراودا جگەلە ئەلمانیەکان دیارە کەسی دی ئامادە نابێت، ئەلمانیەکانیش ئەمەیان باش دەزانی، زۆری نەخایاند پیلانە گلاوەکانیان سازکردو بەئاشکرا سەرۆکی کۆلخۆزو مامۆستای باخچەی ساوایانو (١٢) جوتیاری تریان ئیعدام کرد، فەرمانی نەشاردنەوەی لاشەکانیشیان دا، لەپاش ماوەیەک ڕایانگەیاند چارەنووسی گشت گوندنشینەکان لە (٢٤) سەعاتدا ئەگەر مەرج ئەنجام نەدەن هەمان چارەنووسیان دەبێت دیارە خۆبەخت کەرو متطوعێک نەهاتە پێش،

کەنازیيەکان لەبەيانیدا کەوتنە گوندەکە سێبەرێکی سۆڤێتی‌یان چنگ نەکەوت لەشەوێکی تەمو مژی ئەنگوستەچاوی زستاندا:-

ژنو پیاوو منداڵو زەویو زەخیرەو ماڵی چەند ساڵەیان واز لێهێنا؛ خۆیان لەچاوی خوێنڕێژان حەشاردا؛ (١٨) کیلۆمەترێک دوور کەوتنەوە. لەهەواری تازەیاندا پیاوان بوون بەگەریلاو پێشمەرگە، ژنو منداڵیش لەدارستاندا مانەوە، پیاوان زەویان بەهەڕەمەکی بۆ کەندڕ کردنو چاوەنۆڕی کەشی بەهاریان دەکرد.

ئەڵمانیەکان گوندە سەرکەشیان وەک گوندەکانی دی سووتاندو، بەم گوندەشیان دەگوت:- (ناوچە مردووەکە).

(ساریونکا)... شەوێ بەتەنها لەلای (**ئەلکسی**) مایەوەو گوتی:-

● باوکم کەسەرۆکی کۆڵخۆز بوو لەگەڵ برایەکی گەورەی یەک دەستی کوشتیان، براگەورەکەم مەکینەی دەڕاسە دەستێکی بردبوو، ئەڵمانیەکان (١٦) کەسیان کوشتبوو، خودی خۆم یەک بەیەکم بژاردن باوکم پێش ئەوەی هەتا زاری لێکنێت بەئەڵمانیەکانی گوت:-

(ئەی سەگزادانە لەم وەحشی‌گەریەتان پەشیمان دەبنەوە، تۆڵەیشمان لەبریی فرمێسک خوێن دەبێت).

(**ئەلکسی**) بەدەنگێکی ئێجگار نزمەوە پرسیاری کرد:-

● لەم دارستانەدا ئەوها دەژین؟

● بەڵێ.. ئێمە ئێستا سێ‌کەسین:- فادکاو دایکمو ئەز، (بیوکنشا)یش خوشکمان بوو؛ وەلێ لەزستاندا بەنەخۆشی ئاوسان مرد، برایەکی بچووکیشم تیاچوو، بەڵام پێم بلێ ئەڵمان دەگەڕێنەوە؟

باوکی دایکم ئێستا سەرۆکی کۆڵخۆزەو تەئکید لەسەر نەهاتنەوەیان دەکاتەوەو دەڵێ مردووی سەرقەبران دەگەڕێنەوە بەڵام ئەوان نەء. دایکم ئێجگار دەترسێت ئامادەیە لەگەڵ هاتنی داگیرکەراندا ئەمیش یەکسەر هەڵبێت. ئەوا باپیرەمو فادکا هاتن. فادکا دێتو بەپەنجە ئاماژە بۆ (**ئەلکسی**) دەکات، پیاوێکی پیری پشت کۆماوە لەپاڵ (**ئەلکسی**)دا بە پاڵتۆیەکی کونکوناویو کەسکێتی ئەفسەری ئەڵمانی دانیشتبوو. دەموچاوی ئەو پیاوە گەش‌بوو وەک دەموچاوی (نیقۆلا)ی ئەسحابە و

(قدیس) ،چاوەکانی پوختیو بەرەکەتیان لێدەباری، ڕدێنیسپیی وەک چوری شیر بوو ، کە بریندارەکەی دی نەیویست هیچ لەحەپەسانە سادەکەی بشارێتەوەو گوتی:-

• ئەم کەساسە دەبینی چەند لاوازە تنۆکێ خوێنی تیانەماوە... بڕوانە چۆن بووە بە ئێسقانو ووشک بۆتەوە... شەڕ ئەوها بەمرۆڤ دەکات... پەنا بۆتۆخودا... پەنا بۆ تۆ ئەی مەسیحی خۆشەویست. لەساوایەکی تازەبوو زۆرتر کەوتە خزمەتکردنی (**ئەلکسی**)، گرتە باوەش و لەسەر عەرەبانەکە بەپەت دایبەست، تۆزێک ڕاماو پاڵتۆکەی داکەندو کردیە بالیف بۆ (**ئەلکسی**)و گوتی:-

(بابڕۆین... پەنا بەخوا!)، سێقۆڵی عەرەبانەیان بەسەر بەفری خزوو شلەقاودا کێشدەکرد، هاژەی عەرەبانەو کرچەی بەفر دەنگیان ئەدایەوە.

(**ئەلکسی**) بۆ ماوەی (٢-٣) ڕۆژ بە فەروێکیئەستووری گەرم داپۆشرا، جگە لەخەونی ئاڵۆزو ناخۆش؛ تارمایی ڕەشو سامناک؛ چیی تری نەئەدی، ڕاستیەکان لەگەڵ خەونە ترسناکەکان ئاوێتە دەبوون، بۆ ماوەیەکی درێژ توانای ئەوەی نەبوو بەسەر هاتوو ڕووداوەکانی خۆی پێکەوە گرێبداتەوە.گوندنشینە هەڵهاتووەکان لەدارستانە گەورەکەدا دەژیان، زەویان کەندەڕ کردبوو؛ کردبوویان بەئەشکەوتو بەلقو پەلی دار دایانپۆشیی بوو؛ بەجۆرێک نەدەبینران، دووکەڵی ئەو ماڵانەیش وەک دووکەڵی خوودی زەوی دەبینرا، ڕۆژی گەیشتنی (**ئەلکسی**) ڕۆژێکی خۆشو شێداربوو، دووکەڵ ترۆپکی درەختەکانی دەگرتەوە، بەلقی درەختەکاندا خۆی هەڵدەواسی، ناوچەکە لە دیدی ئەم زامدارەوە:- سووتاوەو ئێستا بەشێک لەدووکەڵەکە دارستانەکەی داپۆشیوە. گوندنشینەکان کەزۆربەیان ئافرەتو منداڵبوون. زانیان کە (میکالۆ) خۆی گەیاندۆتە جەبهەو فڕۆکەوانێکی کەوتووی ڕزگارکردووەو، فڕۆکەوانیش وەک (فادکا) باسی کردووە- ئێجگار لاوازو جێگای بەزەییە، هەموویان لەدەوری عەرەبانەکەو درەختەکان ئاپوورەیان کرد، ژنەکان وەک یەکبوون، تۆزو دوکەڵی ئەشکەوتەکان دەموچاوی سواخدابوون، کچۆڵەو پیرت تەنها بەبریسکەی سەرنجو مووی سپی لەیەکتر جیادەکرانەوە. ئاپورەی ژنەکان پیرە پیاوێکی

وەڕزکردو تێی خوڕین، ئەوانیش بەخێرایی کشانەوە، بەڵام لەبەر خۆیانەوە ئەم ڕستانەیاندا بەگوێی (**ئەلکسی**)دا:-

- هەی ڕۆ چەند لاوازە! جووڵە ناکات، تۆ بڵێیت مابێت؟
- ئەوەندە لاوازە... ئەوەندە وشک بۆتەوە شێوەی ناناسرێتەوە!

هەموویان لەوە سەرسام بوون کەئەم فرۆکەوانە زامدارە لەکوێ بحەوێتەوە؟.

- کوخەکەی من ووشکەو پڕلەلم، زۆپایەکی کۆکی گچکەمان هەیە.

ژنێکی کورتە بنەی دەم وچاو خڕ؛ چاوەکانی وەک چاوی زنجی دەبریسکانەوە بەو شێوەیە بۆ کۆمەڵەکە دوا.

یەکێکی دی وەڵامی دایەوە:-

- بەڵێ زۆپایەکی گچکەی کۆک! بەڵام خێزانەکەتان چەند کەسە؟ خۆ ئەوەندە زۆرن خەریکن دەخنکێن، (میکالۆ) بیهێنە لای من؛ سێ‌کوڕم هەیە سەربازن لەجەبهە، چەردەیەک ئاردم هەیە ئێستا کەعەکی بۆ سازدەکەم.

بەڵام (میکالۆ) عەرەبانەکەی بردە ناوەڕاستی گوندەکەو بەردەم ماڵی خۆیان.

(**ئەلکسی**) خۆی لەکووخێکی گچکەی تاریکدا دییەوە، بەفەرووی مەڕ داپۆشرابوو بۆنی ماڵو خێزانی ئاسایی چواردەوری گرتبوو، هەموو لەشی نوقمی ئێشو ئازاربوو، گۆشتی کوترابوو، قاچەکانی وەک ئاگر دەسووتان، بەڵام ئێجگار کەیفخۆشبوو؛ جێگای گەرمەو لەوێش دڵنیایە کە مرۆڤێک ئازاری نادات، نەپێویستە بجولێ‌و نەپێویستە گوێڕادێرێت.

دوکەڵی گچکە زۆپای سووچەکە هەڵدەکشاو چین لەسەر چین ئەستوور دەبوو.. پەنگی دەخواردو شین دەبوو. (**ئەلکسی**) چاوی لێک ناو خەوت، هەوایەکی ساردی دەرگاکە بەئاگای هێنا، ئافرەتێکی دی توورەکەیەکی گچکەی خستە سەر خوانو بە تەریقیو شەرمەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو بەخاوەنماڵەکەی گوت:-

- ئەم گەنمە کوتاوە لەرۆژی ئاشتیەوە بۆ (کستوشکا)م هەڵگرتووە، بەڵام ئەو پێویستی پێی نیە ئێستا بۆی بکە بە شیرەوا، بۆ منداڵ زۆر بەسوودەو نەخۆشەکەی تۆیش زۆری پێویستە. ئەو قسانەی کردو پشتی

هەڵکرد، هەموو لایەکی خەمبار کرد. لەهەموو لایەکەوە دیاریهەمە جۆر بەسەر نەخۆشەکەدا داباری... لەلایەک ماسی پێستە؛ کولێرەی فڕن؛ بۆنی نانی سووتاو کەوتە کوخەکان. (سیرونکا)و (فادکا) سەردانی کوخەکەیان کرد، یەکەمیان وەک جوتیارێکی سەلارو ژیر کەهاتە ژوورەوە شەپقەکەی وەک رێز بەرزکردەوەو گوتی:- (رۆژ باش ئەی هاوڕێی فرۆکەوان)، دوو پارچە شەکرو چەردەیەک جگەرەو کولێرەیەکی گەورەی خستە سەر مێزەکەو گوتی:-

- دایکم بۆی ناردوویت، شەکر زۆرباشە.. تکایە بیخۆ.

پاشان ڕووی‌کردە (میکاوڵ)و بەلەهجەیەکی تازە پێی گووت:-

(دیسان شوێن ئاگرەکەمان هەڵکەندەوە مەنجەڵ و تەشەوی‌مان دۆزیەوە زۆر نەسووتابوون، پاچێکی بێ کلکیش، ئەمانەبەکاردێن‌و سوودیان هەیە).

(فادکا)یش لەپشت براکەیەوە سەری دەرهێناو چاوێکی بەشەکرە سپییەکەدا خشاندو دەنگی (تف قوتدانی) دەبیسترا.

درەنگ (**ئەلکسی**) لەوە گەیشت کە ٣/٢ی دانیشتوانی ئەم گوندە لەم زستانەدا لەبرسا مردوون، خێزان نەماوە بۆ مردوویەک یان دوو نەگری. ئەڵمانیەکان دانیشتوانی گوندی (پلافنی)یان لەماڵ دەرکردو تێکڕای ئامێری کارو ئاژەڵو زەخیرەو پۆشاکو تفاقی ماڵیان تاڵان کرد، ئەوەی ساڵەهای ساڵە کۆی دەکەنەوە پاک لەپاکیان لولداو چەپاویان کرد، ئەم هەژارانە لە دۆخێکی ئێجگار سەختو دژواردا دەژین‌هەمیشە دەترسن لەلای ئەڵمانیەکان ئاشکرا ببن. سەرماو برسێتی کەنەفتی کردبوون‌بەلام (کۆڵخۆز)ە هەرەوەزی‌یەکەیان لەساڵی (١٩٣٠)ی‌دا دامەزرابوو؛ بە پتەوی مابوو؛ هەرچەند ساڵو نیوێکە ناکۆکی‌و قسەلۆک دەمیان تێژەندووە؛ کارەساتەکانی جەنگ ئەوەندەی‌تر ئەو خەڵکەیان پێکاشەکەت داوەو یەکیان گرتووە، هەڵکەندنی سەنگەرو ڕۆنانی کووخەکان تێکڕا بەهەرەوەزیی ئەنجام دراون.

هەموویان وەک جاران کۆمەڵ کۆمەڵ دەژین؛ بەلام (میکالۆ)ی پیر سەرۆکی (کۆڵخۆز)ە جێگری خەزوریە کە ئەڵمانیەکان کوشتبوویان، لەم دارستانەدا ئوسووڵو نەریتەکانی (کۆڵخۆز) پەیڕەو دەکران، ئەم گوندە پەنای هێناوەتە ئەم دارستانەو لەجەرگەکەیدا زەوی کەندڕ کردووەو کووخی

تیـار ڕۆنـاوە، بـۆ کارەکـانی بەهـاریش؛ بەڕابـەری ئــەم و بەپــەیڕەوی (کۆڵخۆزی) بەتاقم و بەگرووپ ئامادەن کارەکان ئەنجام بدەن، هەرچـەندە ئـەم گونـدە ئەمەیـە بەسـەرهاتەکانی، بـەڵام ژنەکـانی ئـەم گونــدە هــەموو دانەوێڵەی حەشاردراویان؛ هەموو مانگاو گوێلکیان بۆدارستانەکە کێش کـرد، بەباشی بەخێویان دەکردن، دانیشـتوانی ئـەم گونـدە لەژێـر ئـازاری ئێجگـار سەختی برسـێتیدا دەژیـان، بـەڵام کـە ئەڵمانیەکـان گوندەکەیـان سـووتاند؛ منـاڵان خۆیـان خسـتە مەترسـیو ئامێرەکـانی جووتیـان لەژێـر خۆڵەمێشـدا ڕزگار کرد، هەوجاڕو گاسنیان لەمانگا بەست، بـۆ ڕاوەماسـی لە گۆماوەکـەدا تاقمیان لەژنان سـازدا، ئـەو تاقمانـە بـەنۆرە بـۆڕاو دەچـوون، بـەو شـێوەیە زەخـیرەی ماسـی گوندەکـە لە زسـتاندا دابـین دەکـرا. سـەرۆکی بەتەمـەنی (کۆڵخۆز) لە ئافرەتانو قسەو باسیان وەڕزبوو، بۆیەکا ژنانی لە (**ئەلکسی**) دوور ئەخسـتەوەو خـۆی دەچـووە پێـش، باسـی دەسـتکەوتەکانو باشــەی ئەندامانی (کۆڵخۆزی) بۆ دەکردن بەتایبەتی ئەندامانی ئافرەتو کارامەییان لەو بوارەدا لەو کاتەدا بوو (**ئەلکسی**) دەسـتی بـۆ گیرفـانی درێژکـرد، نامەو وێنەی کچۆڵەکەی دەرهێناءنامەکان پڕبـوون لە سـۆزو هسـتی بەئاسـوودەیی دەکرد. لەو ماوەیەدا نەنکم (بەریارە) بەبـەردەوامی بەرامبـەر (٠ئەلکسـی) دانیشـتبوو ئـەویش بــە ئـافرەتێکی پـیری داتــەپیوی دەزانـی؛ خــێزانی باپیرەیەک، بەڵام لەپاش ماوەیەک بۆی دەرکەوت ئـافرەتێکی تەمـەن (٢٣) ساڵەیە چالاکو جوانو بـەژن ڕێکـە، کەتەماشـای (**ئەلکسـی**) دەکـرد خـەمو پـەژارەدای ئـەگرتو هەناسـەیەکی گـەرمی هەڵدەکێشـاو قوڕگـی پڕدەبــوو لەگریان.

لە ئێوارەدا کەمۆمی ژوورەکە دەکوژایەوە؛ سیسرک دەنگی بەرز دەکردو سترانی دەچڕیی، باپیرە ئەو سیسـرکەی هێنـابووە ژوورەکـە؛ بـەو نیـازەی وەک دەیگوت (شنەی ژیان) لەماڵەکـەی نـەبڕێت، (**ئەلکسـی**) وای هەسـت دەکـرد یـەکێک لەسـەر چرپـا تەختەکــە بــە کـوڵ دەگـری و سەریشــی لە بالیفەکەدا نوقم کردووە .

زەخیرەو بژێوی خەڵکەکـە بـەرەو کزبـوون دەڕۆیشـت، گوندەکـە بـەرەو ڕەشترین ڕۆژی چارەنووس ملی دەنا، لەهـەموو پەنـاو پەسـێوێکدا بـێزاریو شـەپەژن پـەرەی دەسـەند، بــەڵام ســەرۆکە پـیریش لەهــەموو کێشــەکان

شارەزابوو؛ ژیرانە چارەی دەکردنو ئاشتی دەکردنەوە، هەندێک لەژنەکانی دەخستنە کاری (کۆڵخۆزی). ئەو کووخانەی کەندرپبوونو بەپەلە ڕۆنرابوون؛ ئێستا دڵۆپەشرِی کردوون، بەتواندنەوەی بەفریش ئەوەندەی تر دائەرِوخێن. ڕۆژان دەرِواو باری (**ئەلکسی**) خراپتر دەبێت نەنکە (بەربارە) ئەو شەوە لەپاڵی‌نەخۆشەکەدا بوو، بەچاوی سۆزەوە تیَی دەرِوانی، پەرِۆی ساردی دەخستە سەر تەوێڵی، بەردەوام دای دەپۆشی‌و ئەویش خۆی ئەدێرِایەوە، ناوەناوەیش بیری لەمێردەکەی دەکردەوە کەشەرِو زریان لولیان داو بزریان کرد.

پیرەمێرد بەیانی زوو هەستاو سەرنجێکی دایە (**ئەلکسی**)و برێک چرپەی بۆ (بەربارە) کرد، پێڵاوی لیَ هەڵکێشاو دارعەسای هەڵگرت، لەگەڵ بریناردەکە ووشەیەک نەدوا، لەکووخە تاکە ماڵەکەدا تەنها دەنگی (بەربارە)ی تیا دەبیسترا، دەنگی پرِ سۆزی شەپۆلی ئەدا، لەبەرخۆیەوە گۆرانی‌یەکی کۆنی ئەو ناوچەی دەچرِیی، لەهەمان کاتیشدا لەنزیک زامدارەکەوە قوماشی دەچنی، گۆرانی‌یەکە بەسەرهاتی لقێکی تەنهای خەمبار دەگێرِێتەوە؛ کە تێدەکۆشیَ بۆ دەستەملانی لقەدار بەرِوویەکی وەک خۆی تاکو خەمبار، بەڵام ئەو هەژارە بەمەرام ناگاتو:-

هەرگیز ناتوانێت
بگات بەو دارەی
چەندە گەورەیەو
چەندە تۆکمەیە
بەشی لەژیندا
تەنهایی‌و خەمو لەرەو لەرزەیە

ئەوەی گوێی لەو شیعرە بایە هەستی بەوە دەکرد کە وشەکانی فرمێسکیان لێدەچۆرِیَ، کە (**ئەلکسی**) گوێی لەو وشانە دەبوو حەزی دەکرد نامە چرچەکانی گیرفانی دەربهێنی‌و دەقەکانی لەبەر کاو تێرتێر تەماشای کچۆڵەکەی ناو بێستانەکە بکات، دەستی بۆ گیرفانی درێژکردو نەیتوانی، هەستی دەکرد دنیا خول دەخواو ئەمیش لە تاریکیدا نوقم

دەبێت. لەتاریکی دەوروبەریا گوێی لەدووانی (بەربارە)و پیرەژنێک بوو کەبە دەنگی ئاشنابوو:-

- هیچی خواردووە؟
- چی بخوات.. تۆزێک چۆرەکی خواردو هەڵیهێنایەوە؛ ئەوە خواردنە؟
- فرۆجاوم بۆ کردووەو هەردوو ڕانەکەم بۆ داناوە، دیارە پێی دەکەوێ بۆی باشە.
- دایکی (فاسیلیسا) باوەڕ ناکەم.
- بۆنا.. ئەوە فرۆ جاوەو زۆرباشە، تۆزێک پێی لێداگرە بەشکم بیخوات.

(**ئەلکسی**) گوێی لەو سیناریۆ بوو، دەتگوت خەو دەبینێت، پێش لەوەی چاو بکاتەوە؛ (بەربارە) هاتە لایو بە هێواشیی ڕایوەشاند وگوتی:-

- (**ئەلکسی**).. دایکی (فاسیلیسا) فرۆجاوی بۆ هێناوی دەهەستە.

(**ئەلکسی**) لەبەر ڕووناکی چرا دەستیە لەرزۆکەکە ژنێکی پیری کۆماوەی دی، دەموچاوێکی خەمباری پڕ چرچو لۆچ دەفرێکی پڕ لە شۆربای لەسەر مێزەکە داناو ئەم ووشانەیش لەسەر لێوەکانی شەپۆلیان دا:-

- بەدەست ئەم شۆرباوە زۆر شەکەت بووم، بەشکم خوا بیکات بەشیفای!!.

(**ئەلکسی**) بەسەرهاتی ئەم خێزانەی وەبیرکەوتەوە، چیرۆکی پڕ لەخەمو پەژارە، چیرۆکی مریشکێ کەبەگاڵتەوە ناویان نابوو (کچە پێشمەرگە) ،لەماوەیەکی کەمدا وێنەی هەموو شتەکانی پێش چاوی لەدەریای فرمێسکدا نوقم بوون، لەهەمان کاتیشدا سۆزو خۆشەویستی لە چاوی پیرەژنە دەباری، (**ئەلکسی**) تەنها توانی بڵێ:-

- نەنکە سوپاست دەکەم!

لەوکاتەدا پیرەژنەکە بەرەو دەرگادەگەڕایەوە؛ وەڵامی دایەوە:-

- شایەنی سوپاس نییە.. منداڵەکانی منیش لە جەبهەن و هیوادارم خەڵک لە وێندەرێ شۆربای لەم چەشنە بخۆن. بیخۆ بەشیفات بێ فرۆجاوی داپیرە شیفاهێن بوو، (**ئەلکسی**) کە خواردی نوقمی خەو بوو، کە هەستا

لەخەویش بەئیشتیهای زۆرەوە، دەستی کردەوە بەخواردنی فرۆچاو، ئەمجارەیش بەقووڵی نووستەوە، خەوی ئەوەندە خۆش‌بوو؛ نەژاوەی ژنانو نە چپەی (بەربارە) کەلەمردنی (**ئەلکسی**) دەترسا خەبەری نەکردەوە، ناوەناوەیش (بەربارە)خان بەسەریا دەنوشتاو لەلێدانی دڵیو هەناسەی دڵنیا دەبوو، لەپاش چەند سەعاتێک بەدەنگێکی گڕی نێر (**ئەلکسی**) چاوەکانی هەڵهێنا،ئەو دەنگە لەدەنگی (ئەندرێ دیکتارتۆ)ی سەرۆک پۆلی خۆی دەچوو:-

● باوکە (میکالو) کامەیە دەستکەوتەکە؟

بەم ڕستەی (دیکیتارنکو) کە بەلەهجەی ئۆکرانی گوتی؛ (**ئەلکسی**) بەخەبەرهات، (میکالو)ی پیرەمێردیش بەلەشو چاوی شەکەتەوە لەپشت (دیکتارنکو) وەستابوو، لەپاڵی ئەویشدا (لینوتشکا)ی کچۆڵەی برینپێچ وەستابوو، توورەکەیەکی لەبن دەستابوو کەوێنەی خاچی سووری لەسەربوو، دەسکە گوڵێکی بەسنگەوە نابوو، چاوە زیتەکانی وەک گیان لەبەرێکی چلێس بەو شوێنو مەجلیسەدا دەگێڕا.

بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا، (دیکتارنکو) سەرنجی لەدەوروبەری تاریک ئەداو هیچی جیا نەکردەوە، زۆر بەسادەیی جارێکو دووجار تەماشای دەموچاوی (**ئەلکسی**) کرد، (ئەلکسیش) بەسەرسامی جووت برۆی لێکنابوو. (بەربارە) خانیش بەتانیەکەی سەری لابردو بەچرپە گوتی:-

● ئەوەتا ... نوستووە...

دیسان چاوەکانی (دیکتارنکو) بەدەموچاوی (**ئەلکسی**)دا خزایەوە. لەپڕا (ئەلکسی میریسیف) ویستی هەڵسێو گوتی:-

● ئەژیە!

فرۆکەوانەکە ڕووی تێکردو نەیتوانی ئاسەواری سەرسامیو ترس لەچاویا بشارێتەوە، زامداریش بە دەم لەرزەوە بەچرپە گوتی:-

● ٧٢... منت نەناسیەوە؟

فرۆکەوانەکە چاوی بەو ئێسکە پەیکەرەدا گێڕا کە زیندووە، ویستی ئەو دەموچاوە پڕ کەیفەی برادەری دێرینی بدۆزێتەوە. بەڵام تەنها چاوە گەورە

پیاڵەیی‌یەکەی ناسیەوە، ئەو چاوانەی ئاسمان ئاسا ئاشناو سەرسەخت، دیارە تەنها ئەوە چاوەکانی (ئەلکسی میرسیف)ە، خۆی هەر ئەوەندە بەرگەی گرتو سۆزو هەنسکی تەقیەوە،دەستەکانی درێژکردو توورەکە لیمۆو سێوو بسکویت کەوتنە سەر زەوی، ئێجگار بەتەوژم بەرەو برینداریەکە شاڵاوی برد.

-(لیوشا ) ئەوە تۆی؟

زەنگۆڵ زەنگۆڵ فرمێسک دابارێ، ئەو لەشەقەبەی هەڵگرت کەکێشی منالێکی بوو، بەسنگیەوە نووساندو هاواری دەکرد:-

لیوشکا... لیوشکا ! !

دیسان لەسەر جێگاکەی پالی خستو هاتەوە دوا؛ بەبێ‌ئەوەی چاوی لێ‌بتروکێنێت، وەک بیەوێت دڵنیابێت لەهاورێ‌کەی؛ دیسان بەسنگیەوە نووساندو گوتی:-

● لیۆشکا.... راستە ئەمە تۆی؟

(بەربارە )و کچۆڵەی برینپێچ ویستیان لاشە نیوەمردووەکە لەچنگ (دیکتارنکو ) رزگار بکەن بۆیەکا گوتیان:-

- تۆ خەریکی دەیکوژیت.. ئاگات لێ‌ی بێت بەرگەی ئەو هەموو سۆزە ناگرێت!

کە فرۆکەوانەکە لەوە دڵنیابوو کەئەم تارمایی‌و ئاسەواری مرۆڤە (**ئەلکسی** ) هاورێ‌یەتی؛ خۆی پێ‌نەگیراو ئەوەندە بەختیاربوو؛ بەژوورەکەدا دایە غارو سەماکردنو گۆرانی، وای دەزانی لەشەرێکی سەختدا بێ قوربانی‌دان سەرکەوتنی وەدەست هێناوە، دیسان لە (**ئەلکسی** ) نزیک کەوتەوە، شانی گرتو چاوە پڕ خەنینەکەی چەقاندە چاوەکانی‌و هاواری کرد:-

● زیندووە! ئای لەهەورەبروسکەی ئاسمان! ئەم ماوە درێژە لەکوێ‌بووی؟

ئەو کچۆڵە رۆشنبیرەی کەبۆ نەگبەتی بەنازناوی (برینپێچ لە زانیاری پزیشکیدا ) خۆی پێشکەش سەرۆکەکانی کرد، ئێستا لاقرتیشی پێ‌دەکەن

بەلام ئەم خۆشەویستی خۆی بەسەر فڕۆکەوانەکاندا دابەش دەکرد، ئەم کچۆڵەیە کەیشتە گیانیو ناچاربوو لە فڕۆکەوانە بێتە پێش کەلەخۆشیا شێت بووبوو، بەتوندی پالی پێوەناو گوتی:-

● هاوڕێ لەبریندارەکە دوور کەوە... بەم کردارانەت نارەحەتی دەکەیت.

ئەوەی گوتو کەوتە کارە پزیشکیەکانی خۆی، قامکە (پەنجە) شارەزاکانی بەسەر قاچیدا دەگێڕاو پرسیاری لیدەکرد:-

● ئالێرەدا ئازار هەیە...؟ ئەوە چۆنە؟

بۆ یەکەم جار (**ئەلکسی**) بەووردی چاوی بەقاچیا گێڕا. هەردووکیان رەش داگەڕا بوون و ئاوسابوون، بەدەست لێدانیش ئێجگار ئازاریان بوو؛ بەتوندی کارەبا ئاسا چزەی لەهەموو لەشی هەلدەساند، ئەوەی ئێجگار کچۆڵە برینپێچەکەی وەڕز کردبوو پەنجەکانی پیێ بوو؛ بەجۆرێک رەش داگەڕابوون گەر بت بڕیبا هەستی بەئازار نەدەکرد.

لەم کاتەدا (دیکتانکۆ)و سەرۆکی کۆلخۆزیش لەسەر مێز بەجووت دانیشتبوون، بەم بۆنەوە پێکە شەرابیان هەلئەدا، هەموو ساتێک (دیکتانکۆ) هەلدەساو (میکالو) دایئەناو پیێ دەگوت:-

● هێدیبە برادەر باش گوێم بۆ ڕادێرە، بگرە پێویستە ئەوەی دەیلێم بیگەیەنیت بەگەورەکانت، ئەم برادەرەی تۆ پالەوانێکی ڕاستەقینەیە، هەفتەیەک دەبێت لێرەیەو ئەم کۆلخۆزە یارمەتی پێشکەش دەکاو جوولە ناکات، بەلام هەموو توانایەکی بۆ بڕینی ئەم دارستانو زۆنگاوانە سەرف کردووە، ئەوانەی کاری وەها ئەنجام ئەدەن زۆرنین؛ کیێ دەتوانێت کاری لەم جۆرە بکات،سەحابەکانی مەسیحیش داستانی وەهایان تۆمار نەکردووە تەنانەت لەسەر کۆلەکە وەستانیش لەگەل ئەم کارەدا بەراورد ناکرێت!!

بەلام (دیکتارنیکۆ) گویێ بۆ ڕانەئەدێرا، بیری لەوە دەکردەوە:-

ئەم برادەرەی کەلەسوپادا وەک هاوڕێکانی دی کار دەکات، چۆن توانی بەتەنها لەم دارستانەدا بەم شەوو ڕۆژە درێژە خۆی کێش بکات، چۆن بەدوو قاچی تێکشکاو توانی بەناو شلەقەی بەفرو زۆنگاوو بێشەلاندا لەدوژمن دوور کەوێتو بەهاوڕێکانی پەیوەندی بکاتەوە؟

پیشەی (فرۆکەوانی ڕاونەر). دیکتارنکۆی ڕاهێنابوو کەمەترسیش دەستەمۆ بکات، کە دەچوو بۆ هێرش و شەڕکردن هەرگیز بیری لەمردن نەدەکردەوە... بگرە وای دەزانی بۆ ئاهەنگێک دەچێت.بەلام بەتەنهاو لەچەقی دارستانداو ئەلکسی.....

● کەی دۆزیتانەوە؟

سیغارێکی لوولداو ئاگایشی لەخۆی نەبوو بەقامکی ووردوخاشی کردو گوتی:-

● کەی؟ ئێوارەی شەممەی پێش ڕۆژی موبارەک ئەوا هەفتەیەکی ڕەبەق تێدەپەڕێ. فرۆکەوانەکە لەزەینیا ڕۆژی دەبژارد:-

(**ئەلکسی**) میرسیف (١١) ڕۆژە بەدارستانداو بەزامداریو بێ خواردن خۆی کێش دەکا، کێ بڕوا دەکات؟

فرۆکەوانەکە باوەشی کرد بە(میکالو)داو گوتی:-

● نەنکە سوپاست دەکەم.

لەم کاتەدا (لیوتشکا)ی برینپێچ (**ئەلکسی**) پێچایەوەو گوتی:-

● کێشەکە ئەوەندە گران نییە، لەمۆسکۆ بەخێرایی دەتخەنەوە سەرپێ، مۆسکۆ... لەمۆسکۆدا برینی زۆر لەمە سەختتر چاك دەکەنەوە.

گوتەکانی (لیوتشا) (دیکتارنکو)ی دلنیا نەکرد لەحالەتی هاوڕێکەی، زۆرتر کەوتە گومانەوە بگرە لەو (قەلەڕەشە)ی کە پێی دەلێن (برینپێچی زانیارییە پزیشکیەکان) زۆرتر قینی هەستا، زۆری نەخایاند وەبیری کەوتەوە کە ئەمە نازناوی (برینپێچ)ە، ئیدی کەس لەخشتە نابات، ئەفسەرەکانیش لەبنکەی خۆیان بەگالتەو لاقرتیەوە دەیانگوت:-

ئەم برینپێچە تەنها خۆشەویستیت لەکۆل دەکاتەوە، ئەم خەیالانە دلڕاوکێی لێکەم کردەوە.

(**ئەلکسی**) هەتا سەری نوقمی لێفەو بەتانی بوو، بە (دیکتارینکو)ی گوت:-

● لەمۆمیای فیرعەونەکان دەچم کەلەکتێبی مێژووی کۆندا باس کراوە.

فرۆکەوانەکە دەستی خستە سەرکۆناو ڕدێنەسوورە تۆخەکەی برادەری و دەیگوت:-

● لیوشا... کێشەکە ئاسانە، گومان لەچاکبوونەوەتا نیە، بەزوویی دەتنێرینە گرنگترین خەستەخانەی مۆسکۆ، کچۆڵەی برینپێچی وای تیاهەیە مردوو زیندوو دەکەنەوە ! (بەتیلەی چاویش نیگایەکی بۆ (لیوشکا) کرد، لەداهاتوویەکی نزیکدا پێکڕا دەکەوینە ئاسمان. ئەوەندەی نەبرد دەستی سەردەموچاوی (**ئەلکسی**) بە ئارەق تەڕبوون، خۆی پێ ڕانەگیراو هاواری کرد:-

● چاوەنۆڕی چین، بابەخێرایی بڕۆین.

(**ئەلکسی**) خرایە سەرتەختەکەو لەدەرگای کوخەکەوە وەدەرنرا. هەموو ئەوانەی کە هاتبوونە بەڕێکردنی برینداره‌کە هاتنە دەرەوە، جگە لە(بەربارە) کەس لەناو کوخەکەدا نەما، ئەویش چووە لای ئەو جێگەی کەقەوارەیەکی مرۆڤی تیا دەحەوایەوە، پەنجە نەرمەکانی دەهێنا بەسەر ئەو جێگایەدا، چاوی بەو دەسکە گوڵە کەوت کەکچۆڵە برینپێچەکە بۆی هێنابوو، گوڵەسیسو زەردو لاوازەکانی لەدانیشتوانی ئەم گوندە دەچوون، کەچۆن زستانیان لەکوخی شێدارو بەفردا بەسەر برد، (بەربارە) گوڵەکانی بۆنکرد بەڵام بۆنە بەهاریەکەی کزبوو، (**ئەلکسی**) لەوکاتەدا گەیشتە فرۆکەخانەکەی کەمرۆڤ نەیدەتوانی دەقیقەیەک تیا بەخەسار بدات، دیارە لەبەهاردا جەنگو پێکادان زۆرەو دەشبێت بەئاسایی. لەوکاتەدا (**ئەلکسی**)یان بەعەرەبانەکەوە هێنا، خەڵکانی دەوروبەری شێوەی دەکردنو دەیناسینەوە؛ یەکێکیان بانگی کرد (هورا... بژین)، (یۆرا)ی بالابەرزیش یەکێک بوو لەهەڵگرانی (**ئەلکسی**) بەین بەینیش ئاوڕی لێئەدایەوە دەوەستا، کچۆڵەیەکی سوورکاریش لەتەنیشتیەوە دەڕۆیشت، ئەم کچە (چاودێری دەرگای کەشناسی) بوو، زۆر جاریش لەمەوپێش (**ئەلکسی**) وای دەزانی ئەم کچە حەزی لێناکاو خۆشی ناوێت، زۆرجاریش خۆی کەنار دەگرت بەڵام بەتیلەی چاو چاودێریی دەکرد، (کوکوشکین) فرۆکەوانێکی دیبوو کەهاوڕێکانی خۆشیان نەدەویست چونکا شەڕانی بوو، خۆدی (**ئەلکسی**) پێشدوا گەشتی لەگەڵیا بەشەڕهاتبوو، (**ئەلکسی**) چەندجار لەبری ئەو گەشتی ئاسمانی بۆکردبوو بەڵام لەبەرچاویشی نەبوو، وایدەزانی ئەم پیاوە دڵپیسە هەرگیز لێی پاک نابێتەوە، بەڵام ئێستا کەعەربانەکەی هەڵگرتووەو ئانیشکی بەراستو چەپدا بائەداو خۆی لەچورتمو ئاپوورە دەپارێزێت. (**ئەلکسی**) هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو

ئه‌وه‌نده‌ براده‌رو دۆستی هه‌یه‌، بۆیه‌كا هه‌ستی به‌شادومانی ده‌كرد، حه‌زی ده‌كرد خۆشه‌ویستی خۆی بۆ ئه‌و كچه‌ بخاته‌ ڕوو كه‌ زۆر جار خۆی له‌ (**ئه‌لكسی**) كه‌نار ده‌گرت، ده‌یویست پۆزش بۆ (كوكوشكین)ی فڕۆكه‌وان بكات كه‌ئه‌م به‌هه‌ڵه‌دا چووه‌؛ ئه‌و پیاوه‌ خراپه‌ نی‌یه‌ كه‌ئه‌م ده‌یزانی، (**ئه‌لكسی**) به‌ره‌و فڕۆكه‌ ئیسعافه‌كه‌ به‌ڕێكرا، ئه‌م فڕۆكه‌ ره‌نگ زیوی‌یه‌ زۆر به‌وردی له‌سوچێكی دارستانه‌كه‌دا حه‌شاردرابوو، (میكا)ی فیته‌ریش خه‌ریكی مه‌كینه‌كه‌ی بوو، به‌ڵام زه‌نگی خه‌ته‌ر ده‌نگی دایه‌وه‌، هه‌موویان خۆیان ئاماده‌كرد، سه‌ركرده‌ی ٧٩ بڕێك فه‌رمانو ئامۆژگاری ڕاگه‌یاند، مێرووله‌ ئاسا پیاوه‌كان بڵاوه‌یان لێكرد هه‌ندێكیان خۆیان گه‌یانده‌ فڕۆكه‌ حه‌شاردراوه‌كانی دارستانه‌كه‌، هه‌ندێكیان خۆیان گه‌یانده‌ تۆپی دژه‌ ئاسمانیه‌كان، هه‌ندێكیان گه‌یشتنه‌ فڕۆكه‌ حه‌شاردراوه‌كانی بێشه‌ڵانه‌كان، فیته‌ریش لایتی ده‌ستو (لیوتشكا)یش بۆ نه‌قاڵه‌و ڕوویان كرده‌ كه‌ناری دارستانه‌كه‌.

(**ئه‌لكسی**) هه‌ناسه‌یه‌كی هه‌ڵكێشاو ده‌ماره‌كانی گرژبوون، تۆپه‌دژه‌ ئاسمانیه‌كان و فڕۆكه‌كان هاژه‌و نركه‌یان ده‌هات، (**ئه‌لكسی**)یش وای هه‌ست ده‌كرد فڕۆكه‌وانێكه‌و دوژمن ڕاوده‌نێت.

(بورا)و دوو كچه‌كه‌یشی ویستیان عه‌ره‌بانه‌كه‌ی (**ئه‌لكسی**) بخه‌نه‌ حه‌شارگه‌ ته‌سكه‌كه‌؛ به‌ڵام نه‌یانتوانی خۆیشی به‌توندی بێزاری نواند، عه‌ره‌بانه‌كه‌یان برده‌ لای دره‌ختێكی گه‌وره‌ی (سه‌نه‌ڵ). به‌م شێوه‌یه‌ (**ئه‌لكسی**) توانی به‌ڕاشكاویی له‌ژێر دره‌ختا هه‌موو ئه‌و ڕووداوانه‌ ببینێت كه‌به‌تیژیی وه‌ك خه‌و تێپه‌ڕین، زۆر به‌ده‌گمه‌نیش فڕۆكه‌وانه‌كان بۆیان ڕه‌خساوه‌ كه‌له‌ زه‌وی‌یه‌وه‌ پێكادانی ئاسمانی ته‌ماشا بكه‌ن. له‌ئاسمانه‌وه‌ وه‌ك پۆله‌ قاز (١٢) فڕۆكه‌ی وێرانكاری ئه‌ڵمانی وه‌ده‌ركه‌وتن، تۆپه‌كانی دژی فڕۆكه‌ هاژه‌و نركه‌یان ده‌هات، دیمه‌نی ئه‌م جۆره‌ شه‌ڕانه‌ له‌زه‌وی وه‌ك ئاسمان نیه‌، (**ئه‌لكسی**) ئاگای له‌هه‌موو جوڵه‌یه‌ك بوو، ده‌یویست هیچی له‌كیس نه‌چێت، بۆمبی ئه‌ڵمانیه‌كان ده‌یدا به‌ملاولایدا، به‌ڵام نه‌ده‌ترسا، بگره‌ كه‌ بۆمبا گه‌وره‌كه‌ زریكه‌ی هات ئه‌م سه‌ری به‌رزكرده‌وه‌، تا بزانێت كوێی وێران كرد؟!.

کەچی چاودێری کەشوهەوا ئێجگار بۆ (**ئەلکسی**) سەرسام بوو، ئەم کچە کەهاژەو نرکەی بۆمبا داباری، لەحەشارگە پڕتاوی بۆ (**ئەلکسی**) هێناو خۆی دابەسەریا. لەدارستانەکەدا تەقینەوە پەرەی سەند؛ دووانو سیانو چوار، بۆمبای پێنجەم لەدرەختی (سەنەڵ)ەوە نزیکبوو، پارچە بۆمبێک بەشێکی قرتاندو کردی بەدوو بەشەوە، (**ئەلکسی**) هەستی بەگۆنای نەرمو شلی کچەکە کرد کەپڕبوون لەسۆزو بەزەیی، لەنێوان دوو تەقینەوەی ئێجگار گەورەدا؛ گوێی لەچپەی کچکە بوو:-

برادەری خۆشەویست! برادەری خۆشەویست.

رەهێڵەی بۆمبا بەسەر ناوچەکەدا باریو زەویان کێڵاو تۆزو دووکەڵیان بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، وات دەزانی گەرووی زەوی وازەو لەهەناوی پڕلە درەختو بەردو خۆڵو دووکەڵی دەرشێتەوە، دوکەڵ ڕەویو شوێنەکە وێرای تەقەی دوور بێدەنگی باڵی بەسەرا کێشا، پێشبینی هێرشێکی دی دەکرا، کچەکە هەڵسایە سەرپا کوڵمەکانی خوێنی تێزابوو، بەدەنگێکی شلەژانەوە تەماشایەکی (**ئەلکسی**) کردو گوتی:-

ئازارم دایت؟ من زۆر کەم فامم بمبورە!!

(بورا) پەرقەوە هاواری کرد:-

● پەشیمانی چ سوودێکی هەیە، دەبوو لەبریی لەشی لاوازی جەنابت من بەم زلیەم دامپۆشیبا!!

لەو کاتەدا (بورا) دەستی دەجوولاندو لاملی دەخوراندو قۆپچەکانی دادەخست، سەرنجی لەدرەختی سەنەڵ ئەدا کەچۆن لەشوێنی قرتانەوە شلەیەکیخەستی دەرئەدا، بەهێمنی گوێی لەکچۆڵەی برینپێچ بوو کەلەبارەی ئەم دیمەنەوە ئەدوا:-

● بڕوانن ئەوەتا درەختی سەنەڵیش دەگری!

لەپاش تۆزێک (بۆرا)و پێکڕایان عەرەبانەکەیان بەرەو پێش هەڵگرت، جووتە کچیش لەدواوە، هەموویان بەرەو فرۆکەی ئیسعاف رۆیشتن، لەهەمان کاتیشدا فرۆکە راونەرەکانیش یەک لەدوای یەک دەگەڕانەوە، شوێنەکە هێدی بوو، بەڵام خەڵکانی دی لەشوێنەتایبەتیەکاندا خۆیان مەلاس دابوو، بە ووردی چاودێری ئاسمانیان دەکرد،

(بـــورا) جـــاڕی نەگەڕانـــەوەی ژمـــارە (٩)ی دا: (کوکوشـــکین) نەگەڕاوەتـەوە، ئـەم جۆرە هەواڵانـــەی لەکـاتی جـەنگدا ئاسـاییە، بـەڵام (**ئەلکسی**) ئێجگـار پێچوو، بـەڵام ئـەوە تاگرمـەو هـاژەی فڕۆکـە کەوتـەوە ئاسمان.

● ئەوە (کوکوشکین)ە!!

فڕۆکە لە ئاسماندا بە شلەژانەوە دەفڕی، کە بەسەر (**ئەلکسی**)دا هاژەی کرد؛ تێبینی کرد کە پارچەیەکی باڵی نەماوە، ئەمەش خراپترین کارەساتی فڕۆکەیە.

(کوکو شکین) لە ئاسمـاندا وێنـەی چـەند بازنەیـەکی دەکێشا و بـەرەو شوێنێکی نوێ ئاماژەی دەکرد، وەک چۆلەکەی هێلانە شێواو نەیدەزانی ڕوو بۆ کوێ بکات.

(بورا) هاواری کرد:-

● دەتەقێتەوە و بەنزینیش ئەوەندەی نەماوە.

فڕۆکەکان لەم جۆرە حاڵانەدا بۆیان هەیە بەرز ببنەوە و بە چەترەوە باز بدەن، بە (کوکو شـکین) فەرمـان درا کـە ئەوهـا بکـات، بـەڵام هێشـتا هـەر سوورە لە سەر خول خواردن.

(بورا) چاوێکی لای سعاتەکەی بوو؛ چاوێکیشـی لای فڕۆکەکـە، هەسـتی کرد هاڕەی مەکینەکەی کز بوو؛ (بورا) هاواری کرد:-

● ئەم شێتە چی دەوێت تۆ بڵێی بیر لە ڕزگار کردنی فڕۆکە بکاتەوە؟

هەموویان هاواریان دەکرد:-

باز دە بە چەتر.. بازدە!!

فڕۆکەی ژمارە (١)یش دای لە شەقەی باڵ و کەوتە ئاسمان، دیـارە ئـەم فڕۆکەیە بە دەستی خودی فەرماندەی تەیارە خانەیە، زۆر ژیرانە و هێمنانـە لە فڕۆکە زامدارە کە نزیک کەوتەوە کـە زانـی ئـامێری بـێ تەلەکـەی لە کـار کەوتووە؛ وێنەی ڕێگایەکی نوێی بۆ کێشا، ئاماژەی بۆ دەکرد تۆزێـک دوور کەوێت و بە چەتر باز بدات.

بەڵام (کوکو شکین) بە نیازی نیشتنەوە بەنزینی بەست، بە تیژی و لە نزیک سەری (ئەلکسی) تێپەڕیی، کە گەیشتە سەر زەوی کەمێک ڕۆیشت و کەوت، لە بەفر و خۆڵ و بێ دەنگیدا هەموو شتێک نووقم بوو، خەڵکەکە بەرەو فڕۆکەکە ئاپوورەیان کرد، تارماییەکی ڕەش لە تەنیشت فڕۆکە و لە ناو بەفردا کەوتبوو.

(**ئەلکسی**) بە سەر سامی و چلێسییەوە دەیگوت:-

● ئەوە(کوکو شینی)ە و فڕۆکەکەی ڕزگار کرد، چەندە کارامەیە و لە کوێ فێری ئەم هونەرە بووە؟

شەیدای ئەوە بوو ئەویش وەک خەڵک بڕوا و پێشوازی لەو پیاوە بکات کە هەموویان لێی بێزار بوون و خۆشیان نەدەویست؛ ئێستایش ئازایەتی و لێزانینی ئەوها ئەنجام ئەدا، ئەو لە کوێ و ئەو هەموو بەتانیو سارغیو لۆکەیە لەکوێ، ئەویش ئێستا لەسەر عەرەبانە دابەستراوە، ئێشو ئازار بۆژەیان کردووە، بەتایبەتی لەپاش ئەو شلەژانو دەمارگرژبوونەی ئەمڕۆ.

کەچووە فڕۆکە ساغەکە؛ کچەی (چاودێری کەشو هەواناسی) پێشوازی لێکرد، هەستی بەشەرمەزاری دەکرد چونکە هەتا ئێستایش ناوی نازانێت، لەکاتێکدا ئەم کچە (**ئەلکسی**) لەسۆزو خۆشەویستیا نوقم کرد، ئەوەندە هاتە گۆ:-

● ئەوە تۆی هاوڕێی چاودێر.

بەڵام دەنگی (**ئەلکسی**) لەنێو دەنگی مەکینەی فڕۆکەدا بزربوو، زۆری نەبرد کچەکە لێی نزیک کەوتو گورزەیەکی دایە دەستو گوتی:-

● ئەمانە نامەی تۆنو لەلای خۆم پارێزراون، چونکە گومانم نەبوو کە تۆ زیندووبیتو دەگەڕێیتەوە؛ بگرە هەستیشم بە هاتنەوەت دەکرد. ناونیشانی هەندێکیان دەسخەتی باوکی بوو، ناونیشانەکانی دی وەک دەسخەتی نامەکانی گیرفانیەتی، کچە چاودێرەکە کوڵمی سور هەڵگەڕاو فرمێسک زایە چاوەکانی پرسی:-

● ئەمانە لە کچێکەوە بۆت هاتوون؟

(**ئەلکسی**) بڕوای کرد کەبەهەڵەدا نەچووە.

لەکاتی هێرشە ئاسمانیی‌یەکەدا ئەم کچە باوەشی کرد بەئەلکسی‌داو چەند ڕستەیەکی گوت، ئێستا تێدەگات کەئەو چەند رستەیە چ مانایەکی بووە! جورئەت‌و پرکێشی نەدەکرد راستی بەم کچە ڕابگەیەنێت‌و گوتی:-

• نەء.. نامەی خوشکێکی شووکردوومەو ناوی ناچێتەوە سەر ناوی من.

بەم درۆیە برێکیش شەرم گرتی.

لەکاتی گرمەو نالەی مەکینەدا دەنگی تریش دەبیستراو بزردەبوو، لەم کاتەدا دەرگای فرۆکە وازکراو پزیشکێک خۆی کرد بە ژووردا، سەدریەیەکی بەسەر پالتۆکەیدا پۆشی‌بوو، (**ئەلکسی**) ئەوەی نەدەناسی ، پرسی:-

• بریندارێکیان هێنایە ئێرە؟ زۆر باشە بریندارى دووەم ئامادە بکەن ئێستا دەڕۆین؛ ئەی خانم تۆ لێرە چی دەکەیت؟ (کچە چاودێریش لەپشت (بورا)وە خۆی حەشاردابوو) تکایە خانم بەخێرایی دەرچۆ، ئێستا بەڕێ‌دەکەوین.

• تکایە لەنامە بێ‌بەشمان نەکەیت، بەتاسەوە چاوەنۆڕی نامەت دەکەم. (چاودێرەکە لەو ژاوەژاوەدا ئەمەی بە (**ئەلکسی**) گوت:

فرەی نەبرد پزیشکەکە بەیارمەتی (بورا) عەرەبانەی بریندارێکی دییان کرد بەژووورداو بەدەم ئازارەوە دەینالاند ئەویش (کوکوشکین)بوو، پزیشکیش چاوێکی بەژوورەکەدا گێڕاو، دەستێکی‌دا بەسنگی (**ئەلکسی**)داو گوتی:- ئێستا چۆنیت؟ بزانین لێدانی دڵت چۆنە؟ (سەرێکی لەران) چەندە بەهێزو خۆڕاگریت، برادەرەکانت چیرۆکی سەیرت لێدەگێڕنەوە؛ مەگەر (جاک لەندەن) شیاوی ئەو چیرۆکانە بێت!

(ئەندریە دیکتارنکو)و (لینوتشکا) لەباسکردنی ئەو خەستەخانەیەدا هیچ زێدە گوێیان نەگوتبوو، لەپێش جەنگدا زانایەکی سۆڤیەتی بەناوبانگ لەم شوێنەدا کاری دەکرد، توێژینەوەی بەپێزو شێوەی تازە بۆ نوێ‌کردنەوەی لاشەی مرۆڤی پێشکەش دەکرد، بەتایبەتی بۆنەخۆشی‌و ئەندام نەخۆشان، ئەم دامەزراوە ئێجگار بەناوبانگ بوو.

ئەم زانایە ئەو شوێنەی کرد بەخەستەخانەی ئەفسەران، لەوێدا بریندارەکان بەتازەترین شێوە چارە دەکران، کە ئاگری جەنگ

لەپایتەختی سۆڤیەتی نزیک کەوت، ژمارەی قەرەوێڵەکانی چوارقات زیاد کران ٨٧ ژووری خوێندنەوەو کتێبخانەو فرمانبەرانو میوان کران بەژووری نەخۆش، تەنانەت خۆیشی چووە ژوورێکی بچووک کە جێگای پزیشکی جێگر بوو، تەنانەت لەم ژوورەیشدا ئەو قەرەوێڵانە دائەنرا کە بۆنەخۆشی تازە بەکارئەهاتو ژمارەی ئەو نەخۆشانەیش تادەهات لەزیادبوون بوو، (فاسیلی فاسیلفیتش) ئەندامی ئەنجومەنی سۆڤیەتی بالاّو زانای بەناوبانگی سۆڤیەت سەرۆکی ئەم خەستەخانە بوو، لەسەرۆکەوە هەتا بچووکترین کارمەند ئێجگار شەکەتو ماندوو بوون، کارکردنو برسیەتی بۆژەی کردبوون، بۆ پاراستنی نەریتو یاسای خەستەخانەکە شەویان دەخستە سەر ڕۆژ، زۆر چاودێری نەخۆشەکان نۆرەیان لەسەر یەک دەگرت، کچە نەخۆشەوانەکان هەر چەندە قاچیان ئێجگار شەکەت دەبوو، بەلاّم زۆر بەوردیی ئامۆژگارییەکانی پزیشکیان ئەنجام ئەدا، نەخۆشەکان وەک جاران چاویان لەهەڵەو پێشێلکردن نەدەپۆشی؛ بەڵکو وەک لافاو ڕەخنەو قسەیان لەزار دەباری. تەنانەت لەکاتی هێرشی ئاسمانیشدا یاسای نێوخەستەخانە باشتر ئەنجام ئەدرا، نەریتو ڕابردووەکانی ئەم خەستەخانەیە ئێجگار گەش بوو، هەمیشە باشتر ماندوو دەبوون بەڕادەیەک باس ناکرێت!

لەکاتێکدا (فاسیلی) سەرۆکیش لەسەردانێکی بەیانیدا دوو جێگای تازەی بەرچاوکەوت لەنزیک پلیکانەی هەورەبانی نهۆمی دووەم، بەتووڕەیی بەپزیشکی ئێشکگری گوت کە هەمیشە پیرێکی پشت کۆماوە بوو:-

● ئەم نەخۆشانە کێن؟

پزیشکی ئێشکگریش لەبەردەم تەماشای تیژی سەرۆکدا وەک قوتابی وەلاّمی دایەوە:-

● دوو فڕۆکەوانن ئەمشەو گەیشتوون، یەکێکیان ئێسقانی سنگیو باڵی شکاوەو حاڵیشی ئاساییە.

بەلاّم ئەوی تریان (ئاماژەی بۆ زامدارێکی لاوازی چاو نیشتوو کرد) حاڵی ئێجگار لەمەترسیدایە:-

●هەردوو قاچی ووردو خاشو تووشی (گەنگرین) بووە، جگە لەمەیش ئێجگار لاوازو بێتینە، هیچ هیوام پێی نییە، ئەو پزیشکەی جەبهەکە

هێناویەتی دەڵێت (١١) ڕۆژ لەپشت ئەڵمانییەکانەوە خۆی کێش کردووە، بێگومان ئەمەیش زۆری پیانراوە.

سەرۆک نەیهێشت قسەکانی تەواو بکات؛ بەتانی لەسەر (**ئەلکسی**) لابردو ئێجگار بەووردیی کەوتە سەرنجدانو فەحسکردن؛ پاشان بەتووڕەیی نەڕاندی:-

- کێ ئەم ژمارەی لێرە خەواندووە؟
- لەڕارەوەکەدا جێگانەماوە؛ خۆیشت...
- (خۆیشت خۆیشت)ی چیی ئەی ژووری/٤٢؟
- ئەمە ژووری گەورەکان نیە؟ (کۆلۆنێلەکان).
- هۆڵی گەورەکان؟ چ دەبەنگێک ئەمەی فەرمووە؟
- لەمەوپێش گوترا کەپێویستە چەند جێگایەکی تایبەتی بۆ پاڵەوانەکانی یەکیەتی سۆڤیەت قۆرخ بکرێت.
- پاڵەوان! پاڵەوان! هەموو کەس لەم جەنگەدا پاڵەوانە، ئێستا هەردوکیان دەبرێنە ژووری (٤٢)، چیی دەخولقێنن! ژووری گەورەکان؟

سەرۆک وەرگەڕاو لەگەڵ جێگرەکانیا ئێجگار شڵەژابوون، ڕوویان کردە (**ئەلکسی**)، چەرچەفیان لەسەر لابردو دەستی خستە سەر شانیو گوتی:-

- ڕاستە تۆ دوو هەفتە لەپشتی ئەڵمنایەکانەوە خۆت کێش کردووە؟

(**ئەلکسی**) لەوەڵامدا بەدەنگێکی لاواز گوتی:-

- ڕاستە تووشی (گەنگرین) بووم؟

سەرۆک سەرنجی لەجێگرەکانی داو بەلای (**ئەلکسی**)دا وەرگەڕاو گوتی:-

- ناتوانین لەتۆ ڕاستی بشارینەوە؛ بەڵێ (گەنگرینە)، وەلێ پێویست بەترسان ناکات، نەخۆشی نیە ئافاقەی نەبێت، بارودۆخیش نیە بەسەردا نەیەت کاریش بەدڵی تۆ دەبێت.

سەرۆک لەوێ ڕۆیشتو قسەکانی لەقاوشەکەدا دەنگی ئەدایەوە، هۆڵی گەورەکان (وایان پێدەگوت) لەنهۆمی یەکەمداو لەسەر پەڕی ڕاڕەوەکەدابوو،

پەنجەرەکانیان ڕوویان لەباشوورو خۆرهەلات بوو، بۆیەکا بەدرێژیی ڕۆژ هەتاوی لێ نەدەبڕاو لەم جێگا بۆ ئەو جێگا خۆی دەگوازتەوە، لەچاو ژوورەکانی دییدا بچووک بوو، لەپێش جەنگدا دیاربوو جێگای دووکەس‌و دوومێز بوو، بەلام ئێستا (٤) کەس تیا ڕاکشاوە، یەکێکیان شۆفێری تانکەو وەک منال داپێچراوە؛ بەدرێژی ڕۆژ لەسەر پشت کەوتووە، بەبێ هۆشیی چاوی بڕیوەتە بنمیچەکە، (ستیبان ایڤانوفتش) جیرانێکی دیی (**ئەلکسی**)یە، ئەم پیاوە عەجوولە و مەشرەف خۆشەو سمێلەکانی جوان‌و سووربابوون.

لەخەستەخانەدا یەکتری زوو دەناسن، لەشەودا (**ئەلکسی**) زانی کە (ایڤانوفتش)ی جیرانی خەلکی سیبریایە؛ سەرۆکی (کۆلخۆز)ەو ڕاوچیەکی کارامەیە، کەهاتە ڕیزی بزووتنەوەی نیشتمانی؛ ناوی بەباشترین دەست ڕاست دەرچوو، خۆی‌و دوو کوڕی‌و خزمانی بەشداریان لە شەڕەکانی (ئیلنیا)ی بەناوبانگدا کردووە کە نزیکەی (٧٠) ئەلمانیان کوشت بەم جۆرە نازناوی (پالەوانی یەکیەتی سۆڤیەتی) پێ بەخشرا.

(جیهانی بریندارە مەزنەکان) لەدیواری خەستەخانەکە تێ نەدەپەڕی، ڕێگا نەئەدرا ژیانی دەرەوە بەهۆلی (بریندارە مەزنەکان) ئاشنا بێت،

کارەسات‌و زریانەکانی دەرەوە وەک چرپەیەک دەبیستران، بەم شێوەیە ڕووداوە گرنگەکان کەهەموو کەس باسیان لێدەکرد؛ وەک زەردەوالەیەکی ئالتوونی بوو کە بەپەنجەرەوە دەنیشتەوە، یاخۆ وەک بریقەی پێلاوێکی تازەی (کلافدیا میکایلوڤینا)بوو کەبۆ شانۆ خۆی ئامادەدەکرد، کەمرەبای قەیسی‌و هەرمێ دەگەڕا هەموو لایەک کەیف خۆش دەبوون. ئەوەی لەلای (بریندار مەزن) نەگۆڕ بوو زامە کەی خودی خۆی بوو، کەپال دەکەوت بیری لێ دەکرد، خەونی پێوە دەبینی، بەیانی کەهەلدەسا دەستی دەهێناو چەوتەو شیرەی ئەدا.

(کوکوشکین) هەمیشە قالەی دەهات، لەو باوەڕەدابوو کە پارچە تەختەی (تەتە) سەرشکاوی‌یەکەی بە هەلەدانراون؛ سارغیەکان زیاد لەپێویست شەکەت دراون؛ شێوەگرتنەوەی ئێسقانەکان هەلەیەو لەپاشەڕۆژدا دەبێت بشکێتەوەو بگیرێتەوە، تەنها (ستیبان)یش ئەیتوانی

بەکۆماوەیی برواو هەمیشە ئۆباڵی دەخستنە ئەستۆی ئەو بۆمبە دەبەنگەی کە پیا تەقیەوە، (**ئەلکسی**)یش بەزۆر هەستی خۆی کپ دەکردو خۆی واپیشان ئەدا کە گوێ بەتێبینی پزیشکان نادات، بەڵام بەردەوام پزیشک سارغی لەسەرقاچی لادەبردوو وێنەی (X)ی بۆ دەگرت، کەلە چاوەسووربوەکانی خۆی رادەما ترسو سام دایدەگرت. لەم کاتەدا میزاجی رەشبین بوو، ترس دایگرتبوو، تەنانەت نوکتەیەکی خۆش؛ قەدکردنی پێخەفێ؛ کەوتنی فلچەیەک لەدەست برینپێچێک؛ ئەمانە ئالۆزیان دەکردو تووڕە دەبوو.

ڕاستە بەخواردنی باشو دابینکردنی بڕی پێویست بووژایەوە، لەکاتێکدا هێزو تینی لەشی باشتر دەبوو بەڵام دۆخی قاچەکانی هەتا دەهات خراپتر دەبوو، پزیشکان توانیان ئاوسانی قاچەکانی لەسنورێکدا بوەستێنن؛ ئەویش بەهۆی ڕێگایەکی نوێ کەپێی دەڵێن (گەمارۆ)، بەڵام ئازار تا دەهات پەرەی دەسەند، بەڕادەیەک بەدرێژی ڕۆژ سەری لە نێوپێخەفەکەیدا نوقم دەکرد، دیارە کە شەویش دەهات دەرزیەکی (مۆرفین) دەیخەواندو چەند سەعاتێک دەیحەواند، پزیشکان کەسەردانیان دەکرد (قاچبڕین)یان ئەدا بەگوێیدا، چەند جارێکیش (فاسیلی) سەرۆک لەپشت سەریەوە دەوەستاو دەیگوت:-

- جەنابی خۆکێش دیارە قاچەکانت بێزاری کردوویت، بەخێرایی لەم ئەندامە زەرەرمەندە ڕزگارت دەکەین.

کەئەمانەی دەبیست خوێن لەدەمارەکانی (**ئەلکسی**)یدا دەمەیی و بەبێ ویستی خۆی سەری دەلەرزیو دانەکانی چیرِدەکردەوە.

پزیشکیش دەیگوت:-

- باشە.. باشە ئەمە ئازاری خۆتەو ئێمەیش بەپێی توانا بۆ ڕێگاچارەی دیی پەنا دەبەین. کەدەرگاکە کلۆم کراو هەنگاوەکان لەڕاڕەوە درێژەکەدا کپ بوونەوە؛ (**ئەلکسی**) چاوی نووقابوو.

بەخۆی دەگوت:-

- (قاچەکانم! قاچەکانم! قاچەکانم).

ئایا بڕیاردرا وەک (کمشین)ی خاوەن بەلەمی شارەکەت بێ قاچ بێت ئەم پیاوە کەدەیویست لەقۆڵگادا خۆی بشوا دوو قاچە دارینەکەی دائەمالیی‌و لەقەراخ دای ئەنا، مەیمون ئاسا لەسەر دەستی دەکشا تا دەگەیشتە ئاوەشینەکان. ئەوەی دەردی زۆر گرانتر دەکرد:-

لەکاتی گەیشتنی ئەم خەستەخانەیە بەردەوام نامەکانی شاری (کمیشین) بۆ دەهات ودەیخوێندنەوە ، ئەمەش ئازارە معنویەکانی زۆرتر کردبوو، نامە سێگۆشەکانی دایکی کەم‌و کورت بوون، پڕبوون لەدەنگ‌وباسی خۆیان‌و خزمان و سلاویان‌و دەیگوت:-

● ماڵ هەموو شتی باشە؛ لەم بارەیەوە دەبێت دڵنیابیت، تەنها گوێ بەتەندروستی خۆت بدە، ئاگات لەسەرمابێت، قاچەکانت لەتەڕبوون‌و خۆت لەفێڵ‌و ئۆینی ئەڵمان بپارێزە.

ناونیشانی زەرفەشینەکان قوتابی ئاساو بەخرپی‌نوسرابوون، کچۆڵەیەک نامەکانی ناردبوو کە هاوڕێی قوتابخانەی (**ئەلکسی**)و ناوی (ئولیا) بوو، ئەمەش لەشاری (کمشینی)؛ شارەکەی خۆی دەژیاو فەرمانبەری تەکنیکی کارگەی دارتاشی بوو، خۆیشی لەم شارەدا ماوەیەک لەکاروباری کانزاکاندا کرێکاربوو، (ئولیا) نەبەتەنها هاوڕێی خوێندنی بوو؛ نەنامەکانیشی ئاسایی بوون، چەند جارێک دەیخوێندەوە؛ بەشوێن مانایەکی نهێنی‌دا وێڵ بوو، زۆریش بەو نامانە کەیف خۆش‌و بەختەوەردەبوو.

(ئولیا)بۆی نووسیبوو کە هەتا گوێچکەی لەکاردا نوقمە ؛ بەڕادەیەک لەکارگەدا دەخەوێت، کارگەیش گۆڕاوە، بەرهەم‌و چۆنێتی بەڕادەیەک بەرزبۆتەوە ئەگەر (**ئەلکسی**) دیبایە لەخۆشیدا هەڵدەپەڕی، لەکاتی پشووەکاندا - هەرچەندە ئێستا دانسقەن - مانگی جارێک سەردانی دایکە پیرەکەی دەکات کە حاڵی ئەویش باش نیە، چۆن حاڵی باش بێت؟ ئەوە ماوەیەکی دوورە نامەی کوڕەکانی پێ نەگەیشتووە، لە کۆتایی نامەکەدا (ولیا) تکا لە (**ئەلکسی**) دەکات کە نامە بۆ دایکی بنووسێت؛ چونکە دایکی (**ئەلکسی**) تەنها دڵی بەو خۆشە. کەواتە بارودۆخی (**ئەلکسی**) چ لەڕووی دایکی‌و چ لەڕووی (ئولیا)وە خراپە، ئەگەر بەسەرهاتیان بەڕاستی بۆ باس بکات ئەوەندەی تر خراپ دەبن؛ بۆیە بڕیاری‌دا کەڕاستیان لێ بشارێتەوە، گوایا هۆی گۆڕینی ناونیشانی دەگەڕێتەوە بۆ کارێکی تایبەتی

- کە لەپاش جەبهەوە پیّی سێراوە؛ پێدەچێت ئەو کارە زۆر بخایەنێتو ئەمیش لەشوێنە تازەکەی زۆر بمێنێتەوە! (دیارە بۆ دڵنیا کردنی دایکی).

ئێستا پزیشکان ووشەی برینەوە زۆر بەکاردێنن، (**ئەلکسی**)یش ئێجگار ترسو لەرز دایگرتووە؛ بۆشارەکەی چۆن بگەڕێتەوە؟

چۆن لەگەڵ دایکیو (ئولیا) بەبێ قاچ دانیشێت؟ کەواتە (مردن نەک برین) هەڵدەبژێرێ، کەڕادەکشا ئەوها بیری دەکردەوە، دەشڵەژاو تووڕە دەبوو!

هەفتەیەک دەبوو نەخۆشەکانی ژووری (٤٢) لەچوارکەس تێنەپەڕیبوون، ڕۆژێکیان (کلافدیا)ی برینپێچ هاتە لایانو لەچاوەکانیا ترسو شڵەژان دەخوێندرایەوە، داوای لێدەکردن تەکەتەکەیەک بکەنو جێگای نەخۆشێکی دی بکەنەوە.

(ستیبان ایڤا نوفتس) بە گوێزانەوەی بۆ نزیک پەنجەرەکە ڕازیبوو بگرە پێشی خۆشبوو، بەڵام (کوکوشکین) جێگەکەی خزایە سووچێکی نزیک (شیبان)، ئەمەش بێزاری کردو وبگرە فەرتەنەو هەڕەشەیشی دامەزراند، برینپێچو خەستەخانەکەیشی داشۆردو (فاسیلی) سەرۆکیشی نەبوارد، هەڕەشەی شکاتی دەکرد... لای کێ؟ ئەوەندە لەسەر ئەم فەرتەنەیە ڕۆیشت کە کار گەیشتە ڕادەیەک پەرداخێکی سەرمێز بگرێتە کچە برینپێچێکە، بەڵام بەسەرنجێکی سەرزەنشتی (**ئەلکسی**) گەڕایەوە؛ تێگەیشت کەدەبێت پابەندی یاساو نیزام بێت.

لەئەنجامدا قەرەوێڵەیەکی نزمی باش ڕێکخراو هاتەژوورەکە، زۆری پێنەچوو برینداری پێنجەم ڕاکشا، پیاوێکی لەشقورس بوو، سەروچاوی خڕو تاشراوبوو، لە بێ تینیدا دەلەرزی، خۆی بەرز کردەوە، چاوێکی چلێسانەی بەژوورەکەدا گێڕا، لە (ستیبان)یش کەمێک ڕاما؛ وەک بڵێ:-

● چۆنی برادەر؟

دەرکەوت ئەم نەخۆشە ئازاری ئێجگار زۆرە، هەرچەندە خۆی وانیشان نادا!بەڵام حاڵی باش نیە، کە هاتە سەر جێگا؛ لەسەرمێزەکەی دامێنی کتێب و دەفتەرو شووشە قۆلۆنیاو فرشەی دانو مەکینەی ڕیش دانران،

هەستی بە دڵنیابوونو حەوانەوە کرد، وەک ماڵی خۆی قاچی ڕاکێشاو بەدەنگێکی نزمی گڕ گوتی:-

● ئیدی بایەکتر بناسین، من (سیمون فوروبیوف)م لێپرسراوی پۆلم، من حەز لەهێمنی دەکەم جگەرە ناخۆم، تکا دەکەم بمکەن بەئەندامی کۆمەڵگاتان.

لەدەمو چاوی برادەرانی بەووردی ڕادەماو بە جوانترین شێوەو دووان گوتی:-

● زۆر لێرە نامێنمەوە، ڕاو بۆچوونی خەڵکانی دییش نازانم چیە، بەڵام بێگومانم لەم شوێنەدا کەم دەمێنم، سوارەکانم چاونۆڕی مـن دەکەن، وەک گۆرانی دەڵێت:-

● ئێمەین سواری سوور... ئێمەین)

منیش بانگ دەکرێم:-

● یا بۆپێشەوە... وانیە؟

(کوکوشکین) ڕووی بۆ دیوارەکە وەرچەرخانو گوتی:-

● گشتمان لێرە کەم دەمێنین کەبەفر توایەوە بۆی دەردەچینو بەرەو ژووری ژمارە (٥٠) مل دەنێین.

ژووری ژمارە (٥٠) لەخەستەخانەدا نەبوو، نەخۆشەکان مەبەستیان پێگۆڕستان بوو، کابرای لێپرسراوی فەسیل لەو مانایە نەگەیشت، بەڵام لەپوختەی نوکتەکە گەیشتو بەڵام بەحەپەسانەوە لە (کوکوشکین) ڕاماو گوتی:-

● برادەر تەمەنت چەندە؟ ئاخ سورفلی قڕن تۆ بەخێرایی پیردەبیت.

شێوازو ڕووخساری ژووری (٤٢) لەو کاتەوە زامداری پێنجەم هاتووە؛ گۆڕاوەو ژیانیان پڕبووە لە سوعبەتو بووژانەوە، ئەم مرۆڤە ئێجگار شارەزاو مەشرەف خۆشبوو، ستێبان واتە فریشتە لە ڕۆژی دووەمی هاتنی کلیلی بۆ هەموان دۆزیو گشتمانی هێنایە دووان.

لەگەڵ (ستێبان)دا باس هەر باسی ڕاوو مۆچاندنی ئەسپو چارەوێبوو؛ لەڕاستیشدا هەردوکیان شەیدای ئەم دوو شتەبوون، لەگەڵ (**ئەلکسی**)یشدا باسی هونەری جەنگ و فڕۆکەو تانک بوو، باسی شۆڕش و خاسیەتەکان بوو،

بەلام ئەوەیشی دووپات دەکردەوە کەکاری سوارەیش لە جەنگدا هەر پێویستەو رۆلی تایبەتی خۆی هەیە، بواریش زۆرە بۆ ئیسپاتکردنی ئەم رایە:-

(هێزی سوارە ئەگەر کەرەسەی پێویستو سەرکردەی لێزانو بەهەلمەتی بۆ دابین بکرێت؛ جیهان سەرسام دەکات).

نەیهێشت رۆلەی (تانک)یش بێ دەنگ بێت (کوکوشکین)یشی هێنایە سەر قسەو باسو تفاقی (شەترەنج)ی بردە سەر جێگاکەی، هەرچەندە باشی نەدەزانی وەلێ بە(کوکوشکین)ی دۆڕاندو وڕی کرد.

وەک بەیانیان چۆن ژووری (٤٢) جێگای هەلدەگیرێو پەنجەرەی واز دەکرێو بە هەوای پاکی (مۆسکۆ) خاوێن دەکرێ؛ ئەوەهایش بێدەنگیی پێشێل دەکراو پڕدەبوو لەباسو چیرۆک، کابرای مفەوەز زۆر بەسادەیی دەژیا، چالاک و قۆشمەبوو، ئازارەکانی دەشێلاو لە یادی دەکردن.

بەیانیان لەشوێنەکەی خۆی بالەکانی رادەوەشاندو دەنووشتاو هەلدەساو وەرزشی دەکرد، سەریشی بەشێوەیەکی تایبەت دەجولاند، قۆلو دەمو چاوی چالاکانە پاک دەکردەوە، کولمەکانی وەک گول سوور دەبوونو پڕدەبوون لەخوێن. کە رۆژنامەکان دەهاتە ژوورەکە لەبرینپێچی رادەپسکانو بەدەنگێکی بەرزو جۆرێکی تایبەت دەیخوێندەوە، راو تەعلیقی خۆیشی دەخستە بان، سەرەتا هەوالەکانی جەبهەکانی جەنگو دواتریش هەوالەکانی نووسینگەی تایبەت، ناوناوەیش دەیگوت:- ئەمە راستە، یاخود رادەچلەکیو دەیگوت:- (ئەم بەرازە بۆگەنە درۆ دەکات، لەسەر سەرم گرەو دەکەمو یەک سەعات هەرگیز چاوی بەجەبهە نەکەوتووە، بێشەرمانەیش دەنووسێو تەعلیق ئەدا)!!.

خەریکی فێربوونی زمانی ئەلمانی بوو، رۆژی دووجار دەیخوێندەوە، هەرچیشی دەخوێند بەهەوەسی خۆیو بەردەوام تەعلیقی لێ ئەداو دەیگوت:-

● دەزانی برادەرینە بەجوچکە چی دەلێن؟ دەلێن (کوشلشن) جوانە! بەجەرەسی گچکە دەلێن (کلوکلسن)؛ سەیری ئەم وشە قەبەیە کەن!!.

(ستیبان) رۆژێک خۆی پێنەگیراو پرسیاری لێکرد:-

• چ شیرینیەکت بەزمانی ئەڵمانیدا چووە، هاوڕێی مفەوەز! بۆ خـۆت شەکەت دەکەیت؟ مۆرەیەکی لەسەربازە پیرەکە کردو گوتی:-

• قژنە... ئازایەتی پیاوی سۆڤیەتی کامەیە؟

کەسوپامان گەیشـتە بـەرلین بـە چ زمـانێک لەگــەڵ ئەڵمـانیدا بدوێـم؟ بەزمانی (تشاڵدون)ی سیبریایی بدوێم ..هـ...هـ..؟

(سـتیبان) لەو کاتـەدا لەسـەر جێگـای مفـەوەز دانیشـتبوو، ویسـتی بەتەوسـەوە بڵێـت:- (ئەڵمانیەکـان لەنزیـک مۆسـکۆن)، ئێمـەیش لە وڵاتـی ئەوانـەوە ئێجگـار دووریـن؛ بـەڵام بـڕواو ئیمـانی مفـەوەز لەو قسـانەدا دەبریسکان‌و سەمایان دەکرد؛ بۆیەکا گوتی:-

• باشە بـرادەر، نەبەزمـانی (تشـالدون)ی سـیبریاو نەبـەهیچ زمـانێکی سۆڤیەتی لەگەڵیان مەدوێ؛ بەڵام هاوڕێی مفەوەز بۆ تۆ واباشترە حـەکیمی حاڵی خۆت بی‌و ئەم هەموو برینەی خۆت لەیاد نەکەیت.

ئەو پەندەت لەبیرە کە دەڵێت: (ئەسپی نازدارو فرە خزمەت لەمـەیدانی شەڕا زوو دەڕمێ و بەچۆکادێت..هـ..هــ ئـەی قژنـە؟ نەخۆشـەکان کەسـیان ڕدێنیـان نـەبوو، بـەڵام کـابرای موفـەوەز بەهەموویـانی دەگـوت:- (قژنــە)و کەسیش هۆی ئەمـەی نـەدەزانی‌و کەسیشـی پەسـتو وەڕز نـەدەکرد؛ بگـرە پێکڕا هەموویان دەخەنین و کەیفیان پـێ دەهـات. (**ئەلکسی**) چـەندین ڕۆژ لەم مفوەزە ڕادەما و دەیویست لە نهێنـی ئـەم وورە بـەرزەی بگـات، حـاڵی ئێجگار لە مەترسی دا بوو، ئازاری ئێجگار سەخت بوو. کە لە جێدا ڕادە کشا ساتێک بێ ئاخ و ئۆف نەبوو، بەڵام کـە جیهـان ڕووناک دەبوو، چاوەکـانی دەکـردەوە، بـزە و پێکـەنین لە لێـوی نـەدەبڕا و چمانـە ئـازاری هەیـە و نـە نەخۆشی، کە پزیشکەکان دەهاتنە سـەری نوکتـە و نەسـتەقەکان بـەردەوام بوو. کە بە ووردی سەرنجت لێ ئەدا؛ هەستت دەکرد کە پەنجەکانی شـێتانە لە پێخەفی گیر کردوون، ئارەقیش زەنگۆڵ زەنگۆڵ لە دەم و چاوی دەتەکێ بە تایبەتی لە نزیک لووتی.

(**ئەلکسی**) شەیدای ئەوە بوو چـۆن لە نهێنـی ئـەم پیـاوە بگـات و چـۆن ئەرکی ئەم هەموو سزا و ئازارە هەڵ دەگرێت، ئەم لێشـاوی ووزە و خۆگریـە لە کوێ دەهێنێت، چەندە دڵـی بـە ژیـان خۆشـە! لە کـاتێک دا (**ئەلکسـی**) بەمۆرفینیش ناتوانێت ڕابکشێت. سەر لە نوێ ووشـەی (برینـەوە) کەوتـەوە

سەر زاری پزیشکان، کە (**ئەلکسی**) هەستی بە نزیک بوونەوەی ڕۆژی دیاری کراو کرد؛ بڕیاری دا ژیانی بێ قاچ ڕەدبکاتەوە. ڕۆژی ترسناک هاتە پێش (فاسیلی) سەرۆک لە سەردانێکی ئاسایی دا بەووردیی کەوتە سەرنج دان و چەوتە وشیرەی قاچە ڕەشەکانی (**ئەلکسی**) کە سڕ و بێ هەست بوون؛ چاوی بڕیە چاوەکانی و گوتی:

- بڕینەوە پێویستە!

(**ئەلکسی**) دەرفەتی ووشەیەکی نەبوو چونکە دکتۆر بە هێزەوە گوتی:-.

- دەمت داخە... یا بڕینەوە یا مردن.. تێدەگەیت؟

فاسیلی لە ژوورەکە بەبێ تەماشا کردن دەرچوو.

ژوورەکە سام و بێ دەنگیی قووڵ بە سەریا کشا،

(**ئەلکسی**)یش ڕاکشا، ترس و لەرز لە نێو چاوی دەبارییی،

وێنەی خاوەن بەلەمی قاچ بڕاو هاتەوە پێش چاوی...کە بە ڕووتی بە سەر بەلەمدا مەیموون ئاسا.. بە ڕەو ڕووبار خۆی کێش دەکرد.

- لێوشا؟ موفوەزەکە بە ڕوو خۆشی بانگی لێکرد
- چیە؟ (**ئەلکسی**) بە دەنگێکی لە دوورەوە وەڵامی دا؟
- لێوشا ئەمە پێویستە.

لەم کاتە دا (**ئەلکسی**) وای دەزانی کە خودی خۆیەتی بە سەر بەلەمدا بە چوار پەل-مەیمون ئاسا- دەکشێت نەک خاوەن بەلەم،.(ولیا)ش قەشەنگ وەک خۆر لە تەنیشتی وەستاوە؛ لێوەکانی بەددان دەکرۆژێت و تەماشای دەکات... کەواتە هەر وایش دەبێت، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و لەشی وەک بینی ئاو دەلەرزیی، گشت ئامادە بوانیش هەستیان بە شەکەتی و ئازار دەکرد. (ستیبان) لە (**ئەلکسی**) نزیک کەوت، بەلام موفەوەز فریا کەوت. بە دەستی ئیشارەتی بۆ کرد و گوتی:-

- لێی گەڕێ بابگریی!

بە داڕژانی فرمێسک دڵ و دەروونی (**ئەلکسی**) هێور و دامرکایەوە، هەستی کرد کە مرۆڤێکە لە پاش ماندو بوونێکی زۆر تازە خۆی دەناسێ و ئەم کێشەیەش بڕیاری لە سەر دراوە و هیچ بوارێک بۆ نەکردن نیە. لە کاتی

بردنی بۆ ژووری سپی نەشتەرگەریی‌ئەو هێمن و بێ دەنگ بوو، تەنانەت لەو کاتەیشدا کە پزیشک بڕیاری ئەوەی دا دڵی بەرگەی بێ هۆش کردنی گشتی ناگرێت؛ (**ئەلکسی**) متەقی لێوە نەدەهات، پزیشکان بڕیاری ئەوەیان دا کە تەنها شوێنی پێویست بەنج بکرێت، تەنانەت لەو کاتەیشداکە خودی (فاسیلی) بەتەنهاو بێ کچانی برینپێچ دەستی کرد بە نەشتەرگەریی؛ ئەم هیچ ناڕەزایی پیشاننەدا؛ بەڵام فاسیلی ئێجگار تووڕەو ژاکاوبوو. بەهێوری وبێباکی (**ئەلکسی**) ئێجگار حەپەسابوو، لەترسی مردنی لەژێر مقەستا؛ زووزوو فەحسی دەکردەوە.

لەکاتی بڕینی ئێسکدا هەستی بەئازاری ئێجگار سەخت دەکرد، تەنانەت نەیدەزانی ئەو خەڵکە بەرگ سپیو قیناع پۆشەو بەو ژمارە زۆرەو لەدەوەروبەری ئەو چ دەکەن؟

لەژوورەکەی خۆیو لەناو نەخۆشەکانی برادەریدا هاتەوە هۆش خۆی، کەچاوی بەرزکردەوە یەکەم جار کچۆڵەیەکی پەستی دیی، هیچ شتێکی نەشتەرگەری لەبیرنەمابوو، لەپەستیو خەفەتباری کچە سوورفلەکە حەپەسابوو، ئەم کچۆڵەیە بەچاوکردنەوەی (**ئەلکسی**) زۆر گەشایەوەوکەیف خۆش بوو، لەژێر پێخەفەکەوە بەنیازی فەحسکردنی (لێدانی ترپەی دڵ) دەستی گوشیو گوتی:-

- چەندە بەهێزێت!

لەبەرخۆیەوە دەیگوت:-

- ئەمە چی لەمن دەوێ؟

خێرا هەستی کرد کە ئێشی قاچەکانی لەجاران زۆرتر بووە، بەحەپەسانەوە لەتارمایی‌و چرچی بەتانیەکەی سەری تێگەیشت کەلە جاران کورتر بووە، لەهەمان کاتیشدا هۆڵی نەشتەرگەریی ڕووناکو تێبینە سەختەکانی فاسیلیو برینەوەی ئێسقانەکانی وەبیر هاتەوە، لەبەرخۆیەوە ئەم پرسیارەی کرد:- ئیدی تەواو بوو؟ ڕووی کردە کچە برینپێچەکەو گوتی:-

- لەو بڕوایەدام لەجاران کورترم.

زەردەخەنەی (کلافدیا)ی برینپێچ بووبە لووشکەی گریانو پەستیی، بەسۆزەوە قژەکانی ئەلکسی رێک خستو گوتی:-

● برادەر ئەمە هەرگیز گرنگ نییە... لەماوەیەکی کەمدا هەست دەکەیت رزگارت بووە.

● ئەمە راستە! لەئێستاوە هەست دەکەم چەند کیلۆیەک لەکێشم کەم بۆتەوە، بەرای تۆ چەند کیلۆ دەبێت؟

● ئەمە پێویست نییە، تۆ پیاوێکی بەجەرگو خۆگریت، خەڵکانی وەک تۆ هاوارو فیغان دەکەن، بەتوندی دایان ئەبەستن، بەلام تۆ ئۆفێکت لێوە نەهات، ئاخ لەم جەنگە! ئاخ!

لەم کاتەدا موفەوەزەکە لەژوورەکەدا کردی بەقاڵەو هەراو گوتی:-

● هاورێی برینپێچ ئەم نازە چییە... خێرا نامەکانی بەرەی شەری بۆ بهێنە، مێژووەکانی جیاوازبوون، بەلام گشتیان لەرۆژێکدا گەیشتن، لەسەرپشت یەک بەیەک دەیخوێندنەوە، ژیانی پر لەئازارو مەترسی دووری دەهاتە پێش چاو،

ئەو ژیانەی هەتا هەتایە لە تام و چێژی بێ بەش بوو، لەم کاتەدا ئازاریش زیفی لێ سەند و وەڕزی کرد.

ئەوەندە سەرقاڵی خوێندنەوەبوو، هەستی بەجیاوازیی مێژووەکانی نەدەکرد، هەرگیز بەزەینیا نەدەهات کەجەنابی مفەوەز بەشێکی لەو نامانە بۆ رۆژی رەش لاداوە، بەو هیوایەی هەواڵەکانی فرۆکەخانە ئازیزەکەی‌و هاورێکانی؛ کەمێک لەئازارەکانی (**ئەلکسی**) کەم بکەنەوە. مفەوەزەکە سەربازێکی دێرین بوو، باش دەیزانی کەنامەکان بەتایبەتی لەبەرەی جەنگدا تەئسیری زۆر هەیەو بگرە لەدەرمانو بسکویتیش زۆرترە، پاش نەشتەرگەری قاچەکانی حاڵی (**ئەلکسی**) لەجاران خراپتر بووە، نەدەگریاو نەئاخو ئۆفی دەکرد، نەتوورە دەبوو، هەمیشە ماتو خەمبار بوو،

رۆژان تێدەپەرینو (**ئەلکسی**) لەسەر پشت کەوتبوو، لەسەقفی ژوورەکە رادەما، لەکاتێکدا هاورێکانی لەگەڵیا ئەدوان؛ وەلامی ئەم یا (بەڵێ) یا (نا)بوو، زۆر جاریش وەلامەکانی نەیدەپێکاو هەڵەبوو؛ پاش تۆزێکیش خەمۆکی سوار ملی دەبوو، ئامۆژگارییەکانی پزیشکی بێ‌سێو دوو ئەنجام

ئەدا، ئەو خواردنەی دەبرا بۆی بــە وەڕز بوونــەوە دەیخــواردو لەســەر پشــت دەنووستەوە.

مفەوەزەکە لێی پرسی:-

- هۆ قژنە بیر لەچی دەکەیتەوە؟

(**ئەلکسی**) ڕووی وەردەچەرخاندو تەماشای نەدەکرد.

- بەتۆ دەڵێم... بیر لەچی دەکەیتەوە؟

(میریس) لەبەری خۆیەوە دەیگوت:- (ئەگەر دەمزانــی وام بەسـەردێ؛ هەرگیز خۆم سەخلەت نەدەکردو دەمانچەشم سێ فیشەکی تیابوو).

هەواڵنامەکانی سۆڤیەت چڕو پڕدەبوون، واهەست دەکرا هێزێکی ئێجگـار زۆر لەپشت سـوپای سـوور گردکـراوەو جـۆش دراوە؛ ئامادەیـە بـۆ هـێرش‌و شاڵاو، مفەوەزو (ستیبان) قسەیان لەسەر ئــەو شـوێنە دەکـرد کـە ئەگـەری ئەوە هەیە بکەوێتە بەر شاڵاوی دوژمن؛ ئەڵمانیەکان چۆن خۆیــان ســازداوە، (**ئەلکسی**) لەوەوپێش یەکەم کەس‌بوو خۆی دەهاویشــتە ئــەو جـۆرە بـاس‌و لێکۆڵینەوانــە، بــەڵام ئێســتا لەگوێ ڕادێرانیـــش حــەز ناکــات، ئــەویش لەو بڕوایـەدابوو کەڕووداوەکـان گەیشـتوونەتە حـاڵی خۆیـان‌و گــەیون، هێرشــە سـەختو بەربڵاوەکـان بگـرە چارەنووس‌سازەکان نزیـک بوونەتـەوە. بــەڵام ئێجگار بەوە خەمی دەخـوارد کـە ئـەم ئێسـتا لەپشـت جەبهەوەیـە، بۆیەکا هەمیشـە سـەری دەخسـتە ژێـر پێخـەف؛ بەتاییـەتی لەو کاتـەدا مفـەوەز هەواڵەکانی دەخوێندەوە، ئەم بەو نیازەی هیچ نەبیسـتێ‌و نـەبینێ، سـەری خۆی دادەپۆشی. هەمیشە دێڕە شیعری مەکسیم گۆرکی لەپێش چاو بوو کە لەچامەی (هەڵۆو ئەژدیها)دا دەڵێت:-

(بۆخوشکان خولقاوە نەک فڕین)

ڕۆژێکیان (کلافدا)ی برین‌پێچ سەردانی کردن، لقە گوڵێکـی لەسەرگشـت مێزەکان دانا، ژوورەکەی پڕکرد لەبۆنی خۆش.. بەڕادەیەک دەتگـوت بەهـار ڕژاوەتە هۆڵی ژمارە (٤٢)، گشــتیان بووژانــەوە، تەنانـەت سـتیبانی وریـش لەژێـر سـارغی‌و پێچانـەوە هاتـە قسـە، (**ئەلکسی**) وای دەزانــی کەمــەزراو باخچەکـانی (کمشـین)یـش پڕبـوون لەگوڵ‌و بۆنیـش خـۆی کـرد بەهــەموو ماڵێکدا.

ڕۆژانێکی وەک ئەمڕۆ لەگەڵ (ئۆلیا)و لەقەراخ ڕووباری فۆلگادا[1] ئەو ڕووبارە مەزنەی کە بەهێمنی دەڕۆیشتو پارچە بەفریش بەدەم شەپۆلەکانەوە پیاسەیان دەکرد، ئەمانیش بەجووتە بەبێ دەنگیی دانیشتبوون لە کاتێکی بەختیاردا دەژیان، ئێستایش هەموو شتێک کۆتایی هات، (ئولیا)ش وازی لێدەهێنێت، خۆ ئەگەر خۆشی واز نەهێنێت؛ ئایا (**ئەلکسی**) ئەو خۆبەخشینە قبول دەکات؟ بەتایبەتی پەیوەندیان تەنها دەزگیرانیەو نەچۆتە قالبی ژنو مێردیی، بەلام بەڕاستی خۆشی دەویست، بڕیاری دا ئەو گرێ کوێرە بکاتەوە، (ئۆلیا) لەودوا ڕۆژە پڕ ئازارو دوو دڵیە ڕزگار بکات- بەلام نامەکانی شارەکەی هەتا دەهات زۆردەبوونو دەڕژانە ژوورەکەی، نامەکانی (ئۆلیا) ڕەشبینیان تیا دەبینرا، دڵی خەبەری دابوو کەبەسەرهاتێکی دژوار قەوماوە، ئولیا لەو نامانەدا دەڵێت:-

(هەر چیشت لێقەومابێ من لەسەر پەیمانی خۆمم:- یابۆتۆ یا بۆ گڵ، تەنها یادکردنت بەسە بۆ خەفەتەکانی ئەم ڕۆژە ڕەشانە).

ئەو نامانەی لەگوندەکەیەوە دەگەیشتن ڕووداوی خۆشو گەشیان باس دەکرد، بەلام بۆیەکەم جار ئەو نامانە کاریان لەو نەدەکردو خۆشیان نەدەووژاند، بگرە خەم وکە سەریان بۆ زۆردەکرد، بەڕادەیەک هەڵەیەکی سەختی کرد لەو بوارەدا،لەدواییشدا خۆشی ئازاری پێدەچەشتو پەشیمان بوو، ئەوەی هەڵەبوو کە پرکێشیو جورئەتی نەکرد هەواڵی برینەوەی قاچەکانی بدات بە (کمشین).

لەکاتێکدا (کوکوشکین) بەرەو باش بوونەوە دەڕۆیشت؛ (ستیبان)یش دارشەقەکانی وەلادەنا، بەلام حاڵی مفەوەزو (**ئەلکسی**) تادەهات خراپدەبوو، بەتایبەتی مفەوەز توانای وەرزشی بەیانیانی نەمابوو، هەوکردنی لەشی زۆردەبوو، بەڕادەیەک قۆڵی نەدەنوشتاو توانای هەڵگرتنی قەڵەمو کەوچکی نەبوو، کچە برینپێچەکە بەیانیان دەموچاوی دەشۆردو خواردنی پێئەدا، ئازار نەخۆشەکەی لاواز نەکردبوو، بەڵکو پەکیخستبوو،

لەگەڵ ئەوەیشدا وورە بەرزو خۆڕاگربوو، دەنگەهێمنو نەرمەکەی لەژوورەکەدا دەبیسترا، هەواڵنامەی ڕۆژنامەکانی وەک جاران دەخوێندەوە، لەفێربوونی زمانی ئەڵمانیش تەمەڵیی نەدەکرد.

ئێوارانێک (ستیبان) لەنزیک پەنجەرە دانیشتبوو، تەماشای سەر ڕووبارەکەی دەکرد، چەند کەسێک سەهۆڵی سەریان دەشکاند.

سەیارەیش بەڕیز لەسەر ڕۆخی ڕووبارەکە وەستابوون، ستێبان لەو ئافرەتانە ڕامابوو کەسەهۆڵیان دەشکاندو سەیارەیان لێپڕ دەکرد، لەبەرخۆیەوە بیری دەکردو دەیگوت:-

ئەم شێوەکاری بەکۆمەڵە هونەریو سەرکەوتوونیە، ئەگەر کرێکارەکان بەفریان بەکۆمەڵی سێکەسیو لەسەر پارچە کرێیان وەرگرتبا زۆرباشتر بوو لەکرێی ڕۆژانە. لەوکاتەدا لەو باسو خواسەدا نووقم بوو؛ لەناکاو ئەسپێکی دیی کەوتە ئاوو شەپۆل بۆبن ڕاپێچی کرد، بەڵام سەیارەیەک هەڵیکێشایەوە، شۆفێری سەیارەکە تووش هاتبوو! . جارێک لەپێشەوە ئەسپەکەی دەگرت؛ جارێکی دی سەیارەکەی، ستیبان هاواری کرد:

- ئەسپەکە نووقم دەبێت.

موفەوەزەکە خۆی ڕەتاندو لەسەر ئانیشکی هەستا، لەپەنجەرەکە خۆی نزیک کرد و زۆری نەخایاند فەرمووی:-

- ئەم گێلە نافامێت.. دەبێت پەتەکان ببڕنو ئەسپەکە لەسەیارەکە دوور بخرێتەوە باخۆی لەئاوەکە دەرباز بکات. ئاو ئەسپەکەی ڕاپێچاو نیوەی داپۆشی؛ بەڵام بۆ ڕزگارکردنی ژیانی ؛ گوڕی ئەدایە خۆیو بەسمی پێشەوەی سەهۆڵی بەردەمی دەکوتا، ستیبان هێشتا بەهەموو هێزی قەراغی پەنجەرەکەی گرتبوو:-

مفەوەزەکە هاواری دەکرد؛ (جا دەنگەلاوازەکەی دەگاتە شۆفێرە پیرەکە؟):-

- پەتەکان بقرتێنە!

ستیبانیش دەستی گرت بەدەمیو بڵندگۆئاسا نەڕاندی:-

- پەتەکان بقرتێنە!

شۆفێری سەیارەکە لەئاسمانەوە بانگەکەی بۆدابەزیی ، ئەوەتا بەتەورەکەی پەتیقرتاند، ئەسپەکەیش تەکانیداو لەمردن خۆی ڕزگار کرد.

فاسیلی سەرۆکی خەستەخانە وەک ڕەشەبا خۆی کرد بەژوورا، ئێجگار ئاڵۆز و تووڕە بوو،قار و غەزەبی بەسەر هەموو نەخۆشەکاندا باران، جنێوی ئەداو لەعنەتی دەکرد، گوێی لەکەس نەگرتو گوتی:-

● ئەمە یانی چی؟

ئەم پرسیارەی کردو لەژوور دەرچوو، کەس لەدرێژەی ئەو ڕووداوە نەگەیشت. لەپاش یەک دەقیقە کلافدیا بەچاوی سوورەوە خۆی کرد بەژووردا، پێدەچوو ڕقو تووڕەیی پزیشک ئەمیشی گرتبێت، پێش ئەوەی بێتەدووان داچڵەکیو دیی دەمو چاوی مفەوەزەکە سەوز هەڵگەڕا، چاوەکانی لێکنابوو، بەسامو ترسی زۆرەوە پەلاماریدا، جۆرەها تیمارو دەرمانی بۆکرد، بەلام لەپاش ماوەیەکی زۆر هاتەوە هۆش خۆی، مفەوەزەکە چاوی کردەوە ... بۆ کچەبرینپێچ پەشۆکاوە؟ کەخەنیو دیی دەرمانی بەدەستەوەیە، بەگاڵتەوە گوتی:-

● خوشکم هیچ ترست نەبێت، بێگومان بۆتۆ خۆم دەگەیەنمە دۆزەخو مەڵحەمی شەیتانەکانت بۆدەهێنم، زیبکەو عازەبەکانت بنبڕ دەکەم! مەبەستی لەو زیبکەو عازەبانە بوو کە هەمیشە برینپێچەکە بۆدرەو ئارایشت دەیپۆشی. ئێجگار جێگای داخ بوو، ئەم پیاوە بەتەمەن و چالاکە ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەپووکایەوە، بۆبەرگریی لەئازاریش ئێجگار خۆڕاگربوو. مفەوەز کلیلی هەموو نەخۆشەکانی لەگیرفاندابوو جگە لە (ئەلکسی میرسیف) کەسەرسەختانە خۆی نەئەدا بەدەستەوە.

لەژووری ژمارە (٤٢)ودا ڕۆمانی (نیقۆلای اوستروفسکی) (بەئاسان ئاوماندا....) دەرکەوت، بەدەنگێکی بەرز دەخوێندرایەوە، ئەلکسی لەهۆی ئەم خوێندنەوە تێگەیشتو کەمتریش پێی خۆش بوو،

(بافیل کورتشاکین)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی ڕێزدەگرت، بەلام پاڤیل کە فرۆکەوان نەبوو دەزانێت چەندە ئێمە کاری فرۆکەوانیمان خۆشدەوێت! (ئوستروفسکی) ڕۆماننووسیش کەلەکاتی کەساسی سەر جێگەدا ئەو ڕۆمانەی نوسیوە، پیاوانو بگرە ئافرەتانیش بۆ جەنگ جۆشئەدات:-

بەکورتی ئەم ڕۆمانە هیچ کاردانەوەیەکی لەدەروونو مێشکی ئەلکسیدا نابێت.

مفەوەز پەنای بردە بەر شتی تر، باسی شەخسێکی تری بۆ گێڕایەوە کەئەویش قاچەکانی بڕابوون‌و کارە کۆمەلایەتیەکانی ئەنجام ئەدا، ئەلکسی زۆربەسادەیی گوێی ڕائەدێراو دەیهەژاند، لەگەڵ خۆی ئەدوا:-

بیرکردنەوە؛ نووسین؛ دوان‌و بگرە ئەمرکردن‌و ڕاویش بەبێ‌قاچ دەکرێت، بەلام ئەم فڕۆکەوانە، لەمنالیشەوە خۆشەویستی فڕۆکەوانی چۆتە مۆخ‌و ئێسقانی، بگرە لەوکاتەوە کەپەپولە پرشنگدارەکانی بەرخۆری ڕاودەنا؛ ئیدی ئەم خەلکە لەم ڕاستی‌و سۆزی ئێمەیە دەگەن؟ بەلام مفوەزەکە وازی نەهێنا، ئەوەتا ڕۆژێکیان ڕووی کردە ئەلکسی‌و ئامازەی بۆرۆژنامەی دەستی (ستیبان) کردو گوتی:-

- (سیوشا) ئەوەتا باسی تۆدەکەن.

ستیبان ڕۆژنامەکەی دایەدەستی‌و ئامازەی بۆگوتارێک کرد کە بەخەتێکی گەورە نووسرابوو، (ئەلکسی)یش بەپەلە گەڕاو ناوی خۆی نەدی، گوتارەکە بەسەرهاتی فڕۆکەوانێکی ڕووسی‌یە، لەجەنگی جیهانی یەکەمدا بەشداربووە، وێنەکەی وورەو خۆگریی لێ‌دەبارێت. ئەلکسی سوور بوو لەسەر خوێندنەوەی گوتارەکەو دەیگوت:-

- ئەلکسی ئەمە پەیوەندی بەتۆوە هەیە بیخوێنەوە.

ئەلکسی گوتارەکەی خوێندەوە:- بەسەرهاتی فڕۆکەوانێکی ڕووسیە بەناوی (فالیدی کاربوفتش)، قاچی بەسەختی لەگەشتێکی ئاسمانی سەر دوژمندا بریندارکرا، زۆر بەگران توانی خۆی بگەیەنێتەوە فڕۆکەخانەکەی، لەئەنجامیشدا قاچێکیان قرتاند. بەلام توانی شێوە قاچێکی خوازراو دروست بکات. بەبێ وەڕزبوون وەرزشی پێ‌دەکرد هەتاوەک قاچێکی سروشتی ڕایهێنا. گەڕایەوە بۆ سوپاو کرابە سەرپەرشتیاری قوتابخانەیەکی ئاسمانی ڕووسی، لەسەر ئەم کارە مایەوە هەتا لەکارەساتێکی ئاسمانیدا گیانی لەدەستدا.

(**ئەلکسی**) دووجارو سێ‌جار گوتارەکەی خوێندەوە چاویشی لەوێنەی فڕۆکەوانە ڕووخۆشەکە نەدەترووکان، دەستی خستە قژی‌و بێ‌ئاگایانە یاری پێ دەکرد، فرەی پێ‌نەچوو چەند هێلێکی بەدەوری گوتارەکەدا کێشا،

دانیشتوانی ژوورەکە فزەیان لەخۆیان بڕی و بەوردیی چاودێریی هەڵسوکەوتی ئەلکسیان دەکرد.

موفەوەزەکە فێڵبازانە پرسی:-

● خوێندتەوە؟

ئەلکسی چاوی بڕیە ووشەکانی گووتارەکەی بەردەمی.

● باشە ئەی چ دەڵێت؟

● تەنها قاچێکی نوقسان بوو!

● بەڵام تۆ پیاوێکی سۆڤیەتیت.

● فڕۆکەیەکی (ڤارمان)ی دەڕانی، ئایا ئەوە فڕۆکەی ڕاستەقینەیە؟
سادەترین مرۆڤ بەبێ خۆهیلاک کردن توانای لێخوڕینی هەیە.

موفەوەزەکە بەپێداگرتنەوە گوتی:-

● بەڵام تۆ پیاوێکی سۆڤیەتیت!

بێئاگایانە ئەلکسی وەڵامی دایەوە:-

● پیاوێکی سۆڤیەتی!

چاوەکانی وەک چرا داگیرسانو کوڵمەزەردەکانی سوور هەڵگەڕان، سەرنجی بەختیاریو دڵنیایی گرتە دەمو چاوی هاوڕێکانی. لەئێوارەدا ئەلکسی ڕۆژنامەکەی خستە ژێر بالیفەکەی، بەو بۆنەوە منالیی خۆی هاتەوە یاد کەدایکە وورچێکی ناشیرینی لەقەیفە بۆ دروستکردبوو؛ لەکاتی خەویشدا دەیخستە ژێر بالیفەکەی، بەو یادگارە لێوەکانی دایانە هارەی پێکەنینو ژوورەکەیان پڕکرد لەخەنین، بەین بەین ڕۆژنامەکەی لەژێر بالیف ڕادەکێشاو لەوێنەی فڕۆکەوانە ڕووخۆشەکە ڕادەماو لەگەڵی ئەدوا:-

(هەرچەندە سەختبوو بەڵام ئەنجامتدا، بەڵام بۆمن دەهێندە گرانترەو منیش ئەنجامی ئەدەم، هەرگیز ڕێگا نادەم بەسەرمندا سەرکەوتوو بیت).

لەنیوەشەودا (**ئەلکسی**) بەزەینیا هات کەدەنگی هەناسەی موفەوەزەکە نەماوەو، لەزەردبوونی دەموچاوی ترسا، بەتوندی دای لەزەنگ، فرەی نەخایاند پزیشکو برینپێچان بەسەریا دابارینو هاتن بەهانایەوە، دەستیان کرد بەدەواو دەرمانی، دەرزیەکی کافووریان لێداو ئۆکسجینیان کردە

سییەکانی، هیوابڕان لەدەموچاوی هەموولایەکدا دەخوێندرایەوە، بەلام لەپاش سەعاتێک چاوەکانی کردەوە، بەگاڵتەوە بەکلافیدیای گوت:-

● خوشکم بمبەخشە بەخۆڕایی تۆم هیلاک کردووە؛ ئەوەتا نەمتوانی بگەمە دۆزەخ؛ ئەوەتا بەدەستی بەتاڵ گەڕامەوەو مەلهەمی زیبکەم بۆ نەهێنایت، با ئەو عازەبانە بمێننەوە. کەئەم گاڵتەو نەستەقەیان لێبیست گشت خەڵکانی دەورو بەری هێوربوونەوە، ئەم پیاوە سوورەچنار ئاسا لەبەردەم زریانو ڕەشەبادا وەستاوە. پزیشکو برینپێچەکان جگە لەکلافدیا لەژوورەکەی کشانەوە.

نەخۆشەکان -جگە لەئەلکسی- ڕاکشان، ئەویش خەیالی لێتاوداو گەڕایەوە بۆ ئەو پشتوێنە قایشانەی کە فڕۆکەوانەکان لەقاچیانو لە فڕۆکەیان دەبەست، بەم بۆنەوە چیرۆکی فڕۆکەوانێکی کورتەبالای هاتەوە یاد کەچۆن قاچەکانی بەدووپارچە تەختە درێژدەکردو کاری پێدەکردن. ئەو چیرۆکەیش مامۆستایەک بۆی دەگێڕانەوە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت (وەک تۆدەکەمو دەفرم.. بەڵێ دەفرم ئەی برادەری خۆشەویستم کاربوفتش)، ئەم خەیالو بیرۆکانە لەزەینی ئەلکسیو لەکاتی ڕاکشاندا دەوروژان، لەوکاتەدائەگەر بتدیبادە تگوت زۆر بەختیارەو خەونێکی خۆش دەبینێت، لەپاش تۆزێک ئەم چەند ڕستەی گوت لەکاتی ناخۆشیشدا دووبارەی دەکردنەوە:- (بۆ ئەوەت نەکرد؟ لەکاتی ئێشو ئازاری سەختدا چەندە ترسناکە تۆ بگریتو بخەنیت، بۆ قبولی ئەوەت نەکرد کە لەژوورێکی سەربەخۆی تایبەتدا بژیت؟).

نەیدەتوانی بەڕاشکاوی‌و بەبێ پێچوپەنا باسی لێوەکانی کلافیدیا بکات؛ کلافیدیای قەشەنگو خۆبەخش چ دەبێت؟ ئەوپەڕی نارەزایی لەکردەوەیەکی ناشرین دەبێت! ئەم خەیالانە سەختترو قووڵتر لێی ئالابوون. (**ئەلکسی**) چاوەکانی کردەوە، تابلۆیەکی ئێجگار قەشەنگی کەوتە بەرچاو:- دەمووچاوی لاوازو خاوێنی موفەوەز لەسەر بالیفەکەی، زەردەخەنە لەسەر لێوی سەمای دەکرد، کلافیدیا لەپالیا لەشێوەی قەشەنگی‌و قژی سوورفلیەوە وەستابوو، دەتگوت تاجێکی ڕووناکیە:-

موفەوەزەکە وەک لەگەڵ کچۆڵەیەکدا بدوێت گوتی:-

● ئەوە چی‌یە خوشکی بچووک؟ فرمێسکە؟ حەزت لەشەرابێکی خۆش‌و بەتامە؟

● تۆ پێدەکەنیت؟!! لەکاتێکدا دەبێت فرمێسکت بۆ دارێژین، ئازار هەراسانت دەکات کەچی ئێمەی دەوروبەرت هێور دەکەیت، ئەی خۆشەویسترین هاورێم بۆ وادەکەیت؟ بۆرەحمێک بەخۆت ناکەیت؟

بەردەوام فرمێسکی دائەرێژا، موفەوەزەکە نیگایەکی پاک‌و پڕ سۆزی گرتە کلافدیاو خەمبارانە گوتی:-

● وەک هەموو مەسەلە تایبەتیەکانی من؛ هەموو کاتەکان تێپەرین‌و ساتێکی‌باش بۆ من نەبوو.

ئەلکسی درەنگ لەخەو هەستا، تیشکی خۆر لەژوورەکەدا سەمای دەکردو نیوەرۆی ڕاگەیاند، ئێجگار بەختیارو کەیفخۆش بوو؛ تۆ بلێی ئەنجامی ئەو خەونە خۆشە بێت؟ نەخێر رۆژنامەکە هێشتا لەچنگیابوو، والای کردو بۆ دواجار گوتارەکەی خوێندەوە، دیسان قەدی کردەوەو سەرنجی دایە وێنە دەم‌بەپێکەنینی فرۆکەوانەکە. موفەوەزەکە لەهەلس‌و کەوتی (**ئەلکسی**) ڕامابوو، بەووردیی سەرنجی لێ‌ئەداو بەدڵێکی خۆشەوە لە (**ئەلکسی**) دەپرسی:-

● چیت دەوێت لەوێنەکە؟

● سەر لەنوێ‌دەفرم!

شێوی ئەو ئێوارەی بە پەلەو چلێسانە لوول ئەدا، دووجار قاپیان بۆپڕ کرد. کە دوکتۆر (فاسیلی) سەردانی ڕۆژانەی خەستەخانەی کرد؛ (**ئەلکسی**) لێی پرسی کەچۆن ماوەی چاکبوونەوەی کورت بکاتەوە؟ ئەویش وەلامی دایەوە کەدەبێت زۆربخواو زۆربخەفێت.

کەواتە زۆر دەخواو چلێسانە کیتەلەکەی لێ‌پڕدەکات؛ بەلام بەرۆژدا لەجێگاکەی ڕادەکشاو سەعات‌و نیوێک چاوەکانی زیتەی دەهات.

مرۆی بەختیار زۆرجار خۆویست‌و ئەنانیە؛ ئەوەتا (**ئەلکسی**) لەوکاتەدا لەگەڵ دوکتۆر فاسیلی ئەدوا هەستی بەسووربوونی چاوی دوکتۆرنەکرد، لەکاتێکدا دانیشتوانی ژوورەکەی هەستیان پێ‌کردبوو.

ئـەو ڕۆژە وەک جـاران دوکتـۆر گەیشـتە ژوورەکـەو تیشـکی ڕۆژ لەژوورەکەدا تەراتێنی دەکرد.

ئەمجارەنتم بـوو، بۆڵـەو گلەیـی جـارانی نەمـابوو، لاچـاوێکی سـوور هەڵگەڕابوو، چیقەوماوە؟ نەخۆشەکان بەحەپەسانەوە دەیـان پرسـی، ئـەم پیاوە بورزگەیان زۆر ڕێز لێ دەگـرت و خۆشـیان دەویسـت. لەڕۆژی دواییـدا گشت نەخۆشەکان زانیـان کـەکوڕە تاقانـەی فاسـیلی؛ کەئـەویش پزیشـکەو هەمان ناویشی هەیە لەبەرەیەکی جەنگدا کوژراوە.

لەکـاتی سـەردانی فاسـیلیدا هەموویـان مـات بـوون هەموویـان فزەیـان لێوەنەدەهـات، زۆر بەگەرمـەوە چـاوەنۆڕی تیشـکی خۆربـوون، زمانحـاڵو سەرنجیان دەیگوت:- نایەت؛ لەهەمان کاتیشدا خشەی هەنگاوە قورسەکانی فاسیلا دەبیسترا، خۆی کـرد بـەژووردا تێبینیەکـانی وەک جـاران دەربڕیـی، چاوەکانی ڕەنگێکی ئەرخەوانی تێزابوو، بۆڵەو تەشەرە تیژەکـانی نەمـابوو، ئیـدی جگـە لەوانـە وەک جـاران ئـەدواو ئامۆژگـاری دەکـردن. ئەلەکسـی بارو دۆخێکی نەفسـی ئێجگـار سـەیر ڕووی تێکـرد؛ ئێجگـار تینـووی ژیـانو جـوولان بـوو، بەتایبـەتی لەپـاش ئـەوەی دڵنیـابوو کەبەمەشـقو ڕاهێنـان دەتوانێت بێقاچ بفڕێتو ببێتە فڕۆکەوان.

# 3

****

ئێستاکە ئامانجەکانی ئەلەکسی ڕوونو ئاشکران:-

مرخی لەوە خۆش کردووە سەرلەنوێ ببێتەوە بەفرۆکەوانێکی ڕاونەر، بۆگەیشتنی بەم ئامانجە بەهەمان حەماسی کاتی خۆکێشکردنی نێو دارستانەکە- کاری دەکردو تێدەکۆشا، ئەو کاتانەی کە قاچەکانی پەکیان کەوتو بەکەڵکی نەدەهاتن. لەمناڵیەوە بەوە ڕاهاتبووکە لەماوەیەکی کەمدا بەپلانو بیرکردنەوە دەگات بەئامانجەکانی.

ئێستایش لەوە گەیشتووە کەدەبێت یەکەمجار چاک بێتەوە؛ هێزو توانای کاتی برسێتی بگێڕێتەوە بۆلەشی، زۆر بخواو زۆر بخەفێت. لەدووەمجاردا دەبێت وەک فرۆکەوانێکی جەنگاوەر خۆی سازو تەیار بکاتەوە، ئەمەیش دەخوازێت توانستی لاشەی بەمەشقو وەرزش ببوژێتەوە، ئەمەیش بۆ نەخۆشێکی ڕاکشاوی ناو جێگاسەختەو دەبێت خۆی بۆ ئامادەبکات، لەسێیەم جاریشدا؛ کەلەهەموویان سەختترو گرنگترە؛ دەبێت قاچە براوەکانی بەشێوەیەک ڕابهێنێت کەبەهێزترو خێراتر بجوڵێن، کەقاچە دەستکردەکانی بۆ ئامادەکرا دەبێت بەهەموو لایەکدا بجوڵێنو ڕابهێنرێن بۆ ڕانینی فرۆکە.

ڕۆیشتنی ئاسایی بۆ بێقاچێک سەختو دژوارە، بۆڕانینی فرۆکە؛ کەهەموو شتێک دەبێت لەکەرتە سەدیەکانی چرکەدا یەکلایی بکرێنەوە؛ ئێجگار سەختو ئاڵۆزتر دەبێت، پێویستە تەنسیقو هاوئاهەنگی قاچو مێشک تیژو پتەوبێت، کارکردنی قاچەکان بە ڕادەیەک کارامەو تەیارو خێرابن دەست ئاسا فریابکەونو کاربکەن. دەبوو ئەوەندە مەشقو ڕاهێنان بکات هەتا پارچە تەختەکانو پێستی قاچی وەک ئەندامێکی زیندوو ئەوکارانە ئەنجام بدەن، ئەگەر ئەم قسانە بۆ یەکێکی کەمشارەزای بواری

فرینیش بکەین خێرا ڕەدیان دەکاو بەستەمیان ئەداتە قەڵـەم. بـەڵام ئێسـتا (**ئەلکسی**) بـڕوای وەهایـە کەئەمـە لەتوانـای مرۆڤدایـە، خـودی (ئەلکسـی میرسیف)یش ئەنجامی ئەدا، بەو شێوەیە بڕیـاری ئەنجـامدانی بەرنامەکـەی دا، بۆیەکا ئامۆژگاری پزیشـکانی بەشـێوەیەک ئەنجامئـەدا کەخۆیشـی لیٚ ی حەپەسابوو، گشت ژەمە دەرمانەکانی نـەدەبوارد، ئێجگـار زۆری دەخـواردو بگـرە لەکـاتی کـەم ئیشتیهایشـدا چڵێسـانە دەیخـوارد، کـاتی نوستنیشـی بۆچەند سەعاتێک دیاریی کردبوو، هەرچەند بەسروشت ئێجگار بزێوو چـالاک بوو؛ بەڵام لەپاش خواردن دژی ئەو سروشتەی خۆی دەنووست، (**ئەلکسـی**) بەرنامەی خواردنو نووستنو دەرمانی بەئاسان ئەنجام ئەدا، بـەڵام لەبـواری وەرزشو مەشقدا زۆرجیاواز بوو، بەرنامەی وەرزشی جارانی لەگەڵ ئێسـتای بیٚ قاچیو ڕاکشاویدا نەدەگونجا، بۆچەند سەعاتێک پشتی بەرزو نزم دەکرد، لەپشـتێنەبەرەو ژووریو سـەری بەهـەموو لایـەکدا بائـەدا، ئـەم ڕاهێنانـەی چالاکانـەو بەتوانـاوە ئەنجـام ئـەداو بڕبڕەکـانی پشـتی قرچەیـان دەهـات، هاوڕیٚکـانی گاڵتەیـان بـەم ڕەفتـارو چالاکیانـە دەهـاتو نوکتەیـان لەسـەر دەگوت، هەندێک جـاریش ئـەو نوکتانـە لە نیازپـاکیو گاڵتـەدەردەچوون:- کوکوشـکین نازنـاوی (برایـانی زنامیسـکی) لێنـابوو، نەخۆشـەکانی دیـش نازنـاوی ڕاکـەرە (عـداء) بەناوبانگەکـانی سـۆڤیەتیان لێنـا، کوکوشـکین کەئەلکسیو ئەو وەرزشانەی ئەدیی، بەبۆڵەبۆڵ لەژوور دەردەچوو

کەسارغیو لۆکەی سەربرینەکەی لابـران؛ (**ئەلکسـی**) مەشـقە چڕەکـانی زۆرتر کرد بەتایبەتی ئەوانەی بەقاچەکانیەوە پەیوەندن، بەپشـتا دەکـەوتو قاچەکـانی دەنووشـتانو بـەرەو دەموچـاوی ڕایدەکێشـان؛ پاشـان بـەرەو جێگاکەی فڕیٚ ی ئەدان، لەکاتی ئەم مەشقانەدا بۆ یەکەمجار تێگەیشت کـەچ بەرنامەیـەکی سـەختو ئـاڵۆز بۆگەیشـتنی بەئارەزووەکـانی ئەنجـام ئـەدا! ڕاهێنـانی قاچەکـانی ئێجگـار ئـازاری ئـەدا، بـەڵام (**ئەلکسـی**) کـاتی ئـەو ڕاهێنانەی بۆ دەقیقەیە درێژتر دەکـرد، ئـەو چـەند دەقیقـە ئێجگـار سـەخت بـوو؛ هـەموو لەشو دەموچـاوی لەئـارەق هەڵدەنیشـت بەنیـازی خۆڕاگرتـنو بیٚ دەنگی؛ لێوەکانی بە توندی دەکرۆشت، بـەڵام جـارێکو دووجـار مەشـقی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەکرد، کەمەشقی تەواو دەکرد خۆی دەهاویشتە جێگاکەی، وایشی دەزانی جارێکی دی توانای مەشقی نابێت؛ بـەڵام لەکـاتی ڕاهێنـاندا

کێچدەچووە کەوڵیو دەگەڕایەوە بۆڕاهێنانەکانیو پێی لەسەردادەگرتن. هەموو بیرو خەیاڵی (**ئەلکسی**) لەقاچەکانیدا کۆدەبوونەوە، تەنانەت لەخەونیشدا لەو ئاقارە دەسووڕایەوە، ئاژێری مەترسی لێی ئەداو ئەمیش وەک شارەزاو کارامەیەک ڕادەپەڕی وەک جاران خۆی دەگەیاندە فڕۆکەکان، یان لەگەڵ (ئۆلیا) لەدەشتو دەری پرگوڵ دا گەشتیان دەکرد، بڕیاریان ئەدا پێشبڕکێی ڕاکردن بکەن، پێکڕا نەرمە غاریان ئەکرد و بە پێخاوسیی قاچیان لەخۆڵ وەرئەداو یاریان لەگەڵ خۆڵو گوڵ دەکرد، خەونێکە چەندە شیرنەو بەئاگاهاتنێکی بێقاچیە چەندە تاڵە، کە(**ئەلکسی**) لەجوغزی خەونەکانی دووردەکەوت هەستی بەبێهێزیو داتەپین دەکردو ئیدی هەرگیز ناتوانێت لەگەڵ شۆخی (کمیشین) داوا لەدەشتودەر بەپێخاوسیی غاردا، ئەو شۆخەی چەند (**ئەلکسی**) لێوەی دووربێت ئەوەندەیش خۆشەویستر دەبێت. پەیوەندیی (**ئەلکسی**)و (اولیا) ساردوسڕ دەبوو، (کلافدیا)ی برینپێچ هەفتانە (**ئەلکسی**) دەهێنایە سەماو چەپڵەلێدان؛ لەسەر جێگاکەی بازی ئەداو نامەی لێوەردەگرت، ئەو نامانەی بەدەستخەتی چڕی قوتابیانە نووسرابوون، نامەکانی (ئۆلیا)تا دەهات درێژترو گەرمتردەبوون، ئەو عەشقە کاڵو کرچەی کە جەنگ پۆخڵەی کردبوو ئێستا گەیشتووە، (**ئەلکسی**) ئەو نامانەی بەپەستیو خەمەوە دەخوێندەوە، چونکە دەیزانی بۆی نیە بەهەمان شێوەو نەفەس وەڵامیان بداتەوە. هەردوکیان لە قوتابخانەی (پیشەیی بازرگانی) دەیانخوێند، پەیوەندی ڕۆمانسی کاتی مناڵیان گەورە ئاسا ناونا خۆشەویستی، پاشان ئەم کچۆڵەیە لە قوتابخانەیەکی تەکنیکیدا وانەی میکانیکی دەگوتەوە، کە (ئۆلیا) وەک میکانیک بۆکارگەری شارەکەی گەڕایەوە، (**ئەلکسی**) لەقوتابخانەیەکی فڕۆکەوانی وەرگیرابوو، هەتا کەمێک پێش جەنگ یەکتریان نەدیەوە، ئەو دیتنەش نەبەویستی (**ئەلکسی**) بوو نە (ئۆلیا)، بەڵکو تەنها ڕێکەوت بوو.. کەسیان لەبیری یەکدیا نەبوون!!

ڕۆژێک ئەلکسی ودایکی دەڕۆیشتنو بەلای کچێکدا تێپەڕین، هەرچەندە جوانیی ڕانو پووزی سەرنجیان ڕاکێشا؛ بەڵام بەلایەوە ئاسایی بوو، دایکی بە(**ئەلکسی**) گوت:- ئەوە چیتە (**ئەلکسی**)ٔ دەبوو سڵاوی لێبکەیت... ئەوە ئۆلیا بوو....

(**ئەلکسی**) بەرەو دواوە گەڕاو (ئۆلیا)ش وەستاو ڕاما، سەرنجو نیگایان پێکائالان، بەپرتاو بەرەو (ئۆلیا) ڕۆیشتو گوتی:-

- ئەوە تۆی؟

کچەکە بەحەپەسانو ترسەوە پرسی:-

- ئەلیوشا؟

ئەم سەر بوردەش لەپاش ٦-٧ ساڵ ڕوویدا.

ئەلکسی چی دیی.. کچۆڵەیەکی بەژن ڕێک؛ دەموچاوێکی خۆشەویستو کەمێکیش سپیاوی کردبوو، لای لووتی چەند زیپکەیەکی ڕەنگ ئاڵتوونی پێوەدیاربوو، بەجووتێ چاوی زلو گەش دەیڕوانیە ئەلکسیو کەمێکیش برۆ پڕو کەوانیەکەی حەوادا، کچۆڵەیەکی بەژنڕێکی نەرمو نیانی وەک (ئۆلیا) زۆر بەئەستەم مۆنیت تیا بەدی دەکرد، لەو ئێسکە سووکو ناسکەدا سیمایەکی بەهێزت بەدیی دەکرد، ئاغرانەو بەویقارەوە دەڕۆیشت، چاکەتێکی چلکنی باوکی لەبەردابوو، چمکە دەڵبو فراوانەکەی لێکنابوو، لەدواساڵی قوتابخانەی پیشەییشدا هەمان شێوەو ڕەختی بوو، دایکی (ئۆلیا) کەمێک لەو دوولاوە ڕاماکە چۆن پێکەوە ئەدوێن! کەوتە ڕێگابڕینو زەردەخەنەیەکی لێلیش کەوتە سەر لێوەکانی، جووتە لاویش هێشتا وەستاونو سەرسامانە بۆیەکتر ئەدوێن، یادگارەکانیان شەنوکەو دەکەنو دەیگێڕنەوە:- (لەبادتانە؟)، (ئەزانی چی؟) هتد...

ماوەیەکی درێژ بەو حاڵە مانەوە، ئۆلیا ئەلکسی لەو چاوانە ئاگادار کردەوە کەلەپەنجەرەکانەوە سەرنجیان ئەدەنو خۆیان لێمەڵاس داون، پاشان گوتی:-

- ئەگەر کاتت هەیە بڕۆین بۆسەر (ڤۆلگا).

لەکاتی نەوجوانیو منداڵیشدا وەک ئەو جارە دەستیان تێک نەئالاند، بەرەو ڤۆڵگاو هێمنانە خۆیان گەیاندە ڕووبارەکە چی شتێکیان لەبیرنەمابوو، بەرەو ساباتەبەرزەکەی سەر ڕووبار هەڵکشان، دیمەنی ئەو ڕوبارە مەزنە لەبەر دەمیانا ڕاکشابوو، ئاوی کەنارەکانی بەتەختە سەهۆڵ داپۆشرابوون. ئەلکسی کەجاران کەمتر خۆی قۆز دەکردو گرنگی بەخۆی ئەدا؛ ئێستا باشتر دەست بەخۆیدا دێنێو لەڕۆژێکدا دووجار ڕیشی

دەتاشیێو هەموو ڕۆژێک بەرگی ئوتوو ئەدا، هەموو ئێوارەیەک لەکاتی دەرچوونی (ئۆلیا ) لەکارگە ژوانی سازئەداو پێکڕادەکشانە ماڵە تەختەبەندەکەی ئەلکسی، لەوماڵەدا ژوورێکی خنجیلانەی پاکو خاوێنی بۆ خۆی لاسدابوو دەتگوت ژووری فرۆکەوانە، لەسەر پشکۆئاسا چاوەنۆری ئۆلیای دەکرد، کەدەکەیشتە ژوورەکەی لەپشت دەرگا ئاوێنەبەندی کەنتۆرەکە خۆی دەگۆڕی، لەئانیشکو شانو قاچی ڕووتی نیگای نەدەکردو ناوەناویش دایدەپۆشین، دایکی هەموو شتێکی دەزانیو بێزاریش نەدەبوو:- گەورەکان دەبێت پربنو گەنجەکانیش گەورە بنو گەشە بکەن. ئەم جووتە لاوە لەبارەی خۆشەویستیان فزەیان لێوە نەدەهات، هەمووجارێک بڕیاری سەیرانو گەڕانێکی تازەیان ئەدا، هەموو جارێکیش (**ئەلکسی**) بڕیاری ئەدا ڕازو نهێنی خۆشەویستی خۆی بدرکێنێت، بەڵام کاتو سەیران تەواو دەبوو فزەی لێوە نەدەهات. ڕۆژێکی یەکشەممەیان بۆگەشتێکی سەر ڕووبار دیاریی کرد، لەکاتو ساتی خۆیداگەیشتنە کێلگەیەکی قەراخ ڕووباری فۆلگا، قەشەنگترین بەرگیان پۆشیبوو، توێشووی پێویستیان ئامادەکردو بەشادیو بەختیاریی ڕوویان کردە ڕوبار .

لەقەراخ ڕوبار (ئەرکاشا ) بەخۆیو بەلەمی ئامادەبوو، هەموو خەڵکانی شار (ئەرکاشا )یان دەناسی، لەجەنگی جیهانی یەکەمدا هەردوو قاچی بڕابوو.

پێکهاتن کەبیانگوێزێتەوە ئەوبەری ڕوبارەکەو ئێوارەیش بیان گوێزێتەوە ئەمبەر، (**ئەلکسی**) وەبیری (ئەرکاشا )ی هێنایەوە کەئەو فێری ڕاوەماسی (بوری) کردووە، بەڵام خاوەن بەلەم کاتەکەی وەبیر نەهاتەوەو گوتی:-

- ئێوە زۆرنو منیش پێڕاناگەم هەمووتانم لەیادبێت. کەگەیشتنە ئەوبەر (ئەرکاشا ) پێی ڕاگەیاندن کەدەبێت بازدەن لەبارەی کرێوە گووتی:-

- چەندە پارەئەدەن پێی ڕازییە بەمەرجێک لەگەڵ بەختیاری ئەواندا بگونجێت.

کەبازیاندا قاچیان تەڕبوو، ئۆلیا پێشنیاری داکەندنی پێڵاوی کرد، کەقاچیان نیشتە لمی گەرمو شێداری ڕووبارەکە هەستیان بەئازادیو

بەختیاری دەکرد، حەزیان دەکرد وەک کاژۆڵە بازبازێن بکەنو زاریان تەرکەن.

(ئۆلیا) بەهەموو توانایەکی دایە غاردان؛ ڕانەکانی دایە خۆرو بەدەم غاردانەوە هاواری دەکرد:-

دەم گریتەوە؟

بەسەر ئەو تیلماسکە لمەی قەراخ ڕووبارەکەدا خۆی گەیاندە سەوزەگیاو گوڵجاڕی دەڤەرەکە(**ئەلکسی**)یش بەهەموو هێزی دایە غار، دەیویست (ئۆلیا) بگرێتەوە، بەرپێی خۆی جگە لەکراسی ڕەنگاوڕەنگی (ئۆلیا) چی‌دی لێ‌دیار نەبوو، بەپرتاو ڕایدەکرد، هەستی دەکرد گوڵو گیاش قاچە ڕووتەکانی داوەتە بەر زللە، خۆڵی شێدارو گەرمی بەرخۆریش لەژێرقاچەکانی دەخلیسکا.

(**ئەلکسی**) وای‌دەزانی کەدواڕۆژو چارەنووسی هەردووکیان بەگرتنەوەی (اوڵیاوە) بەندە، لەم گوڵجاڕو بێشە قەشەنگو بۆن خۆشەدا چمکی دڵی والا دەکاو نهێنیە قەتیس‌ماوەکانی دڵی ئازایانە بۆ (ئۆلیا) ئەدرکێنێ، بەلام هەر کەدەستی بۆ گرتنی درێژدەکرد، ئاسک ئاسا وەردەچەرخاو خۆی ڕادەپسکانو بەلایەکی دیدا دەربازدەبوو، ئەیدا لەهاڕەی پێکەنینو سەرسەختانە بەئاسانی خۆی نەئەدا بەدەستەوە، ئەلکسیش پێی ڕانەگەیشتو ئۆلیاش بێشەکەی جێهێشتو بەرەو لمی گەرمو نەرمی قەراخ ڕووبار دایە غارو لێی ڕاکشا، کولمەکانی سوور هەلگەڕابوون، چلێسانە هەوای هەڵدەمژیو بەوشەکەتیەش قاقا پێدەکەنیو سنگی هەڵبەزو دابەزیبوو، ئەلکسی لەناوەڕاست جاڕە بەیبوونو جاڕە ئەستێرەدا وێنەیەکی لەپاش خۆشۆردنو حەمامکردن گرت، ئەلکسی کشایەوە ناودرەختەکانی قەراخ ڕووبارەکەو پشتی تێ‌کرد، اوڵیاش خۆی پۆشتەدەکردو خاولی دەگوشی. اوڵیا لەناو لمدا دانیشتبوو، لەژێر خۆیدا لاقەکانی لولداو کراسێکی ناسکی پۆشی، قژی بەخاولی لەفکردبوو، چەرچەفێکی گچکەی لەسەر لم ڕاخستو بەردی لەسەر چوار چمکەی دانا، سەبەتەیەکی لەسەر هەڵڕشت، ماسی ساردی بەکەرە چەور کراوو زەلاتەیەکی تایبەتیان خوارد، ئۆلیا نمەکو حەڵواو تەنانەت خەرتەلەیشی

لەیاد نەکردبوو. هەڵسوکەوتی ئەم کیژە شۆخو شەنگە سۆزو پاکی لێدەباریی.

ئەلکسی لەدڵی خۆیدا بڕیاریدا گوتی:-

•ئیدی تاکەی چاوەنۆڕی! ئێستا کاتی هاتووە!

ئەمڕۆ لای ئێوارە دەردی دڵی خۆی بۆ ئۆلیا باس دەکاو بۆی دەسەلمێنێت کەبێگومان دەبێتە هاوسەری.

لەپاش ڕاکشانی سەر بلاجو جارێکی دیی خۆشۆردن؛ پێکهاتن کەلای ئێوارەش یەک بگرنەوە، بەبەختیاریی و هێدیانە ئەو ڕۆژە بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

ئەو ئێوارەیە ئاسەواری بەلەمو کەشتی نەبوو، خۆریش بەرەو ئاوابوون دەکشاو تیشکە گوڵڕەنگەکانی لەڕووی ئەوبەری ڕووبارەکە دەبریسکانەوە، سەربانەکانی شارو درەختەتۆزاویەکان دەڕۆیشتنو نەدەبینران، شووشەی پەنجەرەکان سوور هەڵگەڕابوون؛ ئێوارانیش گەرمو هێدییە، بەلام لەشاردا شتێک قەومـاوە ئەو شەقامانەی لەم کاتانەدا چۆڵ بوون؛ هەنووکە پڕن لەخەڵکو ژاوەیان دێت، کۆمەڵێک لە جەماوەر بە ژاوەژاو تێپەڕین.

ئەلکسی لە ئۆلیای پرسیی:-

• چی دەبێت بەناچاری شەو لێرە بمێنینەوە؟

ئۆلیاش چاوە گەورە بریسکەدارەکانی بڕیبووە ئەلکسیو گوتی:-

• من لەگەڵ تۆبم لەهیچ ناترسم.

ئەلکسی باوەشی پیاکردو یەکەم ماچو تاکە ڕامووسانی لەسەر ڕووبارەکەتۆمارکرد، سەوڵدانەکان بەهێمنی دادەخزان، ئەوەتا لەوبەریشەوە بەلەمێکی پڕ لەخەڵک بەرەو لای ئەوان دێت، ئەمانیش بەوەڕز بوونەوە بەرەو بەلەمەکە ڕۆیشتن هەستیان بەشتێکی نوێدەکرد.

خەڵکەکە بەرگی یەکشەموانیان پۆشیبوو، لەبەلەمەکە بازیان ئەداو ورتەیان لێوەنەدەهات، خەمو پەژارە لەسیمایان دەباری، بەسەر تەختەدا گەیشتنە ئەوبەری ڕووبارەکە، پیاوەکان مۆنو خێراو ژنەکانیش پەشۆکابوون فرمێسک دەموچاوی دەشتن.

ئەم جووتە لاوەیش بەبێ‌ئەوەی لەهیچ بگەن بازیان دایە بەلەمەکـە، مام (ئەرکاشـان)ی بێ‌قـاچ بەبێ‌ئـەوەی لەدەموچـاوی بەختیاریـان بڕوانێـت گوتی:-

- ڕادیۆ ئەمڕۆ جەنگی ڕاگەیاند.....

ئەلکسی لەسەر کورسیە تەختەکەی بازی‌داو گوتی:-

- جەنگ؟ لەگەڵ کێ؟

ئەرکاشا بەتووڕەیی سەوڵی لێ‌ئەداو گوتی:-

دیارەو هەیشە لەگەڵ کێ.. لەگـەڵ ئەڵمانیـای مـەلعون؛ دەبێـت خـەڵک سەردانی دائیرەکانی تەجنید بکەن، ئیدی خۆسازدانە.

ڕاسـتەوخۆ ئەلکسـی ڕووی‌کـردە دائـرەی تـەجنید، دوای نیوەشـەو بـە فەرمانی تایبەتی خـۆی گەیـاندە یەکـە ئاسمانی‌یەکـەی، بەسـەرپێوە مـاڵی خۆیانی ئاگادار کردو تەنانەت خواحافیزیی لە اوّلیاش نەکرد.

ئاڵوگۆڕی نامەیان پچڕپچڕبوو؛ سـۆزو خۆشەویسـتیان تادەهـات گەرمـتر دەبوو، یەکتریان هەمیشە لەیـاد بـوو، ئەلکسـی هەمیشـە بەئـارامو خۆگریـی چاوەنۆڕی نامەی اوّلیای دەکرد، ئـەو نامانـەی بەخـەتی قوتابیانـەو بـەخڕی دەنووسـرانو ماوەیـەکی درێـژ لەگیرفـانی ئەلکسـیدا دەمانـەوە، لەکـاتی تەنهاییدا بۆ چەند جارێکی دی دەخوێنرانـەوە؛ بەسـنگیەوە دەینووسـاندنو لەکاتی دژواریشدا لێیـان ڕادەمـاو دیسـان دەی‌خوێندنـەوە، بـەڵام ماوەیـەک ئاڵوگۆڕی نامەیان کوڵی نیشتەوەو پچڕپچڕ بوو، هۆی ئەوەیش دەگەڕێتـەوە بۆئەوەی لەناکاوو لەقۆنـاغێکی نادیـاردا نامەیـان وەسـتا، لەهجەو نەفەسـی نامەیان لەوە ئەدوا کەلەمێژەوە یەکتر دەناسنو وەک دۆستو هاوڕێ لەگـەڵ یەکـتری مامەڵـە دەکـەن، بـــەڵام دەیش‌ترســان ڕووداوی زۆرتــرو گــەورەتر چاوەنۆڕیـان بکـات. ئەوەتـــا ئێسـتا بەسـەرهاتی جـەنگ فـڕێ‌ی داوەتـە نەخۆشـخانە، ڕۆژبـەڕۆژیش لێشـاوە نامـە زۆرتردەبێـت، ئەمجـارەیش اولیـا دەستپێشـخەری کـردو دەرگـای هەسـتو نەسـتی بـۆ خسـتەوە سەرپشـت؛ ئێسـتا شـەرمێ ناکـاو لەنامەکانیـا بـیری دەکـاو بـۆی دەسـووتێت. خەفـەت بەدواکەوتنی مام (ئەرکاشا) دەخوات، تکا لەئەلکسی دەکات لەوە دڵنیابێت کەهەرچی‌یەکی لێ‌بقەومێت مرۆڤێک هەیە بۆی پشتیوانە، چەندە لەم جیهانە بەرینە دوور بکەوێ‌و ئاوەرە بێت؛ سـووچێکی هەیـەو لەپـاش جـەنگ بـۆلای

دەگەڕێتەوەو تیادەحەوێتەوە، دڵی وای خەبەرئەدا کە اولیا ئێستا گۆڕاوەو ئولیاکەی جاران نیە، کەسەرنجی لەوێنەکەی ئەدا ئەوجۆرە خەیاڵانە لیێ ئەورووژان:- کەرەشەبا هەڵدەکات کراسە ڕەنگاوڕەنگەکەی؛ گوڵە کێویلەی بەیبون ئاسا بادەیشەکەنێت، ئەم نامانە ئافرەتێکی سادەی دڵپاکی عاشق بۆیەکێک دەینووسێت کەچاوەنۆڕی دەکەن؛ سەرسامن بۆی، لیێ بەداخن و شیاوی ئەو سەراحەتو خۆشەویستیە نییە؛ چونکە ئازایانەو وەک لاوێکی کارامەو شارەزا لەکاتو ساتی خۆیدا دەردی دڵی خۆی باس ناکاتو ئێستا چی بۆباس بکات؟ ئیدی ئەو لاوە بەهێزو تێروپڕەی جاران نەماوە؛ بابردەڵەو قاچ قرتاوە، وەک مام ئەرکاشای لیێهاتووە، ناوێرێت ڕاستی بنووسێت؛ لەوە دەترسێت دایکەنەخۆشەکەی بەهەواڵی ئەلکسی بگلیێو بمرێت؛ پەشۆکاوە.. سەرسامە.. چی بنووسێت بۆ اولیا دەبێت فریوی بدات.. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەدرۆی تازە تێوەی گلێنێت، بۆیەکا نامەکانی (کامیشین) بەیەکدی دژبوون:- خۆشیو ناخۆشیی؛ هیواو حەپەسان؛ نامەکانی ئەو شارە بەئازارو ئەشکەنجەبوون؛ لەهەمان کاتیشدا فێریان دەکردو قاڵیان دەکرد، بەڵام ئەو نامانە سەپاندیان کەپەیمانێک بەخۆی بدات ئاواتەکەی هاتەدیو گەڕایەوە بۆ کارەکەی جارانی؛ ئەمیش هەموو شتێک بۆ اولیا هەڵبژێرێت، دەروازەی دڵی بۆ بخاتە سەر گازی پشت، ئەم پەیمانەش وای لێکردبوو کەخێراترو بەپەرۆشتر بۆهیواکەی تێبکۆشیێ.

لەیەکەم ڕۆژی ئایاردا موفەوەز مرد، ئەم مردنەیش هەتا رادەیەک هەستی پیێنەکرا، لەبەیانی ئەو ڕۆژەدا کچە سەرتاشەکە ڕیشی بۆتاشی، دەموچاوی شۆردو قژی بۆ داهێنا، لەپاشان کچەکەی بەپرسیار داگرتەوە:- لەم جەژنەدا مۆسکۆ چۆن ئاهەنگی یەکی ئایار دەگێڕیێو هەوا چۆنە، زۆر بەوە دڵخۆش بوو، کەسەنگەری سەرشەقامەکان هەڵدەگێرین، خەفەتی بەوە دەخوارد کەلەو کەشو بەهارە قەشەنگەدا خۆپیشاندانەکانی جەژن سازنادرێت. لای خەڵکانی دەوروبەری موفەوەز ڕوون بووکە باری لەشی سووک بووە...و بەرەو چاکبوونەوە دەچێت، لەو ڕۆژەوە کە توانای خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی نەماوە؛ دوو (سەماعە) ی لای خۆیا دانابوو، گوێی لەرادیۆ دەگرت، (مفوزدیف)چکیێ شارەزای تەکنیکی رادیۆبوو، دوو سەماعەکەی وابێزارکردبوو؛ کەهەموولایەک گۆرانیو هەواڵەکانیان لەژوورەکەدا دەبیست. لەسەعات (٩)دا هەواڵخوێنی ڕادیۆ کەهەموو جیهان بەدەنگی ئاشنابوون؛

فەرمانی لێپرسراوی گەلی ڕاگەیاند کەدەبێت تێکڕا ڕاپەڕنو بـەرگری بکـەن، گشتیان هەناسەیان لەخۆبڕی نەوەک وشەیەک ببوێرن، لەکۆتاییدا هەموویـان بـۆ بڵندگـۆی دیوارەکـە گوێقـولاخ بـوون:- (لەژێـر ئـالآی لینـین ی مــەزندا بـەرەوپێش... بــەرەو ســەرکەوتن! ) ئــەو وشــانە بێدەنگــی ژوورەکــەی شڵەقاند. کوکوشکین ڕووی کردە موفەوەزو پرسی:-

● هاوڕێ موفەوەز... ئەمــەم بـۆڕوون ناکەیتـەوە؟ پرسـیارەکەی تـەواو نەکردبوو.

هاواری کرد:- هاوڕێ.. هاوڕێ موفەوەز!

ئــەویش لەشــوێنەکەی ڕاکشــابوو، چاوەکــانی لەخــاڵێکی ســەقفەکە چەقاندبوو، دەموچاوی پووکاوو سپیهەڵگەڕابوو، ویقارو سـامی لێدەبـاری، کوکوشکین خۆی دابەسەر ئەژنۆیداو هاواری کرد:-

● مرد... مر..د!!

بەردەستو برینپێچەکان دابــارین بەسـەریاو کەوتنـە هـاتوچۆ، پزیشـکی ئێشککگر خۆی دەگۆڕیو قۆپچەکانی لێکدەنا، مولازم (کوکوشکین)ی تـوڕەو شەڕانی وەک مناڵ دەموچاوی دادەپۆشیو لەسەر سنگی مردووەکە بـەکوڵ دەگریا، شانەکانیو بگرە هەموو لەشی دەلەرزین....

لەئێـوارەی هەمـان ڕۆژدا شـوێنی چۆڵبـووی ژووری (٤٢)بەنەخۆشـێکی نـوێ پڕکرایـەوە، ئـەم نەخۆشـە نوێیـە (ستروتشـکوف)ی فڕۆکەوانــە، لەهۆردووی (فرقە)ی پاراستنی پایتەختا کاردەکات، لەجەژنی یەکی ئایـاردا فاشـیەکان بڕیاریــان دابــوو هێرشـێکی گــەورە بکەنــە ســەر پایتـــەخت، هێزەکانیان لەچەند کاروانێکدا گەمـارۆدرانو لەناوچـەی (بودسـو)دا لەپـاش شەڕێکی ئێجگار سەخت تێکشکێنران، تەنها یەک فڕۆکەی (بونکروز) توانــی لەگەمارۆ دزەبکات؛ حەواکــەوێو بـەرەو پایتـەخت بکشـێ، تـاقمی نێـو ئـەو فڕۆکەیە پێدەچوو بڕیاریان دابێت بەهەر نرخێـک بـووە ئـەرکی سەرشـانیان ئەنجام بدەنو خۆشیجەژن بشـێوێنن، ئەوەتـا (ستروتشـکوف)یش کەوتـە ڕاونـانی، فڕۆکەیـەکی سـۆڤیەتی مومتــازی بەدەســت بــوو، تــازە (هــێزی ئاسمانی ڕاونان) لەوجۆرە فڕۆکەی وەکــار خسـتبوو، لەبـەرزیی (٦)کـمەوە لەناوچەی مۆسکۆ ئامبــازی یـەکدیبوون، توانـی پاشـووی فڕۆکـە نازییەکـە بپێکێ، بۆجاری دووەم کەدەستی بە پیتکــەدا (زنـاد) نـا هـاڕەو بریسـکەی

نەبیستو پیتکە لەکارکەوت. ئەڵمانیەکە بەرەو پێش دەڕۆیشتو ئەمیش وەدووی، (ستروتشکوف) دەیویست لەو ناوچەدا بمێنێت کەتەقەی تیاناکرێت، خۆیدابووە پاڵ فرۆکە پێکراوەکە بەجۆرێك دوژمن بۆی نەدەکرا تەقەی لێبکات، لەڕووناکی ئەو بەیانیەدا مۆسکۆ بەڕوونی نەدەبینرا.. کۆمەڵێك کۆشکی بەرزی خۆڵەمێشیی تەنکە تەمێك دایپۆشیبوون.

(سترۆتشکۆف) بڕیارێکیدا پشتوێنو قایشی ترازان، بەرگی قەمەرەکەی لابردو خۆی کۆکردەوە، دەیویست بازداتە سەر ئەڵمانیەکە، ڕەوتی فرۆکەکەی لەگەڵ ئەڵمانیەکەدا هاوئاهەنگ کرد، دەتگوت بەپەتێکی نادیار پێکەوە بەستراون، لە چاوی (یونکرز)ەوە چاوەکانی ئەڵمانییەکەی ئەدیو لەسەر ڕەشاشەکەی خۆی مەڵاس دابوو، چاوەنۆڕی ئەوە بوو هەلی بۆ برەخسێتو تەقەی لێبکات، بەڕوونی دیاربوو کەفاشییەکە بەشلەژانەوە شەبقەکەی سەری دادەگرت، بگرە ئەوەیشی لێدیاربوو کەدرێژو سورفلەو قژی بەسەر تەوێڵیا پەخشان کردبوو، لەپشت ڕەشاشە دوو لوولەکەیەوە دەجوڵاو چاوەنۆڕبوو، (ستروتشکوف) واهەستی دەکرد کە مرۆڤێکە بێچەکەو جەردەش دەمانچەی لێڕاکێشاوە، لەم کاتەدا ئەوەی کرد کە ئازاو بەجەرگە بێچەکەکان دەیکەن؛ خۆیدا بەدوژمندا؛ نەك بەمستو بۆکسی سەرزەوی؛ بەڵکو بەرەو پەروانەی فرۆکە ئەڵمانیەکە، گرمەوناڵەی گوێ لێنەبوو، لەپاش تۆزێك هەستی کرد لەبۆشایی ئاسماندا تەقلەئەدا، زەوی دەلەرزێ، فرەی نەبرد ئەویش کەوتەوە باری ئاسایی خۆی، لەم کاتەدا چەتری (پەرەشوت)ی لێ ڕاکێشا، پێش ئەوەی بەتوولی چەتردا شۆڕبێتەوە؛ لاشەی فرۆکەی (یونکرز)ی دیی وەك گەڵا چناری پایز شۆڕ دەبێتەوە، خلۆر دەبێتو دەکولێت، ئەمیش خۆی داوە بەتوولی پەرەشووتداو بەتوندی کەوتە سەربانی خانوویەك، بەبێهۆشیی پەڕیە سەرشەقامێکی گەڕەکی مۆسکۆ، لەوشەقامەیشدا ئاهەنگی جەژنی یەکی ئایاریان دەگێڕا.

(ستروتشکوف) مرۆڤێکی ڕووخۆشو گاڵتەچیبوو، حەزی لەتێکەڵی خەڵك بوو، کەبۆیەکەم جار پێی نایەژوورەکە؛ کۆمەڵێك پرسیاری لەژوورەکەدا وروژاند:-

خواردنی خەستەخانە چۆنە؟ تاچ رادەیەک یاسا بەرقەرارە؟ کچانی برینپێچ رووخۆشن یان مۆنو گرژ؟

لەوکاتەدا کلافیدیای برینپێچ تیماری دەکردو بەلۆکە دەیپێچا، نوکتەیەکی بۆ گێڕانەوە، ئازایانە کەمێکیش بەجوانی کلافیدیا هەڵیدا لەکاتێکدا برینپێچ لەژوورەکە دەردەچوو؛ تیلەچاوێکی تێکرتو نیگایەکی بۆکرد، رووی کردە نەخۆشەکانو گوتی:-

● جوانە. ئایا گرژو مۆنە؟ ئایا دەستەمۆی کردوون؟ زۆرباشە حەقتان نەبێت! ئەی ئێوە هونەری ئۆینو پلانسازی نازانن؟ نەقەلای سەخت هەیە نە ئافرەتی سەخت، قاقا دایە هارەی پێکەنین.

ژوورەکەی پڕکرد لەگاڵتەو پێکەنینو کەسیش پێی وەڕز نەدەبوو، دەتگوت لەمێژەوە یەکتر دەناسن، هەموویان بەم نەخۆشە تازەیە سەرسامو معجب بوون، بەلام (ئەلکسی میرەسیف) بە مێبازییەکەی معجب نەبوو، ئەویش خواهەڵناگرێ ئەم حەزو ئارەزوەی بەئاشکرا جاڕ ئەداو بەنەخۆشی باسی دەکرد، رۆژی دوایی موفەوەزیان بۆ دوائارامگای بەڕێکرد، ئەلکسیو کوکوشکینو مفوز دیف لەبن پەنجەرەی سەرحەوشەکە دانیشتبوونو تەماشایان دەکرد:- دوو هێستری کەتە تۆپێکیان بۆ حەوشە رادەکێشاو تیپێکی ئۆرکسترای سەربازیش خۆیان سازدەکردو ئامێرەکانیان لەبەرهەتاو دەبریسکانەوە، پۆلێک سەربازیش بەڕیز دەڕۆیشتن کلافدیای برینپێچیش نەخۆشەکانی لەپەنجەرەکە دوور دەخستەوە، ئەم کچە وەک رەوشتی هەمیشەیی خۆی هێمنو چالاک بوو، ئەلکسی هەستی دەکرد کە (کلافدیا) دەنگی دەگۆڕاو دەلەرزی، گەرمای نەخۆشە تازەکەی دەپێوا، لەم کاتەدا (اورکسترا) مارشی ناشتنی پەخش دەکرد، ڕەنگی کلافدیا هەڵبزرکاو گەرماپێوی لەدەستکەوتو فرەی نەخایاند جیوەکەی لەسەر کاشییەکە دەبریسکا، کلافدیا بەدەست دەموچاوی گرتو بەغاردان لەژوورەکە دەرچوو، لەوکاتەدا مۆسیقای خەمگین لەپەنجەرەوە دەڕژایە ژوورەکەو ستروشکوف پرسی:-

● موفەوەز چیی کلافدا بوو؟ ئایا خۆشەویستی بوو؟

کەس وەلامی نەدایەوە.

هەموویان لەبنکی پەنجەرەوە تەماشای شەقامیان دەکرد تابووتێکی سووررپیان لەسەر عەرەبانەی تۆپ دابەستبوو، لاشەی موفەوەز بەسەوز وسوورو گوڵ داپۆشرابوو، لەپشت سەریو لەسەر بالیفێک نیشانەکانی موفەوەز یەک..دوو .. پێنج... هەشت ریزکرابوون.

ژەنراڵەکان تێپەرینو سەریان نەویکردبوو، فاسێلی سەرۆکی خەستەخانەیش بەرگی ژەنەراڵی پۆشیبوو، بەلام بەسەری پەتی، سەربازەکانیش بەریزو یەک هەنگاو دەرۆیشتن، لەبەردەم سەربازەکانو دوور لەهەمولایەک کلافدیای برینپێچ دەرۆیشتو سەری خەفەتی شۆرکردبوو، بەسەدریە سپی‌یەکەی خۆی داپێچابوو؛ وای‌دەزانی کەس لەبەردەمیەوە نی‌یە... یەکێک پاڵتۆکەی خۆی هاویشتە سەرشانیو لەکاتی رۆیشتندا خزاو کەوتە خوار، سەربازەکان نەیانشێلا.

(رئیس اول) سووربوو لەسەرئەوەی خۆی بەرزبکاتەوەو بگاتە بنکی پەنجەرەکە، بەلام هەردوو قاچی بەگەچو تەتە و سارغیی شەتەک درابوون، هاواری کرد:-

● کورگەل دەزانن کێ‌دەنێژن؟

کەژاوەکە دوورکەوتەوە، لەدوورەوە ئاوازی مۆسیقای خەمناک دەنگی ئەدایەوە، ژنە شەلی ئێشکچیش دەرگا ئاسنەکەی حەوشی بەتووندی داخست، بەلام نەخۆشەکانی ژووری (٤٢) هێشتا لەپالی پەنجەرەدا وەستاونو بەچاویان مفەوەزیان دەبرد بۆ ئارامگای خۆی، ئەمجارەش ئارامی لێهەڵگیراو سەرۆک پرسیاری کردەوە:-

● دەزانن کێ‌دەنێژن..کێ.. بۆ ناڵێن خۆ دارو بەرد نین؟

کوکوشکین بەدەنگێکی گرو بەهێمن.. بەهەنسکو بەفرمێسکەوە گووتی:-

● مرۆڤێکی راستەقینەوبە جەرگ دەنێژن.

ئەم دوو ووشەیە لەناخی ئەلکسیا چەقی:- مرۆڤی راستەقینە، جێگای خۆیەتی ئەم دوو ناوە لە مفەوەز بنێین ئەلکسیش بەهەموو توانایەکی دەیویست وەک ئەو ببێتە مرۆڤێکی راستەقینە بەلام چۆن؟

تیمارکردنو کاتیش ڕۆڵی خۆیان گێڕا، زۆربەیان چاک بوونەوە، چەندە زووتر ئافاقەی بهاتبایە ئەوەندەیش میوانەکانی ژووری (٤٢) کەمتر هەستیان بەئازار دەکرد، خەونیان بەژیانی دەرەوەی ژوورەکە دەبینی، چۆن لەوەحدەکانیان پێشوازیان لێدەکەن؟ گشتیان دەقیان بەژیانی سەربازییەوە گرتبوو، گشتیان تینووبون فریای تازەترین هێرش بکەون.. کام هێرش؟ ئەو هێرشەی کەهیچیان لەبارەیەوە نەبیستووە.. نەخوێندووە، تەنها دڵیان خەبەری دابوو کەدەبێتو نزیکیشە، خۆ بەرەکانی شەڕیش ماوەیەکە کپو ئارامن!

بۆ پیاوی قاڵی جەنگ ئاساییە لەخەستەخانەوە بگەڕێتەوە بۆ کاروباری کوشتار، بەڵام تەنها بۆ ئەلکسی گەڕانەوە کارێکی ئاسان نییەو بگرە ئەستەمیشە، ئێستا دووقاچی نەماوە، ئایا بەتێکۆشانی بەردەوامو وەرزشی بەبەرنامە دەتوانێت خۆیو قاچەکانی بۆ هونەرو چالاکی شۆفێری فڕۆکە ڕابهێنێت؟ ئایا جارێکی دی دەچێتەوە قەمەرەی فڕۆکە؟ بۆگەیشتنی بە ئامانجی دیاریکراوی ئێجگار سەرسەختانە کاری دەکرد، مەشقی لەشو قاچەکانی لەچەند دەقیقەوە کردی بەدووسەعات بەیانیانو ئێواران، تەنانەت ئەم ماوەیشی بەکەم دەزانی، بۆیەکا لەپێش نانخواردنیش کەوتە مەشقکردن.

گشت نەخۆشەکانی ژووری (٤٢) بڕوایان نەدەکرد کەبەبێقاچ (فڕین) ئەنجام بدرێت، بەڵام ڕێزیان لەسووربوونی هاوڕێکەیان دەگرتو ئەم باسەیان دەکردە نوکتەو پێی موعجب بوون.

کڵاوەی ئەژنۆکانی (سترۆتشکۆف) شکابوون، درزەکانی وەک دەرکەوت ئاسان نەبوون، سارێژبوونی زۆری دەخایاند، قاچەکانی لەتەتەو تەختەدا بوون، هەرچەندە لەچاکبوونەوە دڵنیابوو، بەڵام لەحاڵی خۆی وەڕز دەبوو جنێوی ئەدا، بەردەوام هەڵدەچوو، بەگچکەترین هۆ جنێوی ئەدا بەهەموو شت، (ستروتشکوف) هۆی ئەو هەڵچوونەی دەگەڕانەوە بۆ ئەوەی تەنانەت جگەرە خواردنی لەئاودەستیشا لێ قەدەغە کراوە، یان بۆئەوەی لەگەڵ برینپێچە قژسوورەکەدا بواری ڕەخساوی نیە جگە لەڕاپەوی ژووری عەمەلیات!

هەڵچوونو تووڕەبوونی (ستروتشکوف) لەوکاتانەدا دەبێت کەلەپەنجەرەوە فڕۆکەکانی سەرمۆسکۆ دەبینێت یان لەپاش ئەوەی کەلەڕێگای ڕۆژنامەو رادیۆوە دەیبیست کە لەپێکادانی ئاسمانی ڕوویداوە یا فلان فڕۆکەوانی ناسیاوی سەرکەوتنی چاکی بەدەست هێناوە. ئەو بارودۆخەی (ستروتشکۆف) ئارامی لەئەلکسی هەڵگرتو ئەمیشی خستە سەر هەڵچوونو بێئارامیی، بەلام ڕێگای بەخەڵکانی دەوروبەری خۆی نەئەدا وەڕزبوونی تیابەدی بکەن. ئالەم کاتەدا بەراوردی خۆی لەگەڵ (ستروتشکوف)دا دەکردو لەناخیا وای هەست دەکرد کەلەوێنەی (مرۆڤێکی ڕاستەقینە) نزیک دەبێتەوە.

لەپاش مردنی مفەوەز فرەی نەخایاند (کوکوشکین) لەخەستەخانە دەرچوو، لەکاتی دەرچووندا ڕایگەیاند کەپزیشکی ئێجگار سەخڵەتو وەڕز کرد، ژوورەکەو هاوڕێکانی بەساردیو بێ شەرمەزاریو تەریقبوونەوە جێهێشت. ئەلکسیو کلافدیا تەنها ئەوەیان پێ ڕاسپارد کەئەو نامانەی لەدایکیەوە دەگەنە فەوجەکەیان بیانپارێزێتو گوتی:-

- باسی خۆتمان بۆ بنووسە، چۆن پێشوازیت لێدەکەن.
- چیت بۆ بنووسم؟ بەڕاست خەمم دەخۆیت؟ نامەت بۆ نانووسمو کاغەزیش خەسار ناکەم.

# 4

****

بەیانیەکی هاوینی خۆشو زێرپاوی بریسکەدار...کلافیدیا وەک بۆ ئاهەنگ بێت خۆی کرد بەژووردا، پیاوێکی بەتەمەنی عەینەک لەچاوی هێنایە ژوورەکە، چوارچێوەی عەینەکەکەی ئاسنو بەپەتیش بەگوێیەوە بەسترابوو، دیمەنی وەک سەنعاتکارو خاوەن پیشەکۆنەکان بوو، سەرماو سۆڵەو بەرگی زۆر ئەو دیمەنەیان نەشێواندبوو، بوخچەیەکی سپی لەسەرمێزەکەی ئەلکسی داناو هێدی.. هێدیو دەستە لەرزە وەک فاڵچیو سیحربازەکان چمکی بوخچەکەی کردەوە، چەرمەکە بەدەستیەوە جیرەی دەهات بۆنێکی تیژی ترشەلۆکو دەباخ ڕژایە ژوورەکە.

دەرکەوت لەبوخچەکەدا دوو قاچی دەستکرد هەیە، گەنم ڕەنگ و ئێجگار بەوەستایی و شارەزایانە دروست کراون، دەکرانە دووقاچە سروشتیەکە، جوتێک پێڵاوی زەردباویش کرابووە دووقاچە دەستکردەکە وەک پێڵاوی فڕۆکەوانەکانی نێو سوپا دروستی کردبوو، وەستاکە فەخرو شانازی بەم بەرهەمەوە دەکرد، بەئەستەم هەست دەکرا کەئەو قاچو پێڵاوانە دەستکردن، وەستا لەپشت عەینەکەوە چاوی بریە قاچەکانو گوتی:-

● فەرموو ئەو پێڵاوانە دەشێن بۆ ئاهەنگی ژن هێنان، فاسیلیش ڕایسپاردمو گوتی:-

[زویف دوو قاچی باشتر لەسروشتیم بۆ بکە!]

فەرموو ئەوە (زیف)ە دوو قاچی ئیمبراتۆریانەی بۆ هێناوی! (**ئەلکسی**) کە چاوی بە قاچەکان کەوت زۆر دڵی گوشراو تێکچوو، بەلام ئارەزوو مەند بوو بە خێرایی لە پێیان بکا و بە بێ دارشەق بڕوات، ئەم ئارەزوە هەست و سۆزی سەرتاپا داگیر کرد بوو. قاچەکانی لە ژێر جێگاوە دەرخست و کابرای وەستایش کەوتە تەجرەبەو لە قاچ هەڵکێشان. حەزیشی

بە پەلە کردن نەدەکرد؛ دەیویست زۆرترین کات تەماشا و باسی بەری ڕەنج و دەست و مەقامی خۆی بکات، بە قسەی خۆی لە زەمانی قەیسەردا کە (دۆقی گەورە) لە کاتیڕمبازی دا قاچی شکاوە؛ ئەم قاچی دەست کردی بۆ دروست کردووە.

(زویف) بە چمکێکی بوخچەکە قاچەکانی سڕی و بە نینۆکی گچکە پەڵەیەکی سەرچەرمەکەی لابرد و فووی لێ کرد، بە دەسرۆکە سپیەکەی سڕی و لە سەر زەوی دانیان، دەسرۆکی دەستی بە شێنەیی قەد کرد و لە باخەڵی نا.

(**ئەلکسی**) لە جێگاکەیدا دانیشتبوو بە پەلە کردنەوە گوتی:-

- دەباشە مامە پیرە.. خێرا کە بادەست بە کار بین....

ئێستاکە تەماشای قاچە ڕووتەکانی دەکا و لێشیان ڕازیە:- ماسولکەکانی بەهێزن و دەمارەکانی هەڵتۆقیون، لە کاتی ڕاکشان و کەوتنی ناچاریدا پێستی مرۆڤ قەڵەو دەبێ و ئەسمەر دەبێ و ماسوولکەکانی خاو دەبنەوە، بەڵام ماسوولکەکانی قاچی ئەو کرژ و جووت.. جووت وەستا بوون؛ دەتگوت قاچێکی ساغە و زۆریش پێیان دەگەرێت!

وەستا بۆڵە بۆڵی دەکردوو دەیگوت:-

- بۆ دەڵێی خێراکە... پەلە کردن سوودی نیە،

~~(فاسیلی)یش گوتی:- (زویف چیت هەیە بیخەرە کار و~~ دووقاچی دەست کردم بۆ دارێژە؛ مولازم وای خەیاڵە بەبێ قاچ بفرێت).

منیش دەڵێم:-

ئامادەیە و دەفەرموون وەری گرن!! بەم دوو قاچە نەک ڕۆیشتن؛ بگرە لە گەڵ ژنانیشدا سەمایی (بولکا)ی پێدەکرێت.. ئەوە سەنعەتە سەنعەت! قاچی ڕاستی ئەلکسی لەو قاوغە نەرم و فەروە هەڵکێشرا، بە تیلماسکە چەرمیش دای پێچا، کەمێک دوور کەوتەوەو چاوی بریە قاچەکانی ئەلکسی لە خۆشی و سەر سوڕماندا تفی قووت ئەدا و لێوەکانی دەڵستەوە.

- پێڵاوێکی چەندە قەشەنگە! ئازارت ئەدا؟

وەستای وەک (زویف) لە مۆسکۆدا وێنەی نیە،

دەست و سنعەتی زویف زێڕە.. زێڕ!

وەستایانە کردیە قاچەکەی تریش و بە پارچە چەرم شەتەکی دا، لە ناکاوو بە شێوەیەکی چاوەنۆڕ نەکراو ئەلکسی لە شوێنەکەی خۆی بازی دا، ترپەیەکی گەورەی لێهات، لە تاو ئازار هاواری لێهەستا و لە نزیک قەرەوێلەکەی درێژ بوو.

وەستا پیرە ئێجگار تێکچوو تاس بردیەوە؛ چاوێلکەی لە تورەیی‌دا بەرەو تەوێلی هەڵکشا، بە تەمای هەڵەشەی لەم جۆرە نەبوو، (**ئەلکسی**) لە سەر زەوی کەوت و سەر سام درێژ بوو، قاچە دەست کردەکان و پێڵاوەکانی داچەقاو و کراوە بوون، چاوەکانی پڕ بوون لەترس و وەڕز بوون، تۆ بڵێی لە خشتەیان بردبێت؟

کلافدیای برین پێچ بەدەم غاردانەوە دەستی بەرز کردەوە، لە گەڵ وەستا (زویف) پێکرا (**ئەلکسی**)یان خستەوە سەر جێگاکەی خۆی، لە شێکی تێکشکاوی پەرۆ ئاسا ڕاکشا، دەم و چاوی خەمۆکیی لێ دەباری.

وەستا پیرە غەڵبە غەڵبێکی کردوو گوتی:-

● نا نا برادەری خۆشەویست.. هەرگیز ناکرێت، تۆ چۆن مرۆڤێکیت:- وەک قاچێکی سروشتی باز ئەدەیت.. پێویست بەدڵ تەنگی ناکات. دەبێت گشت کارەکان لە نووکەوەرەچاو بکەیت، ئەوە لە بیرکەی کە تۆ جەنگاوەریت؛ ئێستا کە تۆ منالێکیت و تازە هەنگاو هەنگاو پێرەوکە دەبی.. لە سەرەتاوە بە دارشەق.. لە پاشان بە هۆی دیوار.. لە پاشان بە گۆچان، گشت ئەمانە.. بەلام لە سەر خۆ و هێدی.. هێدی.. ئەم قاچانە زۆر چاکن بەلام قاچی سروشتی خۆت نین، برادەری خۆشەویستم.. قاچە سروشتیەکان بابە و دایە بۆیان دروست کردیت و کەسی دیش توانای ئەو کارەی نیە..

لە ئەنجامی ئەو بازدانە سەرنەکەوتووە؛ قاچەکانی ئێجگار ئازاریان بوو، بەلام ئەلکسی لە سەر ئەوە سوور بوو کە لە ئێستاوە خۆی تاقی بکاتەوە.. دوو دار شەقی فافۆنی سووکەڵە بخاتە کار و، بالیفی گچکەیشی دەخزانە بنبالی، هێدی.. هێدی و ئەمجارەیان لە جێگاکەی هەستا، بەڕاستی لەم کاتەدا وەک منالە و تازە پێرەوکە دەبێت. بەلام بەغەریزە هەستی دەکرد

دەتوانێت خۆی لە دیوارکە جیا بکاتەوە، وەک منداڵێک دایکی یا باپیری هەڵی بگرن و دارە دارەی پێ بکەن: کلاودیاو وەستا پیرە هۆشیارانە ئەم لاو لایان لێ گرت، ئەلکسی تاوێک لە شوێنەکەی خۆی وەستا، شوێنی داپێچانی قاچە دەست کردەکان زۆر ئازاریان ئەدا بۆیە بە هەموو هێزی خۆی ئەدا بە سەر دارشەقەکاندا، قاچێکی دادە کێشا و قاچەکەی دیش بە دوویا، چەرمی بە توندی خشەی دەهات، قاچەکانی تەپەی دەهات.

وەستا پیرە بۆڵەیەکی لێوەهات و گوتی:-

- زۆر چاکە.. هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.

ئەلکسی بە ترسەوە بە قاچە دەست کردەکانی چەند هەنگاوێکی دیشی بەرەو دەرگای ژوورەکە ناو گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی؛ دەتگوت فەردەیەک ئاردی بۆ نهۆمی پێنجەم هەڵ گرتووە، کە گەیشتەوە سەر جێگاکەی بە سنگیا دارما و هەموو گیانی نیشتە سەر ئارەق، توانای ئەوەیشی نەبوو خۆی بخاتەوە سەر پشت.

پیرە مێردیش وەک هەموو پیرێک کەوتە ستایشی خۆی و گووتی:-

- زۆر چاکە.. قاچە دەست کردەکان چۆنن.. ئەمە گرنگە، سوپاسی خوا بکە کە لەم گەردونەدا وەستایەکی وەک (زویف)ی بۆ تۆ ڕەخساند.

پارچە پارچەکانی لە قاچی کردەوە، قاچەکانی ئازاد کرد چونکا بە هۆی (دەق پێوە نەگرتن و ڕانەهاتنەوە) کەمێک ئاوسا بوون و گوتی:-

- بەم قاچانە نەک تەنها فڕین بە ڵکو دەگەیتە خزمەت پەروەردگاری گەردونیش؛ ئەوە سەنعەتە.. سەنعەت!

ئەلکسی لە بەر خۆیەوە گوتی:-

- پیرە مێرد سوپاست دەکەم.. کارێکی چاکە..

- مادام باشیت؛ خوات لە گەڵ، (فاسیلی)یش پێی گووتم:-

(زویف) پێڵاوێکی تایبەتیم بۆ دارێژە و لای خەڵک ڕووزەردم نەکەیت، توخودا زویف کەسی بێ هیوا کردووە؟ لە بوارێکدا پێی بێژە کە دەست کردەکەی زۆر باشە.

پیرە مێرد شتێکی گلماند و دوو قاچەکەی بەرامبەر جێگاکەی (**ئەلکسی**) دانا؛ ئەو دوو قاچەی کە هەمیشە تەماشای دەکرد و پێی

موعجب بوو، ( **ئەلکسی** )یش لە شوێنەکەی خۆی ڕاکشابوو. لەو ڕۆژەدا نامەیەکی درێژی پڕ لە گاڵتەی بۆ (ئولیا) نارد؛ تیا نوسیبو کە ئەو کارانەی بۆ وەرگرتنی فرۆکە پێویستن زۆری نەماوە؛ تا پایز و بگرە زستانیش دەخایەنێت، لەو کارانەیش ئەوەندە فێر بووە ئیدی لە پشت بەرەوە گرفتی پێ دەکا و لە خۆیشی وەڕز بوو؛ نۆرەی بەرەی جەنگە و گەڕانەوەیە بۆ فەوج.. لەوێ هاوڕێکانی چاونۆڕی دەکەن و لە بیریان نەچووە.. لە ڕۆژی کارەساتەکەوە ئەمە یەکەم نامەی دڵخۆش کەرە، یەکەم نامەیە بە دڵ و دایەن بۆ دەزگیرانی بنوسێت و بە تاسەوە خۆی بۆ ماندوو بکات. لەم نامەیەدا بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار بیرۆکەیەکی ئازیزی بۆ (اولیا) نووسی کە لە پاش جەنگ پێک دەگەنەوە؛ خۆ ئەگەرجەنگیش ئولیا نەگۆڕێت ئەوا پێکەوە دەژین و دەبنە هاوسەر، چەند جارێک نامەکەی خوێندەوە، بەڵام هەناسەیەکی ساردی هەڵ کێشاو چەند دێڕێکی کۆتایی لێ کوژاندەوە. لە شوێنێکی تر وتووێژ لە سەر ئەم جووتە قاچەی ژووری (٤٢) دەکرا ،لە پۆلی سێی کولێژی پزیشکی زانکۆی مۆسکۆدا موناقەشە دەکرا، لە ڕێگای (انیوتا)ی قوتابی ئەو پۆلەوە کە زۆربەیان کچ بوون کێشە و هەواڵەکانی ژووری (٤٢) دەزانران.

لەکافیتریای ئەو کۆلێژە دا لە بارەی (جووتە قاچی ئیمبراتووری)یەوە پرسیاریان دەکرد:- ئایا (ئەلکسی میریسیف) بەو قاچە دەفڕێت؟ هەندێکیان لەم بارەیەوە ڕەش بین بوون و دەیان گووت:- شۆفێری فرۆکە ڕاوەر کارێکی سەخت و ئاڵۆزە، گەشبینەکانیش دەیان گوت:- بۆ مرۆڤێک کە (١٥) ڕۆژ لە پشت دووژمنەوە بە دارستان و بێشە چڕەکاندا خۆی کێش کردبێت؛ مەگەر خوا بزانێت چەند کیلۆمەتری بڕیبێت؛ لای مرۆڤی ئەوها ئەستەم (موستەحیل) نیە و نابێت، گەشبینەکان بۆ پاساودانی بۆچوونیان چەند نمونەی مێژوییشیان لە کتێبانەوە دەهێنایەوە.

(انیوتا) لەو مناقەشانەدا بەشداری نەکرد؛ ئەو لە پشووە دەگمەنەکاندا بیری لە پەیوەندی خۆی و (غریشا غفورزدیف) دەکردەوە، ئەو پەیوەندییە وای بۆ دەچوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆز تر دەبێت، لە سەرتاوە وەک پاڵەوانێک و فەرماندەیەکی تێکۆشەری تراجیدی نامەی بۆ دەنووسیی، مەبەستە شەخسیەکانی خودی خۆی لەو نامانەدا نەبوو، بەو شێوەیە لێقەومان و باری

شانی ئاسانتر دەبوو، کار گەیشتە ئەو ئاستەی کە لە کاتی کەم بوونی نامەدا بیری دەکرو خەمی بۆ دەخوارد، لەم وەرچەرخانە دەترسا و حەپەسا بوو: تۆ بڵێی ئەمە خۆشەویستی بێت؟ ئایا دەکرێت مرۆڤێک تەنها بە نامە نووسین بکەوێتە دوای ئەوین؟ خۆ بۆ جارێکیش نەیدیتبوو کە (غەفوزدیف)یش لە نامەیەکدا هەمان هەستی باس کرد؛ لە دڵی (انیوتا) چەسپی بوو کە عەشقی بووە؛ عەشقێکی ڕاستەقینە نەک وەک هەرزەکاری و کاتی قوتابخانەی ئامادەیی، وای دەزانی بەبێ ئەو نامانەی کە شەو و ڕۆژ چاوەنۆڕی دەکردن ناژی و ژیانیش بایەخی نیە؛ ئەوها دڵی خۆیان بۆ یەکتر کردەوە؛ بە بێ ئەوەی یەکتر بناسن ویەکتر ببینن.

فرەی نەخایاند (غفوزدیف) گۆڕا و شتی سەیری دەنوسی:- نامەکان تووڕە و دوو دڵیان باس دەکرد، پڕ بوون لە خۆ گرتن و قسە خواردنەوە. هەموو توانا و ئازایەتی خۆی کۆ کردەوە و ئەمەی درکاند بە بێ یەکتر بینین؛ ئاشکرا کردنی ڕازی دڵ و خۆشەوەیستی جوان نیە، ئەمەیشی بۆ نووسیبوو کە سووتان دەم و چاوی پۆخڵە کردووە و شێوازی وەک جاران نەماوە، وە نایەوێت فریوی بدات، تکای لێ دەکرد کە لەمەودوا سۆز و خۆشەویستی خۆی هەڵگرێت بۆ ئەو کاتەی کە بزانێت لە گەڵ کێدا دڵداری دەکات! فرەی نەمابوو (غفوزدیف) لە خەستەخانە دەرچێت، لە بەردەم ئاوێنەدا ماوەیەکی زۆر لە خۆی ڕادەما، جار جارێکیش دەم و چاوی پڕ لە برین و چاڵ و چۆڵی لە ئاوێنە نزیک دەخست، برینەکانی بۆ چەند سەعاتێک دەپروان و دەیسوونەوە، دیمەنی لە دوورەوە بۆشناخ و ناوشان پان بوو، سمت و کەفلی گچکە دەبینرا قاچ و قولی ڕاست و پوو کاوە بوو بەڵام ئەگەر بەووردیی تێت ڕوانیبا وانە بوو! زیبکە سوور و برینەکانی سەر کولم و چەناگە و پێستی بێ هیوایان دەکرد، کە تەماشای دەکردن دەتۆقی و دەترسا؛ وەردەگەڕا و شانەکانی هەڵدەتەکاند، زۆر بەوەتێک دەچوو کە:- وەک موجامەلە ڕوو بەڕوو لە گەڵی بدوێ؛ بە ساردی و بەڕەسمییش پێی بڵێت خوات لە گەڵ! ! بەو جۆرە (غفوزدیف) دەترسا، ڕەنگی دەبزڕکاو بێزار دەبوو.

لەو کاتەدا وێنەیەکی فۆتۆ گرافیان لە گیرفانی پۆستەچی خەستە خانە ڕاپسکان، (غفوزدیف) کەوتە سەرنج دان و لێ ڕامانی وێنەکە:-

کچێکی تێر گۆشت و تەوێڵ قۆقز، مووی قژی تەنک و بژ بوو، قژی بەرەو دوا پەخش بوو، لووتی ڕوسی ئاسا کورت و قنج بوو، لێوەکانی منداڵ ئاسا تەنک بوون، لێوی سەرووی بە ئاستەم خاڵێکی ڕەشی تیا بەدی دەکرا، لەو دەم و چاوە خاوێن و پاکەدا دوو چاو دەبریسکانەوە، دوو چاوی کاڵی شین باو.

کەوتە سەرنجدانی وێنەکە و لە بەری خۆیەوە دەیگوت:-

(تۆ کێی.. ئەوە لێم ناترسیت؟ چۆن ڕاناکەیت! ئەوەندە ئازایت ناشرینی من نابینیت! )

لەم کاتەدا مولازم یەکەم ئەلکسی لە ڕاڕەوە کەدا بە دارشەق و قاچی دەستکردیەوە تەپەی دەهات، خاو خاو و بێ وەڕز بوون هاتو چۆی بوو، جارێک و دوو جار و بیست جار بەلایا تێدەپەڕیی، بەو بەرنامەی کە خۆی ڕەنگی ڕشتبوو بەیانی و ئێوارە ئەنجامی ئەدا و ڕۆژ بە ڕۆژیش هەڵدەکشا و درێژ تر دەبوو. ( غفوزدیف ) بۆ خۆی ئەدوا و دەیگوت:-

(گەنجێکی سەلار و بەڕێزە.. خۆ گروسەر سەختە، ویست و ئیرادەی ئەم مرۆڤە چەندە بە هێزە! لە هەفتەیەکدا فێری ئەوە بوو کە خێرا و شارەزایانە بەدار شەق بڕوات، لە کاتێکدا خەڵکانی تر بە چەند مانگێک ڕادێن. دوێنێ بۆ ژووری تیمار کردن نەیویست بە عەرەبانە بڕوات بەڵکو خۆی بە پلیکانەدا بۆ ژووری تیمار کردن دابەزیی، لەو سەریش خۆی هاتەوە، هەرچەندە فرمێسک لە ڕووی دەچۆڕا بەڵام بەردەوام سەردەکەوت.. برین پێچێک ویستی یارمەتی بدات بەڵام ئەلکسی نەڕاندیبەسەرتا و ڕەدی کردەوە، لەو کاتەدا کە گەیشتە دوا پلە ئێجگار گەشایەوە؛ دەتگوت چیای (بروس)ی بڕیوە.

(**ئەلکسی**) وانەی ئێوارانی ئەنجام دا کە (٢٣) جار هات و چۆ بوو، لەو کاتەدا ئێجگار لەشیدا هێزراو شەکەت بوو، ڕانەکانی ئاوسا بوون و دەسووتانەوە، بندەستیشی لە ئەنجامی دارشەقەکاندا سڕ بوون.

تەق.. تەق.. تەق..

(مولازم یەکـەم ئەلکسـی ) ئێجگـار شـەکەت بـوو.. لێوانـی دەکرۆشـت و فرمێسک لە تاو ئازار لە چاویا قەتیس مابوو، بەم حاڵەوە گەشـتی (٢٩)ۆی ئەو ڕۆژەی تەواو کرد.

# 5

****

لە ناوەڕاستی حوزەیراندا (گریگۆری غفوزدیف) لە خەستەخانە دەرچوو. دوو سێ ڕۆژ لە پێش دەرچوونیا لە گەڵ ئەلکسی پێکەوە دۆستانە دووان و قسەیان کرد، لە قووڵایی دەروونەوە بۆ یەکتر ئافاقە بوون؛ چونکە هەردوکیان لە کلۆڵیدا یەکیان دەگرتەوە. هەردووکیان بار و دۆخێکی ئێجگار خراپیان بوو، بۆیە بۆ یەکتر بە بێ ترس قوڵایی دەرونیان دەخستە سەر پشت؛ لووت بەرزیی ڕێگای نەئەدا کە گومان و خانەگوومانیان بۆ یەکتر باس بکەن؛ بەڵام وێنەی دەزگیرانی خۆیان بۆ یەکتر خستە ڕوو.

هەردووکیان لە سەر ئەوە پێک هاتن کە:- (غفوزدیف) بۆ (انیوتا)ی دەزگیرانی نامە بنووسێ و داوای لێ بکات کە داخۆ هەڵوێستی بەرامبەر دەموچاو ی پۆخڵە و تێک چووی چۆن بێت و کار و باریان بەرەو کوێ دەڕوا؟ لە هەمان کاتیشدا (**ئەلکسی**) بڕیاری دا کە ئەگەر کارو باری (غفوزدیف) و (ئانیوتا) باش بێ؛ ئەویش هەموو شتێک بۆ (اولیا) باس بکا و لە نامەیەکدا بە (اولیا) ڕابگەیەنێت؛ ئاگاداری دایکی (**ئەلکسی**) بێت، چونکا ئەو زۆر لاوازە و توانای هەڵسانی نەماوە. ئەو پێک هاتنەی سەرەوە بووە هۆی ئەوە کە هەردوکیان بۆ یەکتری نیگەران بوون بە تایبەتی بۆ چارەنووسی (غفوزدیف)ی کارمەندی تانگ، هەردووکیان شەوان کەمتر دەنوستن هەردوکیان دەکشانە ڕاڕەوەکە:- غفوزدیف برین و زیبکەکانی دەم و چاوی لە بەردەم ئاوێنەدا هەڵدەگلۆفت و دەیپروان.

(**ئەلکسی**)یش نووکی دارشەقەکانی بۆ هێمنی ڕاڕەوەکە بە پەڕۆ دپێچاو هاتوچۆی دەکرد. ڕۆژێک لە سەعات (١٠)ی بەیانیدا (کلافدیا)ی برین پێچ بەناز و مەکرەوە هات و ڕای گەیاند؛ کە یەکێک هاتووە بۆلای (غفوزدیف) و دەیباتەوە بۆ ماڵەوە. وەک با لەجێگاکەی خۆی دەرپەڕی و، دەم و چاوی

سـوور هەڵگـەڕان و برینەکـانی دەم وچـاوی زەقـتر دەبیـنران، کەوتـە کۆکردنەوەی پێویستەکانی خۆی. کلافدیا لە بـەر خۆیـەوە بەزەردەخەنـەوە دەیگوت:-

● کیژێکی ئێجگار جوان و سەلار، چاوەنۆڕتە بەپەلە خـۆت کۆوەکـە... میوانەکانی ژوورەکە لەسەرۆکی خەمبار (**ئەلکسی**)یەوە هەتا دوو نەخۆشـە تازەکە؛ لەپەنجەرەوە چاوە نۆڕ بوون؛ کە هاوڕێکەیـان لە سـەر شـەقامەکە دەرکەوێت.

ڕۆژێکیان (**ئەلکسی**) لە بەر خۆیەوە دەیچرپان:-

● ئەوە هات...

دەرگایەکی داربەڕووی (مەدخەل)ەکە بە هێواشـی کرایـەوە.. دووکـەس هاتنە ژوورەوە:- کیژێکی تێر و پڕی بێ شەپقە؛ ڕێک خستنی قـژی سـاکار بوو، بلوزێکی سپی و تەنوورەیەکی ڕەشی پۆشی بوو، ئەفسەرێکی گەنج کە (**ئەلکسی**)یش شێوەی کارمەندی تـانکی تیـا بـەدی نـەکردوە. ئـەم گەنجـە جانتایەکی هەڵ گرتبوو پاڵتۆیەکی دابوو بە دەستیا، ئەوەندە ڕەوتی جـوان و سرک و هێدی بوو؛ مرۆڤ بە دیتنی کەیف خۆش دەبوو، خـۆی دەنوانـد و کەشـخەی دەکـرد، کیژەکـەی لەبـن دەسـت نـا بـوو، بــە جووتــە لە قــەراخ ڕووبارەکـە پیاسـەیان دەکـرد و لە پەنجەرەکـە نزیـک دەبوونــەوە، دڵۆپــی گەورەی بارانیش بە لەشـیانەوە وەک زێـڕ دەبریسـاکانەوە. ئەلکسـی لێیـان ڕاما و زۆر دڵخۆش بوو: ئەوەتە کاریان بەسەلامەتی تەواو بـوو، ئـەو گەنجـە بە خۆڕایی ئەوەندە دڵخۆش و ڕو خۆش نیە، کیژێکـی وەهـا شـۆخ و سـەلار دیدەنیش ناکاو مرۆڤیش لە کاتی لێقەوماندا سەرف ناکات، کـە هەردووکیـان لە پەنجـەرە نزیـک بوونـەوە، سـەریان بـەرز کـردەوە لە تـەنیشـت دیوارێکـی بـەردەوە کـە بـاران لووسـی کردبـوو وەسـتا بـوون، لە پشـتیانەوە چـەند هێلێکیڕوونـاک بـوو، دڵۆپـە باڵندەکـان بـەو هیلانـەدا دەچـۆڕان، ئـالێرەدا (**ئەلکسی**) هەستی بەوە کرد کە دەم و چاوی پیاوی تانکەکان (غفوزدیـف) ئالۆزە، (انیوتا)ی هاوڕێشی لەمسـەر خـۆی نیـە و ژاکـاوە؛ بـەلام ئـەوە تـا دەستی (انیوتا) لە دەستی (غفوزدیـف) نەچەسـپیوە، سـیمای بـە گشـتی شلەژاو و دوو دڵە؛ وات ئەزانی کە ئێستا دەست بەر ئەدا و هەڵدێ....

پاش ماوەی ئەو ڕۆژە زۆر وەڕز بوو؛ بە ڕادەیەک وەرزشی ئێوارانی پێنەکرا، پێش هەموویان لە سەر جێگاکەی ڕاکشا، ئەوەندە لە سەر جێگاکەی تەپا و تلی کرد ئەڵقە و برغوی جێگەکەی دەیان ناڵاند. لە بەیانی داهاتوودا هێشتا برین پێچەکە لە سەر سەکۆ بوو لێی دەپرسی:- نامەی تازە نەهاتووە؟ ئەو بەیانیە بە کزیی دەم و چاوی شۆرد و بە ساردیش نانی خوارد، بەڵام وەرزشی هاتوچۆی لە جاران زۆرتر کرد، وەک لە دوێنێی خۆی تۆڵە بکاتەوە:- ئەمرۆ ئەوەی دوێنێی گێڕایەوە و پازدە جاریشی وەبان خست، ئەم گوڕ و ئەنجام دانە وەڕزبوونی لە بیر بردەوە؛ لەوەیش دڵنیا بوو کە بەبێ گرێ و گوڵ و بێ ماندوو بوون بە دارشەق دەجوڵێت؛ بەنموونە:- ڕاڕەوەکە (٥٠)م دەبوو (٤٥) جار هاتوچۆی کرد دەکاتە (٢٥٠٠) مەتریانی دوو کیلۆ مەتر و چارەکێک، بەراستیی ئەمە ماوەیەکی کەم نیە!

(**ئەلکسی**) بڕیاری دا وەرزشی ئەو ڕۆژە بکاتە (٤٦) جار؛ (٢٣)یی لە بەیانی و (٢٣)یی لە ئێوارەدا، لە ڕۆژی ئایندەیشدا بەیانی زوو هەوڵ ئەدا بێ دارشەق بڕوات، ئەم جۆرە بڕیارانە ویست و ئیرادەی بەهێزتر کرد؛ خەم و وەڕزبونیان لە بیر بردەوە، گیانی کاریان زیاتر لە دەرونیا چەسپاند. لە ئێوارەدا بە پەرۆشەوە هاتوچۆی دەست پێ کردەوە؛ بەڕادەیەک هەستی بەوە نەکرد کە لەبریی (٢٣)ێ (٣٠) جاری ئەنجام داوە، لەم ساتەیشدا کرێکاری بەرگ گۆڕین ڕایگرت و نامەیەکی دایە.

زەرفی هەڵتەکاند لە سەر پەنجەرەکە شانی دادا، نامەیەکی (غفوزدیف) بوو لە شەودا و لەوێستگەی نزیک ئەم نەخۆشخانە نووسی بووی، کە ئەو نامەت ئەدایە بەرتیشکی وورد کردنەوە؛ زیاتر ڕەشبینی و خەم دای ئەگرت (غفوزدیف) لە نامەکەیدا دەڵێت:- ئەوەی ئێمە بیرمان لێکردەوە (انیوتا) وەهابوو، لە مۆسکۆیشدا لەم کیژە جوانتر نیە، (انیوتا) وەک خزمێکی خۆی مامەڵەی لە گەڵ دەکا و زۆریش پێی موعجیبە.

(... بەڵام ئەوەی خۆمان باسمان کرد ئەوە بوو کە بیرمان لێدەکردەوە:- باش و دڵپاکە، هیچی نەگوتووە، بگرە هیچیشی پیشان نەداوە، هەموو شتێک باش دەڕوات، بەڵام خۆ من کوێر نیم و دەبینم دەموچاوە تێکچوە مەلعوونەکەم دەیترسێنێت، منیش لە پڕا تەماشای

دەکەم و ئەویش لێم رادەمێنێت؛ لە سیمایدا نەتەریق بوونەوە نە ترس نە بەزەیی ناخوێندرێت.... گوایە ئەوە چ بێت!).

خۆی بە تەنهایە، باوک و دایکی لەدەرەوەی مۆسکۆن، خێزانەکەی بەرێزن و کەچا دەخۆین دیمەنم لە مەسینەی چاکەدا دیارە و سەرنجی لێ ئەدا؛ بە کورتی هەست دەکەم کەبەرگەی زۆرتر ناگرم و حەز دەکەم بفرم بۆ لای شەیتان! جارێک راستە و خۆ پێم گوت:-

خۆم دەبینم و دەزانم کە دیمەنی من شیاوی تۆ نیە، ئەمە هەقە و کەس لاری لێ نیە؛ لە هەڵوێستی تۆیش دەگەم و پەستیش نابم.

بە کوڵ گریا و گوتم:- تۆ کیژێکی باش و دڵپاکیت، هەموو کەس دەکەوێتە دوای خۆشەویست.. ئیدی بۆ چ ژیانت لە ناو دەبەیت، لە پاشان پێم گوت:-

ئێستا منت دیی، دیت چ شۆخێکم، تۆیش بە قووڵی تێفکرە، منیش بۆ هەواری تەنهایی کۆچ دەکەم، ناونیشانی خۆمت بۆ دەنێرم.. ئەگەر بۆ چوونت نەگۆری نامەم بۆ بنووسە.

لەم کاتەدا زەنگی هێرشی ئاسمانی لێدا و (انیوتا) چووە دەر، منیش سووک و بارێک خۆم گەیاندە بەتالیۆنی ئەفسەران، فەرمانی گەرانەوەم وەرگرت، پسوولەی گوێزانەوەی خۆراییم لە گیرفاندایە و دەرۆم، شتێک ماوە بۆت باس بکەم، لە جاران زیاتر بۆی دەسووتێم، لە دوا رۆژدا بەبێ ئەو چۆن بژیم!!

(**ئەلکسی**) کە نامەی (غفورزدیف)ی برادەری دیی؛ دوا رۆژی خۆی تیا خوێندەوە، زۆر نزیکە هەمان شتیش لەو روبدات:- دیارە (ئولیا) گسکی لێناداو بگرە دیدەنیشی دەکات، بەدڵ لەپێناویا قوربانی ئەدا، بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە بۆی دەخەنێ‌و رووی ئەداتێ، لەهەمان کاتیشداو لەقووڵایی دەروونەوە لێی وەڕزە؛ ئەلکسی بەدەنگێک کەدەبیسترا دەیگوت:-

- نەء.. نەء، هیچ پێویست ناکات، پێویست ناکات!! خێرا خۆی خزاندەوە ژوورەکەی‌و لەسەر مێزەکەی دانیشت، بەچرپڕی نامەیەکی بۆ (اولیا) نووسی، لەو نامەیەدا دەڵێت:-

من زۆر بەقووڵی بیرم لەپەیوەندیمان کردووە، گەیشتوومەتە ئەو بۆچوونەی کە بۆ ئولیا سەختو گرانە چاوەنۆڕی من بکات، کێ دەزانێت ئەم جەنگە تاکەی دەخایەنێت ، لەولایش ساڵان دەڕواو تافی لاویشی لەکیس دەچێت، جەنگ نەگریسەوچاوەنۆڕکردنی بێسوودە، لەوانەیە لەپڕا بکوژرێو پێش گوێزانەوە بێوەژن بکەوێت، لەوەیش خراپتر لەوانەیە لەشی بشێوێ و نووقسان بێت، ئەو کاتە دەبێت شوو بەیەکێکی تێکچوو بکات. ئەمە لەپێناوی چیدا؟باناگای لەگەنجایەتی خۆی بێو بەکامی دڵ ڕابوێرێت، باخێرا من لەبیرکاو وەڵامیشم نەداتەوە؛ هەرگیز بەمە پەست نابم، من لەهەڵوێستی ( اولیا ) تێدەگەم... ئەزانم چەندە سەختە، ئەوەیش کە پێشتر باسم کردن بۆی باشترە...

ئەو شەوە باری دەروونی ئاڵۆزبوو، لەپێش ڕۆژبوونەوە ( اولیا )ی لەخەوادیی لەسەر بەلەمێکی هەڵگەڕاوە دانیشتبوو، قاچە لاوازەکانی لەئاودا دەبریسکانەوە، لەبەر تیشکی خۆر دەستی دەگرت بەچاوانیو بانگی ( **ئەلکسی** ) دەکردو پێدەکەنی، ( **ئەلکسی** )یش بەرەو ( اولیا ) باڵەمەلەی دەکرد، لەجێگای خۆی وەستابوو، دژی ڕەوتی ئاوەکە بەهەموو هێزی پەلی دەهاویشت، کەنزیک ( اولیا ) دەکەوت وای دەزانی دەست لەو تنۆکە ئاوانە ئەدات کەبە پشتەڕووتە مسباوەکەی ( اولیا )دا پەخشبووە.

( **ئەلکسی** ) بەدەروونی ئاسووودەو دڵی خۆشەوە بەئاگا هات، چاوی نووقاوی نەدەکردەوە بەو هیوایەی بچێتەوە سەر هەمان خەونی پچڕاوی، بەڵام بەداخەوە ئەو خەونە خۆشە لەتافی منداڵیا نەبێت ناگەڕێتەوە، ئەو ڕۆژە شێوەی ئەو کیژە پڕ ئەفسوونەی کەلەبەر تیشکی خۆر دەبریسکا ؛ هەموو سوچێکی هەستو بیری داپۆشیبوو، ئەوەتا بڕیاری داوە کە:- دەست بکاتەوە بەمەلەکردن تەنانەت دژی تەوژمی ئاویش؛ دوودڵ نەبێو نەگەڕێتەوە هەتا پێی دەگات.

ئەی دوانامە؟ ویستی چاوەنۆڕی پۆستەچیبکاتو نامەکەی لێ وەرگرێتەوە.. بەڵام لەم بیرۆکەیەش پەشیمان بوو. لەدڵی خۆیا گوتی:- خۆشەویستی ڕاستو ڕەوان بەو نامەیە لەناو ناچێت؛ بگرە بەهۆی ئەم نامەیەوەبڕوادەکات کەخۆشەویستمان پاکو بێ گەردە؛ ( اولیا ) خەمباربێت یان دڵخۆش؛ لەش ساغ بێت یان نەخۆش؛ چاوەنۆڕی من دەکات، هەستی

بەوە دەکرد کە ورەی بەرزە. (**ئەلکسی**) لەبەیانیا ویستی بێ دارشەق بڕوات، بۆ ئەم مەشقە ئەو کاتەی هەڵبژارد کەژوورەکەیان خاڵیەو نەخۆشەکانی دەبرێن بۆ تیمارکردن. لەپاڵ دیواردا زۆر بەهێواشی هەڵسایە سەرپا، قاچێکی بەرزکردو هەنگاوی یەکەم و دووەمی نا، ئیدی توانای نەبوو خۆی ڕابگرێت؛ بەپێشا دارمایە سەر زەوی، کەسیش لەژوورەکەدا نەبوو یارمەتی بدات، ورتەی لێوە نەهاتو هاواری نەکرد، بەڕوا خۆی کێش کرد هەتا گەیشتەوە دیوارەکە، سەرلەنوێ بەورەو هێزێکی بەرزەوە هەستایەوە سەرپا. ددانی ڕیچ کردو دەستی لەدیوار بەرز کردو هەنگاوێکی نایەوە، وای دەزانی کەلەنهێنییەکە گەیشتووە. قاچە دەستکردەکان لەقاچی سروشتی جیاوازن، قاچی دەستکرد نەرمیو پێزی نییە، ئەمیش لەخاسیەتیان شارەزا نەبووە، بەخێرایی ئینعکاسو دانەوەی مێشک دەقی نەگرتووە، بەوە ڕانەهاتووە کەدەبێت قورسایی لەش بگوێزرێتەوەبۆ چاڵی بەری پێ لەبری پاژنە ؛ بەوە ڕانەهاتبوو کە قاچەکانی نابێت لەگەڵ یەکدی هاوتەریب بن و دەبێت گۆشەیەک سازدەن.. وە.. وەئەمانە هەموو بۆئەوەی باشتر خۆی ڕابگرێتو بوەستێ.

مرۆڤ لەمناڵیا لەکاتی پێڕەوەکەداو بەیارمەتی دایک فێری ئەو نەریتو خووانە دەبێت، بەدرێژیی تەمەنیش ڕەگ دائەکوتن وەدەبنە خوویەکی ئاسایی و بێئاگایانە (لاشعوری).

لەوکاتەدا کەمرۆڤ قاچی دەستکرد وەکار دەخات کێشەکەی دەگۆڕێت، جموجووڵەکانی پێشووی خۆی نەک سوودی نییە؛ بگرە وەڕزی دەکەنو لێی دەشێوێنن، بەو نیازەی کەخوو نەریتی تازە فێر ببێو دەقی پێوەبگرێت؛ دەبێت بەردەوام لەگەڵ نەریتە کۆنەکاندا بجەنگێ. فرەکەس کە قاچیان لەدەست ئەدەن ویستو ئیرادەیان لاوازە، ناتوانن فێری هوونەری ڕۆیشتن ببن، ئەو هونەرەی لە مناڵیا بەئاسانی فێریبوونو دەقیان پێوە گرتووە. بەلام (**ئەلکسی**) لەکەرەسەیەکی سەختی تایبەت ڕۆنراوە، ئەزانێت چۆن خۆی سازدا، لەهەڵەکانی پێشووی خۆی تێدەگات، سەرلەنوێ خۆی لەدیوار جیاکردەوە، یەکێک لەقاچەکانی گواستەوەو سەنگی لەشی خستە سەر پاژنەی؛ پاشان سەرپەنجەکان، قاچی دووەمیشی بەرزکردەوە فڕێیدا بۆ پێشەوە، پاژنەی بەتووندی کێشا بەزەویداو لەناوەڕاستی

ژوورەکەدا چەقی؛ جورئەتی هەنگاوی ئایندەی نەبوو، ئارەقی ساردی لەدەموچاو دچۆڕاو خۆی پێنەدەگیرا. لەوکاتەدا ؛ فاسیلی هاتە ژوورو هاواری کرد:-

● سڵاو لەخۆکێش زحاف-! بەڵام بۆ تەنهایت نە برینپێچێک نەیارمەتیەک؟ ئەمەیە نەفسبەرزی مرۆڤ... وانییە؟ بەڵام هەنگاوی یەکەم ئێجگار گرانە، تۆیش سەختترین قۆناغت بڕیوە.

لەپاشان لەسەر قسەکانی ڕۆیشتو گووتی:-

● باشە.. ئەلکسی؛ باپێکەوە ئەم مەشقە بکەین، توند بمگرە، چیتە شەرم مەکە؟ من ژەنراڵی تۆم دەبێت بەگوێم بکەیت... توند بمگرە. یەک؛ دوو.. قاچی ڕاست.. زۆرباشە! هەنووکە قاچی چەپ.. زۆرباشە...

● ئەو پزیشکە مەزنە دەستەکانی دەپروان، دەتگوت، بەو مەشقە تاقیکردنەوەیەکی ئێجگار گرنگ دەکات، فاسیلی سروشتی وەهابوو:- بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک هەموو توانایەکی بۆدەخستە کار.

لەئێوارەدا نۆبەچیەک (داردەسێکی) عەسایەکی دێرینی قەشەنگی بۆ (**ئەلکسی**) هێنا، عەساکە داری ئەبەنووسو مشتوویەکی عاجی هەبوو(ئێسقانی فیل)، نۆبەچیەکە گوتی:-

● ئەمەدیاری مامۆستا(فاسیلی)یە، پێشکەش بەتۆی دەکاو دەڵێت بەو داردەستە بافێری ڕۆیشتن ببێت.

نەخۆشی ژوورەکانی دیش ڕژانە ژوورەکەی ئەلکسی؛ بەونیازە هاتبوون کەئەو دیاریە دەگمەنو دانسقەی (تحفە) سەرۆکی پزیشکان ببینن. بەڕاستی عەسایەکی قەشەنگ بوو، (**ئەلکسی**) بەویستو ئیرادەی پۆڵایینیو مەزنی؛ بەمەشقی بەردەوامی، توانی بەئاسانیو کارامەیی بڕوات، مرۆڤ بەئەستەمیش هەستی بەوە نەدەکرد، کەئەم گەنجە لەشتۆکمەیە قاچەکانی دەستکردن، پاش ماوەیەک (**ئەلکسی**) گوێزرایەوە بۆخانەی بووژانەوە (تأهیل) لەنزیک مۆسکۆ، لەوێش بەردەوام وەرزشی دەکرد، قاچەکانی لەسەر ووردترین وگرانترین جوولان ڕادەهێنا، گەیشتە ئەو ئاستەی شارەزایانە سەمای دەکرد، لەکۆتاییدا لیژنەیەکی پزیشکی سەردانی خانەی بووژانەوەی کرد، لیژنەکە بەو نیازە هاتبوو لەباری تەندروستی نەخۆشەکان بکۆڵێتەوە، بزانێت نەخۆشەکان تا چ ڕادەیەک ئافاقەیان بۆ هاتووە.

(**ئەلکسی**) لە لەشیا هەستی بەتەزووی سارد دەکرد ؛ بەڵام بەڕوویەکی گەش‌و زەردەخەنەوە لەبەردەم مێزی پزیشکەکاندا دانیشت، لەتەنیشت کچۆڵەیەکی جوانی وەک بووکەشووشە بەکراسی سپی‌یەوە دانیشتبوو، قژی لووی بەسەر شانیا پەخش‌بوو.

کۆلۆنێل (میرۆفۆلکس)ی پزیشک سەرۆکی‌لیژنەبەسەرسوڕمانەوە لەو لەشە تۆکمەو بەهێزەی بەردەمی ڕامابوو، گوتی:-

● زۆرباشە کوڕە گەنجەکە.

ئەندامێکی دیکەی لیژنەکە بەگاڵتەوە گوتی:-

● تۆ شیاوی ئەوەیت پەیکەری داودت بۆ بکرێت.

(**ئەلکسی**) لەژێر فەحس‌و پشکنین دەرچوو، سەنگێکی هەڵگرتکە جارونیوێک لەناوەنجی بەرز تربوو، لەهەناسەدانەوەدا بەرزترین بڕی هەوای فڕێدا، فشاری خوێنی زۆر ئاسایی بوو، دەمارەکانی مێشکی ئێجگار کۆک بوون، لەکۆتاییدا ئەو ئامێرەیان هێنا کەهێزو پێزی ماسولکەکان دەپێوێ‌و دەیکێشێت، بەچنگە پۆلاینەکەی هەتا دواپلەی ڕایکێشاو ئامێرەپێوەرەکەی لەکارخست، کۆلۆنێلی سەرۆکی لیژنەکە سەرقاڵی نووسینی ئەو بڕیارەبوو کەلەسووچێکی دۆسیەکەی ئەلکسی دەینووسی، ڕووی دەمی کردە (ئەلکسی میرسیف)و گوتی:-

● فڕۆکەوانیت؟

● بەڵێ.

● فڕۆکەوانی ڕاونەری؟

بەڵێ.

● بڕۆ کاری فراندنی خۆت بکەو هەنووکە تۆیان زۆرپێویستە، کێ تۆی لەخەستەخانە هێشتۆتەوە؟.

(**ئەلکسی**) فزەی لێ‌نەهات، وای هەست دەکرد کەهەموو شتێک دەشێوێت، پزیشک دەوسیەی دەخویندەوە تاساو سەرسام بوو:-

● بڕینی هەردووقاچ... ئەمە چیە؟ هەڵەیەک لەکێشەکەدا هەیە.. کەواتە قسەبکە!

(ئەلکسی بەهێمنی‌و بەکزۆڵی وەک بۆ پای سێدارەی بەرن‌و گوتی:-

● نەخێر هیچ هەڵەیەک نیییە.
سەرۆکو ئەندامانی لیژنەکە چاوی گومانیان بڕیە ئەو لاوە بەهێزو تۆکمە وچالاکە، کۆلۆنێل ئارامی لێهەڵگیراو گوتی:-
● چمکی کراسەکەت هەڵکە.
(**ئەلکسی**) دەموچاوی زەرد هەڵگەڕا، کچە برینپێچەکە سەرنجێکی شلەژاوی داو چمکی کراسەکەی ئەلکسی هەڵکرد، بەسەری کزو دەستی شۆڕەوە لەبەردەم مێزەکەدا وەستابوو، ئەو ستیلەی کەبەقاچەکانیەوە بەسترابوون دەبریسکایەوە.

سەرۆکی لیژنەکە گوتی:-
● ئەمە پێیە ئازیزم؟ کاتی زۆرت بەفیرۆدا هەرچۆنێک بێت بەبێقاچ تۆ گەڕانەوەت بۆفڕۆکەوانی پێخۆشنیە، ئەلکسی بەڕووی خۆشەوە چاوەکانی دەبریسکاو بەپێداگرتنەوە دەیگوت:-
● هاوڕێ سەرۆک... نەک گەڕانەوەم پێخۆشە؛ بەڵکو بەبێگومانیش دەگەڕێمەوە!
● ئەوە شێتیت... چۆن بەبێقاچ؟
ئەمجارە ئەلکسی ئێجگار هێمنانە دەستی خزانە گیرفانیو لاپەڕە گۆڤارێکی پێچراوی دەرهێناو گوتی:-
● بەڵێبەبێقاچ.. بڕوانە وێنەکە.... ئەی من بەبێقاچ بۆچی ناتوانم بفڕم؟
کۆلۆنێل گۆڤارەکەی خوێندەوە، بەڕێزو تاسانەوە لەئەلکسی راماو گوتی:-
● بەڵام دەبێت بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانت مەشقێکی سەختو گرانو درێژخایەن بکەیت، فڕۆکەوانی گۆڤارەکەیش (١٠) ساڵ مەشقی کردووە، قاچە دەستکردەکان دەبێت ئەوەندە بەوردی بجوڵێت ئەوکاتە مرۆڤ وەک قاچی سروشتی پیشەی فڕین ئەنجام ئەدات (لەم کاتەدا دەنگی کۆلۆنێل ئێجگار نەرم ونیانبوو).
کیژە برینپێچەکە دەستی یارمەتی بۆ ئەلکسی راکێشاو گوتی:-
● هاوڕێ کۆلۆنێل.. بریا سەما کەیت ئەدیی.. لەهەموو لەشساغێک باشترە! (**ئەلکسی**) خێرا باسەکەی قۆزتەوەو گوتی:-

● هاوڕێ کۆلۆنێل تکایە نە بلێ (بەڵێ) نە بلێ (نەء) ئەمشەو تەشریف بهێنەو بەچاوی خۆت ببینە چۆن دەتوانم فرۆکەوان بم.
(ئیدارەی خەستەخانەی بووژانەوە) بڕیاری سازدانی ئاهەنگێکی گەورەی سەمایدا، ئەو ئاهەنگە ڕێزلێنان بوو لەو نەخۆشانەی ئافاقەیان بۆهاتووەو پێوەن بۆیەکە سەربازیەکەیان بگەڕێنەوە، بۆ ئەم ئاهەنگە تیپێکی مۆسیقای تایبەت لەمۆسکۆوە بانگێش کرابوو.

فرۆکەوانەکانی جەنگی لەو شەوەدا سەمایان دەکردو ماندوو نەدەبوون، ئارەق لەدەمو چاویان دەچۆڕا. (**ئەلکسی**)یش بەدڵ خۆشیەوە چالاکانە دەجوولا، بێ پشوو لەگەڵ (زینوتشکا)ی قژزەردا سەمای دەکرد، کۆلۆنێل (میرۆقولسکی) لەپەنجەرە کراوەکەدا.. بەلای پێکێ بیرەوە دانیشتبوو، (**ئەلکسی**)و هاوسەماکەی دابووە بەر سەرنجو لێکدانەوە، ئەم خۆیشی جگە لەکارەکانی دی پزیشکی سەربازیی‌بوو، بەهەزار نیشانە قاچی دەستکردو ڕاستەقینەی لەیەکدی جیادەکەردەوە، بەلام ئەم فرۆکەوانە تۆکمەیە ئەوەندە جوان لەگەڵ ئەم خانمە قەشەنگەدا سەما دەکا؛ هەستی نەدەکرد گەمەیەک هەیە لەپشت پەردەوە. ئامادەبووانی ئاهەنگەکە ئەڵقەیان بەست، (**ئەلکسی**) لەناو ئەڵقەکەدا سەمای (خانمەکەی من)ی ئێجگار شارەزایانە ئەنجامدا، هەموویان پێکڕا چەپڵەیان لێئەداو هاواریان دەکردو زڵلەیان لەکوڵمی دەسرەوان. لەکۆتاییدا ئەلەکسی ئاپوورەی ئامادەبووانی شەق کردو گەیشتە کۆلۆنێل، بەڕێزەوە تەوقەی لەگەڵ کرد.

(**ئەلکسی**) بێدەنگ وەستابوو، چاوەکانی لەچاوەکانی کۆلۆنێل چەقاندبوو داوای وەلامیان دەکرد. (کۆلۆنێل)یش گوتی:-

● هاوڕێی فرۆکەوان خۆت دەزانی من بەتەنها دەسەلاتم نی‌یە بتگێڕمەوە بۆ وەحدەیەک؛ بەلام بێگومان بە ڕاو بۆچوونی خۆم بۆدەزگا پسپۆڕەکان دەنووسم حەز دەکەم ڕای من هەر لەئێستاوە بزانیت:-
تۆ.. بەمەرجێک مەشقو ڕاهێنانی پێویست بکەیت، دەتوانیت بفڕیت، بەکورتی لەوە دڵنیابە کەڕاو بۆچوونی من بەدڵی تۆدەبێت.

(**ئەلکسی**) چاوەنۆڕبوو ئەو بەیانی‌یە ئەنجامو بڕیاری لێپرسراوەکان وەربگرێت...بۆیەکا ئەو شەوە خەو بەچاوی‌ئاشنا نەبوو.

لەتەک شـەفەقەدا هەسـتاو لەشوێنەکەی فرکـەی کـرد، ڕیشـی لێتاشـیو دەموچاوی شۆرد، خۆی گۆڕیو بەرەو نوسینگەی تایبەت بەڕێکەوت، لەپێش ئەو(قوماندان)ه وەسـتابوو کەلەبەردەمیـا ئـەوراقی تـاووتوو دەکـرد، (**ئەلکسی**) لەدیداری یەکەمدا حـەزی لەچارەی ئـەم فەرمانبـەرە نـەدەکرد، قوماندان سـەری بـەرزکردو لەدەموچـاوی ئەلکسـی ڕامـاو زۆربـە ڕێـزەوە گوتی:-

- هاوڕێ مولازم... کارت بەمن هەیە بێژە؟

ئەلکسی هێمنانەو ژیرانە باسی سەردانەکەی خۆی بۆ کرد، فرەی نـەبرد لێپرسـراوی نووسـینگە دۆسـیەی میرەسـیفی هێنایـە پێشو موتـاڵای کـرد، دیاربوو گەیشـتبووە ئـەو برگـەی باسـی برینەکـەی قـاچی کـردووە، بۆیەکـا بە(**ئەلکسی**) گووت:-

- دانیشە.. کەخوێندنەوەی تەواو کرد گوتی:-
- پوختەی داواکەت چیە؟
- حەز دەکەم بگەڕێمەوە فەسیلی فڕۆکەی ڕاونان.

(موقـدەم) کەئەمـــەی بیســت ڕاپــەریو کورســـیەکی پێشکـــەش بە(**ئەلکسی**) کردو (هێشتا وەستابوو) گوتی:-

- بەڵام هاوڕێ ناتوانیت.

- ئەتوانمو دەفرم... بمنێرە بۆ قوتابخانەیەکی مەشق.

ئەلکسی وەک هاوارکردن دەنگی لێبەرز کردبوو، سـەرنجی فەرمانبـەرە سەربازیەکانی تری ژوورەکەی ڕاکێشا، گشتیان دەیانپرسی:-

مەبەستی سـەرەکی لەگەڕانـەوەی ئـەم لاوە برۆنـزی ڕەنگـە تێکسـمراوە دەبێت چیبێت؟!

یـەکێک لەفەرمانبـەران هاتـە بـەردەم مێزەکـەی موقـدەمو شـقارتەیەکی لێداوا کرد بۆ جگەرەکەی، مەبەستیشی لەم شقارتە وەرگرتنە لەڕاستیدا:-

تێڕامان بوو لەسیمای ئەم میوانە نامۆیە.

- برادەر فڕۆکەوانی بەبێقاچ؟ ئەم هەویرە ئاوی زۆری دەوێت، کارێکـە نەکراوە کەسیش ناتوانێت بڕیاری لەسەربدات.

موقەدەم گومانی دەبرد کە (**ئەلکسی**) مرۆڤێکی ئاسایی نیە، مرۆڤێکی شێتۆکەو تووڕەیە، گەلێک لەم جۆرانە:-

تێکچوو کەم ئەندامان؛ ڕۆژانە سەردانی نووسینگەیان دەکردو داوای گەڕانەوە بۆسەر کاریان دەکرد، موقەدەمیش لەسیماو دەموچاوی (**ئەلکسی**) تێڕامابوو، سیمایەکی تووڕەو پێچوو، ئەلکسی گووتی:-

● بەڵێ کاری ئەوها نەکراوە بەڵام ئەمڕۆ دەکرێت، فەرموو ئەو پەڕە گۆڤارە بخوێنن (لەسەر مێزەکەی داینا). فەرمانبەرانی ژوورەکە کاریان جێهێشتو لەگۆڤارەکە کۆبوونەوە، درێژەی بەسەرهاتەکەیان دەخوێندەوە، سەرۆکی نووسینگە لەپاش خوێندنەوە گووتی:-

● بەڵگەنامەکەت جێگای متمانە نیە، دەستوور نامەی (تعلیمات) ڕوونو وردمان لایە کە ناتوانین سەرپێچی لێبکەین.

● نەک دوو قاچ.. بگرە پەنجەیشت نەبێت؛ ناتوانم لەڕیزی فڕۆکەوانەکان وەرتبگرمەوە، ڕێزیشم بۆمەبەستی تۆ؛ بەڵام.. (**ئەلکسی**) هەستی دەکرد جڵەوی خۆی لەدەست دەچێتو بەسەر خۆیا زاڵ نابێت؛ ئەوەندەی نەمابوو دەواتەکەی بەردەمی لەدەموچاوی بسرەوێنێت، بەڵام خۆی گرتو گوتی:-

● ڕات چیە بۆ ئەمە؟ ڕاپۆرتی (پزیشکی کۆلۆنیلی) پێشکەش کرد.

لەسەرەتاوە موقەدەمی سەرۆکی نووسینگە لەڕاپۆرتەکە دوودڵ بوو، بەڵام بۆی دەرکەوت بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیو یاساییە، مۆرو ئیمزای پزیشکی ناسراوو بەڕێزی لێدراوە، بەشێنەییو بەووردی خوێندیەوە. بۆی دەرکەوت کەئەم گەنجەی بەردەمی مرۆڤێکی شێت نیە، لاوێکی مەردو ئازایە، دەیەوێت بەبێ‌قاچ فڕۆکەوان بێت، پیاوێکی جیدیو پزیشکێکی شارەزاو بەدەسەڵاتی وەک (کۆلۆنێل)یشی قایل کردووە. موقەدەمی نووسینگە هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:-

● لەگەڵ ئەمانەیشدا پڕبەدڵ حەز دەکەم نیازت بهێنمە دی؛ بەڵام دەسەڵاتم نیە، پزیشکی کۆلۆنێل بەهەوەسی خۆی دەنووسێت؛ وەلێ تەعلیماتی ڕەسمی ئێمە ڕوونو ئاشکرایە، ڕێگای هەڵاوێردنی (استثناء)نیە، وەئەگەر منیش تعلیماتەکانم پێشێل کرد؛ پزیشکی کۆلۆنێل تووشی سزا نابێت. (**ئەلکسی**) قینی لەو مرۆڤە هەستابوو، ئەو مرۆڤە هەرچەند هێمنو

بەئەدەب بوو، بەڵام لەخۆبایی‌و لەخۆڕازی‌بوو، سەرنجی لە سیمای خاوێنی موقەدەم؛ لەدەستی تووکنی، لە قامکی خاوێنکراوی ئەدا، لەدڵی خۆیدا دەیگوت:- چۆن بۆی ڕوون بکەمەوە؟ جەنابی هەرگیز فیشەکی گرپداری نەدیوە، ئەلکسی بەهەموو توانای دانی بەخۆیدا گرتو گوتی:-

- کەواتە چی پێویستە من بیکەم؟
- ئەگەر حەز دەکەیت؛ دەتوانم ڕەوانەی نووسینگەی (خۆبەخشین - تطوع)ت بکەم بەڵام پێشەکی‌و هەر لەئێستاوە دەزانم تۆ ئاسنی سارد دەکوتی.
- زۆرباشە! بمنێرە بۆ دەزگای خۆبەخشین (ئەلکسی لەسەر کورسیەکەی کەوتە جموجۆڵ).

بەم شێوەیە قۆناغێکی پڕ لەنائومێدی‌و بی‌سوود دەستی پێکرد، (**ئەلکسی**) لەم دائرە بۆ ئەو دائرە هاتوچۆی بوو، گوێچکەی فەرمانبەرانی بەچیرۆک‌و بەسەرهاتی خۆی دەئاخنی، گشتیان بۆ ئەم کەمئەندامە خەمیان دەخوارد؛ کەبەبێ وەڕزبوون تێدەکۆشێت بڕوات بۆ کۆڕی جەنگ، کەسیش پرکێشی نەدەکرد لەڕووی ئەو بڵێت:- نابێت، ئەم نووسینگە دەینارد بۆ ئەو نووسینگە، ئەم دائرە دەینارد بۆ ئەو دائرە.

ئەو هەموو دەستی‌دەستی‌یە تۆسقاڵێک لەڕاستی‌و ڕەقیی‌و وورەی کەمنەکردەوە.

(**ئەلکسی**) ئەو ڕۆژە لەدەزگای (فەحس کردنەوە)دا یەکەم کەس بوو پێشوازی لیکرا، پزیشکی کۆلۆنێل یەکسەر ناسیەوە، ڕێزی لێناو گوتی:-

- وەریان نەگرتیت.. وانی‌یە؟ بێگومان چیرۆکی تۆ ئاڵۆزە، بۆ بڕیار لێدانی دەبێت کۆمەڵێک یاساو تەعلیمات پێشێل بکرێن. ئەمەیش دیارە ئاسان نی‌یە، من بەهەموو توانایەک لەپشت تۆم‌و هاوکاریت دەکەم.لەم دەزگایەدا فەحسی ئەلکسی نەکرایەوە، پزیشکی کۆلۆنێل بەخەتی سوور لەبسووڵەکەی نووسی:-

(وای بەچاک دەزانم کە مولازم ئەلکسی میرسیف بخرێتە قوتابخانەی مەشق‌و ڕاهێنان).

بەو ڕاپۆرتە ئەلکسی توانی ڕاستەوخۆ بگاتە سەرکردایەتی باڵای ئاسمانی، بەڵام نەیتوانی سەردانی سەرۆک بکات. پێش ئەوەی خەشی

خەفەتو قینی دڵی خۆی برێژێت:- کاپیتانی یاریدەری سەرۆک پێشوازی لێکرد، ئەم پیاوە رووخۆشو دەم بەپێکەنین بوو، فرەی نەبرد بەرامبەر ئەلکسی دانیشت، بەسۆزو پەرۆشەوە تێکڕای بەسەرهاتەکانی ئەلکسی لەسەرەتاوە تاکۆتایی پێگیرایەوە، بەینبەینیش زەنگی تەلەفۆن قسەی پێدەبڕین، بەلاّم کاپیتان خێرا دەگەڕایەوە سەر باسەکەی ئەلکسیو لەدەموچاوی سەرنجی ئەداو دەیپرسی:-

● باشە ... باشە .. ئەی دوای ئەو؟ ئەوە بەڕاستە بەخودا ئازایەتیە ! !

هەرچەندە لەسیمای کاپیتان‌دا پاکیيو ساکاریی دەباریی؛ بەلاّم دیاربوو لە کاروباری ئالۆزی دەزگا رەسمی‌یەکاندا پسپۆڕە، فرەی نەبرد گوتی:-

● تێکڕای ئەو فەرمانبەرانەی پێشوو بە خۆڕایی تۆیان شەکەت کردووە؛ بەبێ هوودە کاتیان بەفیرۆداویت، تۆ لاوێکی نەبەردو جوامێریت، بەلاّم ئەوانیش هەڵە نینو فڕۆکەوانی بەبێ‌قاچ ناکرێت.

● بەڵێ دەکرێت.. فەرموو ئەمانە بخوێنە.

لاپەڕەی گۆڤارەکەو راپۆرتی پزیشکی هاویشتە پێش چاوی.

● تۆ مرۆڤێکی سەیریت، چۆن فڕۆکەوانی بەبێ قاچ دەبێت؟ ئەی ئەم پەندەت نەبیستووە کەدەڵێت:-

ئەوەی بێ‌قاچە توانای سەمای نی‌یە؟ ئەوەی لەم پیاوەی بیست ئەلکسی لەکەسی تری قبوڵ نەدەکرد، بەلاّم سیمای پڕ لەسۆزو خۆشەویستی ئەوەندە کاریگەربوو، فرەی لێوە نەهات، لە پاش تۆزێک بازێکی دایە ناوەڕاستی ژوورەکە، وەک منالێکی سەرەڕۆ هاواری کرد:-

● ناتوانێت سەما بکات؟ بەچاوی خۆت دەیبینیت.

لەهۆڵی چاوەنۆڕی‌دا کەوتە سەما، سەمایەکی ئێجگار شارەزایانەو کارامانە، کاپیتان ورتەی لێوە نەدەهاتو چاوەکانی لەئەلکسی چەقاندبوو، بەبێ خشپە کاغەزو نووسراوەکانی هەڵگرتو خزایە ژوورێکی دی.

(**ئەلکسی**) زۆر چاوەنۆڕبوو، بۆبیستنی ئاخافتنی نێوان ژەنراڵو کاپیتان گوێ قوڵاخ بوو.. بەشکم ئەمە خودایە شتێک بکات، دڵی لەترسا دەلەرزی، کاپیتان لەژوورەکە دەرکەوت، دەموچاوی شاد دیاربوو، گوتی:-

● گوێبگرە برادەر.. ژەنراڵ تێکڕا بەسەرهاتەکانی تۆی زانی بەووردی گوێی بۆگرتم، لەئەنجامدا گوتی:-

کەنابێت باسی فڕۆکەوانی بکات، بەڵام بڕیاریداوە، کە بێکەمکردنی مووچەو دەرماڵە؛ لەدەزگای خزمەتی ئیحتیات بتخاتە کار.. تێگەیشتی؟ بەبێ لێداشکان.. کاپیتان ئێجگار بەوە حەپەسا کە ئەلکسی لەبری پێخۆشبوون؛ نائومێدیو خەفەت ڕووی تێکردو گوتی:-

● لەدەزگاکانی خزمەتی ئیحتیات؟ ئەوە هەرگیز نابێت، من لەپێناوی وورگو مووچەدا نەهاتووم. من فڕۆکەوانم، دەمەوێت بجەنگم.. بۆلێم ناگەن خۆ داخوازیم ئێجگار سادەو ئاسانە.

کاپیتان تاسابوو... بەڕاستی (**ئەلکسی**) مرۆڤێکی سەیرو دەگمەنە، ئاماژەی بۆ ئەلکسی کرد کە زیاتر بێتە پێش، چاوی بڕیە ژووری ژەنراڵو لەبەرخۆیەوە گوتی:-

● ژەنراڵ بەهەموو توانایەکی یارمەتی داویت، ئەگەر لەم بوارەدا بەجۆرێکی تر هەنگاو بنێت دەیکەن بەشێت:-

چۆن بێ قاچێک دەبێتە فڕۆکەوان؟ کەواتە خێراکە؛ خۆت ڕاستەوخۆ قسەی لگەڵ بکە، بڕیاری تۆ تەنها بەدەستی ئەوە.

ئەلکسی لەپاش نیوسەعاتی تر بەپسوولەی کاپیتانی برادەری دەچێتە ژووری چاوەنۆڕی فەرماندەی باڵا.

(**ئەلکسی**) لەبەرخۆیەوە دەیگووت:- (لەسەرەتاوە بۆ ئەمەم نەزانی؛ لەوکاتەوە بۆ نەهاتمە ئێرە. بێگومان لێرەدا لەمن دەگەن دەبێژن ژەنراڵی فەرماندەی باڵایش پاڵەوانی هێزی ئاسمانییە، کەواتە چۆن فڕۆکەوانێک بۆ دەزگای ئیحتیات دەنێرێت؟)

گشت ئەوانەی بۆ سەردانی ژەنراڵ هاتبوون کاریان تەواو بوو، ئیدی نۆرەی ئەلکسییە، چالاکانە چووە بەردەم مێزێکی گەنجی دەموچاو خڕ کەدیاربوو زۆر قسەلەڕووە (صريح):-

● هاوڕێ مولازم.... دیداری سەرۆک دەکەیت؟
● کارێکی ئێجگار گرنگو مەزنی خۆمم هەیە.
● ئەی نابێت من بزانم.. فەرموو جگەرە.

هەرچەندە (**ئەلکسی**) جگەرەکێش نەبوو؛ بەڵام لیّی وەرگرت، لەنێوەدەستیا پروانیو لەسەرمێزەکە دانا، بەسەرهاتی خۆی راستەوخۆ بۆ موقەدەمەکە باسکرد، جاران رای وەهابوو کەئەم جۆرە فەرمانبەرانە لەبەر دەرگای ژەنراڵەکان دەوەستن بۆکاری چاکە دەبنە رێگر، بەڵام ئەم موقەدەمە نەک تەنها گوێی بۆگرت؛ بەڵکو وەک برادەرو دڵسۆزێک مامەڵەی لەگەڵ کردو رێزی لێگرت. ئەو پێشوازیو رێز لێگرتنە بەجۆرێک ئەلکسییان ورووژان؛ فرەی نەمابوو لەبەردەم موقەدەمدا دەست بەسەما بکات، بۆ ئەمیش وەک کاپیتان بسەلمێنێت هەرچەندە بێقاچە بەڵام شۆرەسوارێکی سەما کردنە ئەوەندەی نەمابوو هەموو شتێکی لەبیربچێت لەپڕ ژووری سەرۆک کرایەوە، پیاوێکی بالابەرزی رەقەکاری چاورەشی لێدەرچوو، وێنەی لەرۆژنامەکاندا پەخش دەکرا، و ئەلکسی ناسیەوە فەرماندە ئەوەندە سەرقاڵ بوو، هەستی بەبوونی ئەلکسیش نەکرد، ژەنراڵێکی دی لەپشتیەوە دەرۆیشت و لەباسێکی تایبەت ئەدوانو سەرۆکیش بەدەستێکی قۆپچەی پاڵتۆکەی دادەاخستو ، رووی کردە موقەدەمی رازگرو گووتی:-

● دەچم بۆ سەفەر تکایە فرۆکەیەکی شەو ئامادە بکەنو لەسەعات (٦) دا بگاتە لینینگراد، لەپاشان گەرایەوە بۆشوێنەکەی خۆی. رازگر فەرمانی ئامادەکردنی فرۆکەی دەرکرد، زوویش بیری لەئەلکسی کردەوەو گوتی:-

● برادەر بەختت رەشە.. هەنوکە دەبێت سەفەرکەین، ئەی تۆ لێرە شوێنت هەیە؟

بەلام موقەدەم نائومێدیلەدەمو چاوی ئەلکسیدا بەدی کرد؛ تارادەیەک بەخێرایی رای گۆرییو گوتی:-

● باشە من فەرماندە باش دەناسم، ئەویش بەم شێوەیە مامەڵە دەکات، پارچە کاغەزێکی هێناو چەند دێرێکی لیّنووسی؛ لەسەر زەرفێکی نووسی:-

(بۆ سەرۆکی دەزگاکانی هەوائی)، نامەکەی دا بەئەلکسیو تەوقەی لەگەڵدا کردوو گوتی:-

● لەقووڵای دڵمەوە بەختیاریت بۆ دەخوازم.

لەنامەکەدا نووسرابوو:- موولازم (**ئەلکسی**) هاتەلات، دەیەوێت بچێتە لای فەرماندەی باڵای هێزی ئاسمانی دەبێت ڕێزی لێبگری‌و گوێ بۆ داخوازی‌یەکانی بگریت، بەباشی دەزانم یارمەتی بدەیت بۆ ئەوەی پلەیەک لەهێزی ئاسمانی‌دا بگرێتەوە. لەپاش سەعاتێک کاپیتانی سمێڵ ڕەش ئەلکسی بردە نووسینگەی ژەنراڵێکی بەتەمەن، کەپسووڵەکەی خوێندەوە؛ بەپێکەنینەوە دوو چاوی شینی بڕیە (**ئەلکسی**)و گوتی:-

● زۆرباشە.. ئەمە تۆیت؟ وادیارە کاتەکانت بەفیڕۆ نادەیت، بە نەنگیت دەزانی پەیوەندی بەدەزگاکانی ئیحتیاتەوە بکەیت. بەڵێ وادیارە فرۆکەوانێکی دەروون سافیت؛ ئەی سەمازان.. چیت لەمن دەوێت؟ خۆ ئەگەر خۆت‌و فرۆکەیشت وردوخاش بوون ملی منیش دەقرتێنن، ئەزانی ئەو کاتە چیم پێ‌دەڵێن.. دەڵێن ئەو پیرە خڵەفابوو. پیاوەکانمان لەم جەنگەدا موعجزەیان نیشانی جیهان‌دا، ئەوارقەکانت بدە دەستم. فرەی نەبرد لەسەر پارچەیەک کاغەزو بەخەتێکی شین نووسی:- [بۆ قوتابخانەی مەشق]، بەدەستێکی لەرزۆکەوە لەسەر مێز وەری‌گرت‌و خوێندی‌یەوە، لەشەقام‌و فارگۆن‌و میترۆکانا پسووڵەی دەخوێندەوە، هیچ مرۆڤێک جگەلە ئەلکسی لەماناو کرۆکی ئەو پسووڵە تێنەدەگەیشت، ئەو پسووڵەی بەخەتێکی ناخۆشی شکستە نووسرابوو.

# 6

****

قوتابخانەی مەشق لەدەوروبەری مۆسکۆبوو، لەو رۆژە گەرمو خۆشەدا گشت میوانەکان سەرقاڵی کارو مەشق بوون، لەنەبەردی ستالینگرادا هێزی ئاسمانی رۆڵێکی مەزنی بوو، هەمیشە ئاسمانی قەڵای ڤۆلگا لەگەردەلوولی ئاگرو دووکەڵو تەقینەوەدا نووقم بوو، ئەو ناوچەیە شانۆی شاڵاوو هێرشی ئاسمانی بەردەوام بوو، زەرەرو زیانی هەردوولا ئێجگار زۆربوو.

گەردەلوولی ستالینگراد بەردەوام فرۆکەوانی دەویست.. فرۆکەوان.. فرۆکەوان قوتابخانەی مەشقیش بەهەموو هێزو توانای کاری دەکردو فرۆکەوانی سازدەکرد، ئەوانەی لەخەستەخانە دەرچووبوون؛ مەشقی تازەو وانەی تازەیان دەدان، فرۆکەوانە مەدەنیەکانیش لەسەر فرۆکە جەنگیە تازەکان مەشقیان دەکرد.

فرۆکەی مەشق وەک پوورە هەنگ ئاسمانیان تەنیبوو، هەموو دەقیقەیەک فرۆکەیەک هەڵئەستاو یەکێکی دی دەنیشتەوە.

سەرۆکی باڵای ئەرکانی قوتابخانە؛ پیاوێکی خرەڵەی تۆکمەو سوورفل بوو، لەئەنجامی کەمخەوی‌و شەونەخەوتنی چاوەکانی ئاوسابوون.

لە(**ئەلکسی**) رامـاو بەبێزاربوونەوە تەماشای کـرد... زمانحـاڵی دەیگوت:- (تۆ وادەزانیت ئێمە کەمماندووینو تۆیش ئەوەندەی تر بمانڕەتێنە).

ئەوراقەکانی لەئەلکسی وەرگرتو بەبێدەنگی دەیخوێندەوە، (**ئەلکسی**)یش لەبەرخۆیەوە دەیگوت:-

(بەبیانووی قاچم دەرم دەکات)، بەنیگەرانیەوە دەیڕوانیە دەمو چاوی، ئەو (کولونیل)ە سوورفلو قژلوولە کەماوەیەک بوو تەراشیشی نەکردبوو،

لەیەک ساتا زەنگی دوو تەلەفۆن لێدرا، لەیەکێکیان تەنها دەبیست لەوی تریشەوە قسەی دەکرد، چاوی لەئەوراقی (**ئەلکسی**)یش نەئەتروکاند، بێگومان لەو هەموو ئەوراقی (**ئەلکسی**)یە تەنها فەرمانی ژەنراڵی خۆیندەوە کەتێیدا نووسرابوو:-

(با بچێتە تیپی مەشقی سێی مولازم تۆموف).

(**ئەلکسی**)باش دەیزانی کەدەبێت بەسەر زۆربەی کەندو کۆسپەکاندا زاڵ بێت، کەبەرگەی لێقەومانو ئازار بگرێت، بەرنامەی خواردنلە قوتابخانەکەدا بەرادەی پێویست باش نەبوو، کەژەمێک خواردن لوول ئەدرا، قوتابیەکان خەمی ژەمێکی تریان دەخوارد، بۆیە کارەکانی (گەرمکردنی مەرکەزی) لە ژوورەکەی (ئەلکسیدا) تەقیبوونو کاریان نەدەکرد، لەتاو سەرما دانەکانی (**ئەلکسی**) دەلەرزین، بەم حاڵەیشەوە ئێجگار بەختیاربوو، لەو ئاپوورەی خەڵکەدا مەشقی دەکردو وەک ئەو ماسیانە دەجوولا کەچەند سەعاتێک لەکەنارە لمەکاندا فرێئەدرێنو چاوەنۆڕی مردنن، لەناکاو شەپۆلێکی بەخشندە ڕایان دەماڵێو دەیانباتەوە نێودەریا.

بەهەمووشتی ئەو قوتابخانەیە سەرسامودڵخۆش بوو، هەرچەند شوێنەکەی ناخۆش بوو؛ بەڵام وای دەزانی کە ئاواتی هاتۆتە دی.

(**ئەلکسی**) لەرۆژی دووەمدا خۆی بە (تومەوف)ی سەرۆکی ناساند سەرۆک لەوکاتەدا بەچاودێری فڕۆکەوانێکی ڕاونەرەوە (مطارد) سەرقاڵ بوو، بەئاسمانی فڕۆکەخانەدا دەخوولایەوە، سەرۆکیش دژی ئەو فڕۆکەوانە دەیبۆڵاندو دەیگوت:-

- ئەمە چیە سنووقە.. تورەکەی پڕلە.. زێڕە!... کێ ئەمەی...

بەلەقاندنی دەستی وەڵامی سڵاوی (**ئەلکسی**) دایەوەو بۆ ئاسمانیش ئاماژەی کردو گوتی:-

- ئەو فڕۆکەوانە ڕاونەرە دەبینی.. چەندە لەهەوادا ترسناکە؛ وەک گوڵی سەرئاو؛ لە ئاسماندا مەلە دەکات؟

(نوموف) ئێجگار بە(**ئەلکسی**) سەرسام بوو، ئەم جۆرە کەسانەی زۆر خۆش دەویست؛ کەهۆگری پیشەکەیانو خۆشیان دەوێت، ئەم جۆرە پیاوانە لەگەڵ مرۆڤی ئازاو کارامەیشدا بەئاسانی دەگونجێن، (**ئەلکسی**)

هەندێ تێبینی چڕو سفتی لەبارەی فڕۆکەکەی ئاسمانەوە باس کرد؛ ئەمەیش وای لە (تومۆف) کرد کەلەتەوقی سەری ئەلکسی تا ئەنگوستی پای رامێنێو گوتی:-

● بۆ تیپەکەی من هاتوویت؟ ناوت چیە؟ بە چ جۆرە فڕۆکەیەک کارت کردووە، بەشداری نەبەردت کردووە؟ ماوەی چەندە لەکارەکەتەوە دووریت؛ ئەلەکسی دڵی لە (تومۆف) کرمێ بوو چونکە لەوکاتەدا چاودێریی فڕۆکەکەی ئاسمانی دەکردو بەو کێشەوە سەرقاڵ بوو، دەیگوتو دەیبۆڵاند:-

● سەیری کە ئەڵێی سەنتوورژەنە... لەهۆڵێکدا بەیەک شاخیو بەتەنها وەستاوە!

بەڵێنی بە (**ئەلکسی**)دا کەبەیانی رۆژی ئایندە تاقی دەکاتەوە، گوتی:-

● هاورێ برۆ تۆزێک بحەوێ.. لەپاش سەفەر حەوانەوە پێویستە، ئەی نانت خواردووە؟ من گومانم هەیە؛ زۆرجار لەم ژاوەژاو پەشۆکانەدا خواردنی میوانە تازەکانمان لەبیر دەچێت.

(**ئەلکسی**) لەبری حەوانەوە، پێلاو دروویەکی دۆزیەوە، بەبەشە توتنەکەی خۆی لەگەڵی پێکهات، کەدوگمەو قەیتانێک بە پشتێنەکەیدا بکوتێت؛ بۆ ئەوەی لەکاتی سواربوونی فڕۆکەدا پیا هەڵواسێت. لەبری چوونەوە بۆ ژوورەکەی؛ گەڕایەوە بۆ فڕۆکەخانە، هەتا دابەزینی دوافڕۆکە لەوێمایەوە.

مانەوەی لە فڕۆکەخانە تەنها بۆ چاودێری فڕۆکەکان نەبوو؛ بەڵکو بۆ هەڵمژینی هەوای خۆشی بەنزینیش بوو، لەدەریای بەختیاریەکی قووڵدا نوقم بوو، هەرگیز لەوە نەدەترسا کەسبەی فڕۆکە لێیی عاسی دەبێو بەگوێی ناکات!

لەتەک یەکەم تیشکی شەفەقدا (**ئەلکسی**) خۆی گەیاندە فڕۆکەخانە، چلێسانە لەهەمووشتێک رادەما، یەکێکیان لێی نزیک کەوتو سەرزەنشتی ئەوەی کرد کەبەم شەفەقە بۆ گەیشتۆتە ئەوێ؟ (**ئەلکسی**)یش بەنوکتەیەک بێدەنگی کرد، مولازم (تومۆف) هاتبوو وەک پسپۆڕێک بەوردی چاودێری هەمووشتێکی دەکرد، سیغارەکەی دەستی ئەوەندە بچووک بوو، وات

دەزانی کەدوکەڵ لەپەنجەکانی سەردەکەن، کەئەلکسی دیی بێئەوەی وەڵامی سڵاوە سەربازییەکەی بداتەوە گوتی:-

• ئەوە تۆیت... باشە... کەواتە تۆ یەکەم کەس دەبیت بفڕیت، بچۆرە فڕۆکەی ژمارە (٩)، لەپاش تۆزێکی دیش خۆیشم دێم.... دەبێت جەنابت چۆلەکەیەکی چۆن بیت؟! (**ئەلکسی**) خێراو بەپرتاو خۆی گەیاندە فڕۆکە، خەمی ئەوەی بوو لەپێش هاتنی سەرپەرشتیاردا؛ قاچەدەستکردەکانی بەلەشی فڕۆکەوە چەسپ بکات، چونکە هەرچەندە سەرپەرشتیار مرۆڤێکی لەڕوو دڵنەرم بوو. بەڵام لەوانەبوو ئەگەر ڕاستی زانیبا، نەیدەهێشت (**ئەلکسی**) فڕۆکە بڕانێت. (**ئەلکسی**) بەوە زۆر خەفەتی خوارد کەبە ئاسایی بۆ فڕۆکە سەربکەوێتو بازبداتە شوێن فڕۆکەوان، چەند جارێک بەهۆی ڕانەهاتنو قاچەکانی داخزایە خوار، بۆیەکا ئەو میکانیکیەی کەچاوی لێی بوو گوتی:- ئەو بەرازە سەرخۆشە؟ (**ئەلکسی**) بەرەنجو هەوڵێکی بێوێنە توانی هەردوو قاچی بخاتە شوێنی خۆیو بەئامێری لێخوڕینی فڕۆکەوەخۆی خەریک کرد، کابرای میکانیکیش بەئەلکسی گوت:-

• برادەر زۆرت خواردەوە؟ هەناسە بدە بابزانم. کەبۆنی دەمی کردوو دەرکەوت درۆیە؛ مشتێکی سرەواندە میکانیکیەکە.

مەکینە کەوتە ناڵەو گرمە، دەنگی مەکینە عەیبی تیا نەبوو، سەرپەرشتیار لەئاوێنەوە چاودێری (**ئەلکسی**) دەکرد، لەمەو پێش گەلێ فڕۆکەوانی تازە گەڕاوەی دیتووە؛ کەماوەیەکی درێژ لەفڕین دابڕابوون، هەموو ئەو پاڵەوانانە نەخۆشیی لەناوچاویان دەباری، بەڵام هێشتا کەسی نەدیتبوو وێنەی ئەم لاوە شۆخە، دەموچاوی گەنم ڕەنگی (**ئەلکسی**) لەخۆشیا سوور داگەڕابوو، هەردوو لێوی نەک لەترسا بەڵکو لەپەستیا زەرد هەڵگەڕان، (تۆمۆف) لەوە نەدەگەیشت ئەم مرۆڤە کێیە؟ بۆ میکانیکی کردی بەسەرخۆش؟ لە قوڵایی دەروونیا چی هەیەو چۆن قوڵپ ئەدا؟ سەرپەرشتیار لەکاتی بەرزبوونەوەی فڕۆکەدا چاوەڕەشو گەشەکانی (**ئەلکسی**) دی پڕبوون لەفرمێسک، داڕژانە سەرکوڵمەکانی، لەوەرچەخانی فڕۆکەدا شنەبایەک فرمێسکی تەفروتووناکرد. (تۆمۆف) هات بەبیریاو لەبەرخۆیەوە گوتی:-

(لەم جۆرە حاڵانەدا وریابوون ئێجگار پێویستە)

(**ئەلکسی**)یش بەدەموچاوی پەستی‌یەوە لەئاوێنەوە تەماشای (تۆمۆف)ی دەکرد.

(تۆمۆف) بەئەلکسی گوت:- لیخوڕینی فڕۆکە تەسلیم بەتۆی دەکەم، بەلام لەڕاستیدا تەنها هێزی دوو قاچی کەم کردبوو؛ لەهەمان کاتیشدا ئامادەبوو لەهەموو ساتێکدا لێخوڕین بۆ خۆی بگێڕێتەوە. فرەی نەبرد (تۆمۆف) هەستی کرد کە (**ئەلکسی**) چ دەستێکی کارامەو شارەزای هەیە. کەفڕۆکە یەکەم بازنەی لەئاسماندا وێنەکێشا؛ (تۆمۆف) لەشاگردەکەی دڵنیابوو، فڕۆکەکە زۆر بەڕەوانی‌و ژیرانە خولی دەخوارد، ئەوە سەرنجی ڕادەکێشا کەشاگردەکەی هەرچەند بەئاسۆیی فڕۆکەکەی تاو ئەدا بەلام بەین بەین بەلای ڕاستو باکووردا وەردەگەڕاو بەین بەینیش تەکانێکی گچکەی ئەدا، وای هەست دەکرد کە(**ئەلکسی**) توانای خۆی تاقی دەکاتەوە.

(تۆموف) لەدڵی خۆیدا بڕیاریدا کەسبەی ئەم شاگردەی بەتەنها دەتوانێت بفڕێت، لەپاش چەند جارێکیش دەتوانێت سواری (مراویە گچکە)یش ببێت، [ناوی ئەو فڕۆکە گچکەیە کە بۆ مەشق ئامادە کراوە؛ وێنەیەکی دەقاودەقی فڕۆکەی ڕاوەنەرەو لەتەختەی مەعکسیش داڕێژراوە].

ئەو ڕۆژە ئێجگار سارد بوو، دەستو قاچ دەیانبەست، پێوەری گەرما (١٢) پلە لەژێر سفرەوە بوو، هەوای سەهۆڵ بەندان دەموچاوی (تۆمۆف)ی سەخلەت کردبوو قاچەکانی دەمەیین.مژدەی گەڕانەوەیە. (تۆمۆف) بەئامێری تایبەتی دەنگ، فەرمانی نیشتنەوەی بە (**ئەلکسی**) دا؛ لەئاوێنەوە (**ئەلکسی**) بەچاوی ڕەشو تیژەوە نەک جارێک دەها جار پێی دادەگرت کەلەئاسمان بمێننەوە، (تۆموف)یش بەناچاری دڵی نەشکاند، لەبری (١٠) دەقیقە لەئاسمان؛ نیوسەعات مایەوە.

کە(تۆموف) پێی خستە سەر زەوی فڕۆکەخانە؛ لەسەرما بەهەردوو دەست چەپڵەی لێ‌ئەداو قاچی بەزەویدا دەکوتا، لەڕاستیشدا ئێجگار سارد بوو، فڕۆکەوانی قوتابیش لەدابەزین دواکەوت، دیارە بەئەنقەست خۆی دواخست، لەنزیک باڵی فڕۆکەوە دانیشت، وەک سەرخۆش بسکەی لێوەدەهات، لەخۆشی‌و لەسەرما سوور هەڵگەڕابوو. (تۆموف) گوتی:-

• زۆر سەرمایە؟ من هەرچەند ناوی پێڵاوەکانم فەروە بەڵام لەسەرما ئێجگار سەغڵەت بووم، بەم قاچە گچکەو سووکەوە دەبێت حاڵت چۆن بێت؟ بێگوومان ئێستا قاچەکانت مەیون.

فڕۆکەوانی قوتابییش بەزەردەخەنەوە گوتی:-

• قاچم نی‌یە!

چاوی بڕی‌یە (**ئەلکسی**)و بەحەپەسانەوە گوتی:-

• چۆن ..چۆن؟ هەردوو قاچت نی‌یە؟ مەبەستت چیە؟ گوایە قاچەکانت نەخۆشن؟

• بەڵێ هەردوو قاچم نیە ئەمانەش قاچی دەستکردن.

ماوەیەک (تۆمۆف) لەجێگای خۆی چەقی وەک چەکوش درابێ بەسەریا فزەی لێوەنەهات. ئەم لاوە نامۆیە شتێک دەڵێت کەس بڕوای پێ‌ناکات. (هەردوو قاچی نیە کەچی چەند ساتێک لەمەوپێش کارامانە دەفڕی!!).

(تۆموف) بەترسەوە گوتی قاچەکانت ببینم.

ئەم خۆتیهەڵقورتانەی (تۆموف) ئەلکسی تووڕە نەکردو هەستیشی زامدار نەکرد، بگرە حەزیشی دەکرد کە هاوڕێ قۆشمەکەی ئەوەندەی تر سەرسام بێت. بەهێواشی کراسەکەی لەسەر قاچی لابرد .. چی دەرکەوت؟..... قاچێکی ڕەقوتەق لەسەر لاقێکی ئەلەمنیۆمو چەرم کەوتە ڕوو!!

(**ئەلکسی**)یش بەڕووی خۆشەوە تەماشای (تۆمۆف)و میکانیکی و فڕۆکەوانەکانی تری دەکرد، ئەو پیاوانەی چاوەنۆڕی فڕین بوون لەنۆرەی خۆیاندا. ئالەو کاتەدا (تۆموف) لەوە گەیشت؛ کەبۆچی (**ئەلکسی**) لەکاتی هەڵسانی فڕۆکەو فڕیندا پەستو خەمباربوو؟ ئەو فرمێسکانەی لەچاوی ڕەشی (**ئەلکسی**) دەبارین ئێستا لەمانایان دەگات، ئێستا لەوە دەگات کە بۆچی (**ئەلکسی**) شەیدای زۆرتر مانەوەبوو لەئاسماندا؟!

(تۆموف) پەلاماری ئەلکسی‌داو دەستەکانی ڕاوەشاندو گوتی:-

• براکەم ئەقڵ نایسەلمێنێت! تۆخۆت ناناسیت چ پیاوێکیت!

(**ئەلکسی**) لەوەدەگەیشت کە گرەوی بردەوە؛ هەستو سۆزی (تۆمۆف)ی بۆخۆی دابین کرد، لەئێوارەدا بەجووت کۆبوونەوەو بەرنامەی مەشقی ئایندەیان دارشت.

هەردووکیان لەسەر ئەوە پێکهاتن کەبارو دۆخی (**ئەلکسی**) زۆرگرانو ناسکە:- بەکەمترین هەڵە لەڕانینی فڕۆکە هەتاهەتایە بێبەش دەبێت.

(**ئەلکسی**) شەیدای ئەوەبوو کەبەزووترین کات فڕۆکەیەکی راونەر تاودا؛ پێکڕا لەگەڵ باشترین فڕۆکەوانی وولاتدا لەهەموو پۆلەکانەوە برژێنە ئاسمانو بەرگری لەشارێکی وەک (ڤۆلگا) بکەن، ئەو شارەی کە شۆرەتی جیهانی گرتووە، بەلام ئەم خۆزگەیە بمێنێت بۆ ئەو کاتەی کەلەهەموو بابەتەکانی مەشقدا سەردەکەوێو شارەزا دەبێت.

(**ئەلکسی**) دوومانگ بوو لەقوتابخانەدا مەشقی دەکرد، هەواڵەکانی دارمانی ئەڵمانیا لەستالینگرادا هەموو ولاتی گرتەوە؛ سوپای شەشی ئەڵمانی لەو شارەدا تێکشکاو (٢٠٥) کەسی بەدیل گیران...هتد. لەباشووریشدا هێرش دەکرێو کەسیش ناتوانێت بەربەستی بکات، سوپای سەربەژەنراڵ (ڕوتمیستروف) هێلی پێشەوە دەشکێنن؛ شالاوێکی نەترسانە دەکەنو پاشماوەی قووڵی دوژمن تێکدەشکێنن.

لەم بارودۆخە ناسکانەدا (**ئەلکسی**) لەفڕۆکەخانە وەڕزبوو، چیبکات لەوەی هەموو رۆژێک فڕۆکە تاوئەداو گەمە ئاسا مەشقیان پێدەکات؟! بەم حاڵەی خۆی خەفەتی دەخوارد ئازاری دەچەشت؛ بگرە لەکاتی چاکبوونەوەو مەشق لەسەر سەمای (مازروکا) زۆرتر سزای دەخوارد. بەلام (**ئەلکسی**) لەخەستەخانە سوێندی خوارد ببێتە (پیاوێکی ڕاستەقینە)، ئێستایش بۆگەیشتن بەو ئاواتە؛ سەرسەختانەو ئازایانە کاردەکاو بەردەوامە، ئێشوئازارو نووچادان پێشێل دەکاو تێدەکۆشێت.

(**ئەلکسی**) لەناوەڕاستی کانونی یەکەمدا چووە تاقیکردنەوە، خودی سەرۆکی ئەرکانی جەنگ لەو کاتەدا ئامادە دەبوو سەرپەرشتی تاقیکردنەوەی دەکرد.

دیـارە سـەرۆکی ئەرکـان (**ئەلکسی**) نەدەناسـی، لەوکاتـەدا هاتـە قوتابخانەی مەشق و ئەلەکسی بەباشی پێشوازی لێ نەکرد.

(**ئەلکسی**) بەفرۆکەی (مراویەکە) چووە تاقیکردنـەوە، لەڕۆژی یەکـەمدا ئێجگار کارامەو شـارەزا دەرچوو؛ فرۆکـە گچکـەو سـووکەڵەکەی تـاو ئـەداو ئازایانـە ئـەم لاولای پێدەکـرد، بەڕادەیـەک خـودی سـەرۆکی ئەرکـان حەپەسـابوو، ڕسـتەو عیبـارەتی سەرسوڕمانی بۆ دەنـارد؛ ئـەو پیـاوەی جۆرەها تاقیرکردنەوەو فرۆکەوانی دیتووە.

کە (**ئەلکسی**) لە فرۆکە دابەزی تەوقەی لەگەڵ گشت سـەرۆکەکان کـرد، دەمو چاوی (تۆمۆف) وای دەگەیـاند کـە ئێجگـار کـەیف خـۆشو دڵخۆشـە، مەسەلەکەیش مسۆگەرە.. پیرە گورگی ئاسمانیو سەرۆکی ئەرکانی جـەنگ لەگەڵ فرۆکەوانە هەڵکەوتووەکاندا بەم شێوەیە دوا:-

● بەڵێ هێڵێکی ئێجگار جـوان بـوو؛ ئـەم جـۆرە فرۆکەوانانـە نیعمـەتی خـوان، وەک مامۆسـتای مەشـق حـەز دەکـەیت لای ئێمـە بـیت؟ ئێمـە پێویستمان بەلاوێکی وەک تۆ هەیە.

● (**ئەلکسی**) بەڕوونی ڕازیی نەبوو. سەرۆکی ئەرکانیش گوتی:-

● مانای وایە گێلـیت... شـەیدای بەشـداربوونی شـەڕو نەبـەردن، بـەلام لەلای ئێمە دەتوانیت خەڵکانێکی زۆر سازو ئامادە بکەیت.

سـەرۆکی ئەرکـان کـە عەسـاکەی دەسـتی (**ئەلکسی**) بینـی، ئێجگـار تووڕەبوو هاواریکرد:-

عەساکەی دەستت بهێنە.. تۆ لەسەر شەقام پیاسە دەکەیت؟ بیبـەن بـۆ تەوقیف چونکە سەرپێچی یاسای کردووە.. بەڵێ دوو ڕۆژ تەوقیف!!

عەسـاکەی لەئەلکسـی ڕاپسـکانو دەگـەڕا چـۆن بیشـکێنێت، ئـالێرەدا (تۆمۆف) هاتە کێشەکەو گوتی:-

● هاوڕێ تکایە با عەرزت بکەم.. هەردوو قاچی نیە.

دەمو چـاوی سـەرۆک وەک ئـاگر داگیرسـاو هەردووچـاوی دەرپـەڕان و قیڕانی:-

● گاڵتەم پێدەکەن... ئەمە کەی ڕاستە!

(**ئەلکسی**) چاوی بڕیبوە عەساکەی، دیاریی بەنرخی دوکتۆر فاسیلی ئێستا لەبەردەم مەترسیدایە.

(کۆلۆنێل)یش چاوی بڕیبووە هەردوو برادەرو بەگومانەوە تەماشای دەکردنو گوتی:-

● کەواتە قاچت دەربخە... بەڵێ بەڵێ... ڕاستە!

(**ئەلکسی**) لەقوتابخانەی مەشق باشترین شەهادەی وەرگرت.

(لیوتنان کۆلۆنیل)ی پیرە گورگی ئاسمان لەهەموو کەس زۆرتر ڕێزو پێزانینی خۆی پێشکەش بەلێزانینو شارەزایی (**ئەلکسی**) کرد، لەراپۆرتەکەیدا ڕستەی پێزانینو ئیعجابی زۆر باس کردووە ،دەڵێت:-

(مولازم ئەلکسی میریسیف لەهەموو جۆرەکانی فرین دا ئەتوانێت کار بکات، فڕۆکەوانێکی شارەزاو پسپۆڕە، ویستو ئیرادەی لەبەردەم هەموو تاقیکردنەوەیەکدا بەهێزو تۆکمەیە).

(**ئەلکسی**) نیوەی زستانو نیوەی بەهار لەقوتابخانەی ئیکمال دەوامی دەکرد، ئەمە قوتابخانەیەکی کۆنی ئاسمانی جەنگەو فڕۆکەخانەیەکی زۆر باشی تیا هەیە، بەشی ناوخۆو چێشتخانەی فاخری تیا دروستکرابوو، هەندێک جار تیپە شانۆییەکانی مۆسکۆ بۆ نمایش دەهاتنە نادی ئەم قوتابخانەیە، پڕ بوو لەقوتابی بەڵام یاسای پێش جەنگ لەم شوێنەدا ڕەچاو دەکرا، دەبوو بەقەت موویەک کەس یاساشکێنی نەکات.

(**ئەلکسی**) چووە تیپێکی گەورەی فڕۆکەوانەکان، لەو تیپەدا فڕۆکەوانەکان مەشقیان لەسەر لێخوڕینی فڕۆکەی ڕاونەری سۆڤیەتی نوێ (LA-5) دەکرد،

(**ئەلکسی**) لەمناڵیدا لەسەر چینێکی تەنکی سەهۆڵ فێری بەفرە خلیسکێنە بوو، ئەو شوێنە دەکەوتە کەنداوێکی ڕوباری (ڤولگا)، ئەلکسی پێڵاوی خلیسکێنەی نەبوو، دایکیشی توانای کڕینی نەبوو، بەناچاری چووە لای ئەو بەیتاڵەی کەبەرگی دەشۆرد، ئەویش دوو قاپقاپی بۆ دروستکردو دوو پارچە ئاسنی بەبندا کوتاو چەند کونێکی کردە تەنیشت پێڵاوەکەی.

(**ئەلکسی**) دوو نەختەی بەنەعلەکانیەوە بەست، مناڵەکانی گەڕەکی قەراغ شاری (کمیشن) لەو شوێنەدا کۆدەبوونەوە؛ بەفرەخلیسکێنەیان دەکردو ئەو ناوەیان پڕکردبوو لەژاوەژاو؛ غاریان ئەدا؛ پێشبڕکێو سەماو گەمەیان دەکرد، (**ئەلکسی**)یش وای دەزانی کارەکە ئاسانە، بەڵام کەلەسەر سەهۆڵ وەستا وایزانی زەوی لەژێرپێی غارئەدا؛ بەتوندی بەپشتا کەوتو ئازاری پێگەیشت.

بەڵام بۆئەوەی ئازار لەهاوڕێکانی بشارێتەوە؛ بازێکی داو هەڵسایەوە سەرپێ؛ ئەمجارەیان بۆ ئەوەی نەکەوێتەوە؛ خۆی بۆپێشەوە نووشتانەوە، ئەمجارەیش بەدەمما ڕماو خەریکبوو لووتی بشکێت، ئەم جارەیش هەستایەوە، قاچەکانی لەشوێن خۆی لەرزینو نەیدەجوڵان، بیری دەکردو خەڵکانی تری ئەدی دەخلیسکێنو گەمە دەکەن. ئەمجارەیان بڕیاریدا کەبۆپێشەوە زۆر نەنوشتێو بۆدواوە کەمێک وەرگەڕێ، وەستا بەڵام ئەم جارەش بەلادا ڕما، ئەو ڕۆژە بەردەوام دەڕماو هەڵدەسایەوە، لەئێوارەدا کەگەڕایەوە ئێجگار شەکەتو ماندوو بوو، ئەوەندە کەوتبوو لەشی سووروشینی دەکردەوە، دایکیشی بۆ ئەم حاڵەی زۆر خەفەتی خوارد.

بۆسبەی دیسان گەڕایەوە بۆ بەفرە خلیسکێنە، ئەمجارەیان دەجووڵاو کەمتر دەکەوت، بەڵام تەنها چەند مەترێک دەڕۆیشت، لەپاش چەند رۆژێک بەم حاڵە مایەوەو پێشتر نەدەکەوت، رۆژێک (**ئەلکسی**) خۆی گەیاندەوە (ڤولگا)، بەفریش بەچڕی دەباری، هەوایش ئێجگار ساردبوو، (**ئەلکسی**) بەردەوام ئەم رۆژەی لەیاد نەدەچوو، ڕەشەبا پروشەی بەفری بەسەر سەهۆڵی خزی سەر رووبارەکەدا پەخش دەکرد.

کە (**ئەلکسی**) بازیدایە سەر سەهۆڵ زۆر بەخێرایی خزاو، هەستی بەوە دەکرد قاچەکانی بەوێنەکێشانی بازنەیەکی نوێ باشتر خۆدەگرن، هەموو ڕمانو هەستانی لەمەوپێش؛ بوونە ئەزموونێکی چڕوپڕ بۆ فێربوونی هونەری بەفرەخلیسکە، فرەی نەخایاند خلیسکێنەکە لەلای (**ئەلکسی**) بوو بەجموجۆڵی بێ ئاگایانە(حرکات لاشعوریە) قاچەکانی لەجاران باشتر دەخستە کارو متمانەی پێدەکردن، هەمووگیانی لەخۆشیا؛ لەووڕەبەرزیو متمانە بەخۆدا دەجووڵاو دەبریسکا، بەهەمان شێوەیش سەرلەنوێ هونەری فڕینی لەئامێز گرتەوە، سەرسەختانە بۆچەند سەعاتێک دەفڕی، بەنیازبوو

لەگەڵ فرۆکەدا سەرلەنوێ ببنەوە بەیەک، بەنیازبوو قاچی دەستکردو چەرمو ئاسنیش هەست بەفرین بکەن، جاران وای هەست دەکرد کەنیازەکەی هاتۆتەدی، فرۆکەی لێتاو ئەدا؛ مەشقو جوولەی ئاڵۆزو سەختی پێ ئەنجام ئەدا، بەڵام زوو هەستی کرد کەچالاکییەکانی هەڵەنو فرۆکەیش بەین بەین سەرپێچیی دەکاو گوێڕایەڵی نابێت، ئالەم کاتانەدا هەستی بەنائومێدیو خەفەت دەکرد، وەلێ زوو دەستی دەکردەوە بەمەشقو لێشی وەڕز دەبوو.

# 7

****

لەیەک شـەممەیەکی مـارتداو بەیـانی، سـەهۆڵبەندان دەتوانـەوە، فڕۆکـە خانـە سـوور هەڵگـەڕابوو، تایـەی فڕۆکەکـان لەبـەفردا وێنـەی قەڵەمیـان کێشـابوو؛ بـەڵێ ئـالەو ڕۆژەدا (**ئەلکسی**) خـۆی هاویشـتە نێـو فڕۆکـە ڕاونەرەکەی، لەوکاتەدا لەقەراخەوە ڕەشەبایەکی بەتەوژم هـەڵی کردبـوو... جارلەدوای جار ڕاستی دەکردەوە، لەو ماوەداو لەناکاو هەستی بەوە کرد کە فڕۆکـەیش دەستەمۆبووە... فڕۆکـەیش هەسـتی بەهـەموو زەربـەو لێدانـی دڵیشی دەکات، ئـەو هەسـتە وەک تـەزووی کارەبا هـەموو لەشـی گرتـەوە؛ بەڵام لەیەکەم جاردا بڕوای نەدەکرد، چەند جارێک نـائومێدبوو، ئەمجارەیـان بەختیاری هاتووەو یەخەی گرتووە.

بەلای ڕاستدا خولێکی خوارد، فڕۆکەیش کـۆکنو دەسـتەمۆبوو، بـیری لەو کاتە دەکردەوە کەلەسەر کەنداوی (ڤۆلگـا) منـاڵ بـوو بـەفرە خلیسـکێنەی دەکردو سەهۆڵلەژێر پایدا خرچەخرچ دەشکا.

لەخۆشیا دڵو گەردنی وەک چۆلەکە دەفڕین. بەمەشقو ڕاهێنـان ئـەوەی دەیویست پـێی شادبوو، لەڕۆژانی درێژی سەختو پـڕ لەشـەکەتی بەرگـەی گرت، ئەوەی خولیای بوو بۆی دەکۆشـا بـۆی هاتـەدی:- پـەیوەندی لەگـەڵ فڕۆکـەدا بـووە بەشـێکی تەواوکـەری لەشـــی. دووقاچـە دەسـتکردە ڕەقو تەقەکـەیش لەو پەیوەندیـیـە نەگەیشـتوونو هەسـتیان نیـە. (**ئەلکسی**) لێشـاوی خۆشـی قاڵیـان کـرد، بەشـداری خـولی چڕوپـڕی دەکـرد، بـە شۆڕبوونەوەیەکی پێچاوپێچ فڕۆکەی لێتاودا، زەوی لەپێش چاوی بـەخێرایی خوولی دەخوارد، لەپێش چاوی:- فڕۆکەخانەو بینای قوتابخانەکـەو بورجـی چـاودێری کەشوهـەوا؛ تێکئـاڵابوونو لەبازنەیـەکی بێسـنووردا لەیـەکدی جیانەدەکرانـەوە، وەک مامۆسـتایەکی شـارەزا دابـەزینو شـۆڕبوونەوەی

وەستان، فرۆکەی بۆ باری ئاسۆیی گەڕانەوە، ئالەو کاتەدا تێگەیشت کە فرۆکەی (LA-5) چەندە بەپێزوڕمێنە، بەڕاستی ئەگەر بەدەست پیاوی خۆی بێت؛ گەنجێکە ئێجگار بەنرخ!! لەفرۆکە دابەزی، وەک سەرخۆش بەم لاولادا دەکەوت، زەردەخەنەیەکی هێدی لەسیمایدا دەبینرا، مەشق پێکەری تووڕەو هەڵچووی نەدەبینی، قیڕەو شاتەشاتی نەدەبیست، باباخۆی بقیرێنێت، ئەلکسی ئامادەیە بچێتە بەندیخانە... لەمەولا باکی نی‌یە، بووە بەفرۆکەوان.. فرۆکەوانێکی ئێجگار سەرکەوتوویش، ئەمانەیش وەک رۆژی روون ئاشکرایە. بەنزینی بەخۆڕایی نەسووتاندووە، ئەگەر خێرا ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ بکرێتەوە سەدەها جار قەرەبووی دەکاتەوە. ئاژێری خەتەر لەفرۆکەخانە لێدرا، فرۆکەوانەکان خێرا سواری فرۆکەکانیان بوون، (**ئەلکسی**)یش بەیارمەتی عەساکەی دەستی خۆی گەیاندە فرۆکە، مەکینەیان هاڕەیان دەهات، (**ئەلکسی**) رووی کردە فرۆکەی ژمارە (٦) کەبەدەست کاپیتان (تشیساوف)ی فەرماندەی پۆلەوە بوو، فەرماندەی پۆلیش کەفرۆکەی خستە بۆشاییەکە؛ دەستی بەرزکردو ئاماژەی کرد کە (وریابە!) تانکە سۆڤیەتیەکان بۆ هێرش بردن گوێزرانەوە، ئەوسوپا زرێپۆشەی کەلەدارستانەکەدا مۆڵدرابوو؛ ئێستاکە سازو تەیارە هێرش دەباتە سەر ئەڵمانیە شەکەتو ماندووەکان، ئەڵمانیەکان بەبێ‌سوود ماندوو دەکرێن‌و هێزو پێزیان دادەچۆڕێ، فرۆکەوانەکانیش ئاسمانی ناوچەکە دەکەن بەچەتر بۆ هێرشی زرێپۆشە سۆڤیەتیەکان تۆپخانەی ئەڵمانیەکان لەدوورەوە ئەو ناوچانەی دابێژابوو، لەهێرشێکی ئەوها سەختو دڕدا؛ پاراستنی ئاسمانیش ئاسان نیە، زووبێت یان دێر (درەنگ) لەگەڵ فرۆکەی دوژمندا پێکدادێن، ئالەو کاتەدا ئەلکسی دەچێتە تاقیکردنەوەیەکی مەزن، ئەلەو کاتەدا دەیسەلمێنێت کەلەفرۆکەوانەکانی دی کەمتر نی‌یە.

(**ئەلکسی**) ماتو مەلوول بوو، خۆلە مردنیش نەدەترسا، زۆربەی پیاوە نەبەردو ئازاکان کەهەست بەمەترسی دەکەن؛ ماتی دەیانگرێت. بەلام پەستی (**ئەلکسی**) لەجۆرێکی ترە، لەدڵی خۆیا دەها پرسیار لی‌ی مرۆکابوو:- کارمەندانی رەشاش‌و تۆپخانە ئاخۆ هەموو شتیان ئامادەکردووە؟

بێسیم کەبە ئامێرێکی نوێ کاردەکاو هێشتا تاقی نەکراوە؛ داخۆ کاری خۆی دەکاو ئامادەیە؟، (بترۆف)ی برادەری داخۆ لەم نەبەردەدا دەشلژێ یان نەء؟ ئەی عەساکەی (ڤاسیلی)؟ ئەی ئەو چیرۆکەی خەریک بوو دەیخوێندو گەیشتبووە شوێنێکی گرنگ، بەهۆی پەلەکردنەوە لەسەر مێزەکەی جێی هێشت؛ داخۆ ئێستا دانراوە یان شێواوە؟ خۆ لە (بترۆف)ی برادەریشی خواحافیزی نەکردووە (بترۆف)یش زۆربە پەلەیی ڕۆیشتو فریای بایبایش نەکەوت، ئەو هەموو پرسیارو خەیالانە لێی ورووژان، فەرماندەی پۆل هێشتا ئاماژەی (ووریابن)ی بەرزدەکردەوە؛ فرەی نەبرد دەستی نەوی کرد، دەرگای فرۆکەوانەکان کلۆم کران، پۆلەکە سێبەش و هەموو بەشێک سێ فرۆکەوان بوون، بەشەکان بەشوێن یەکدا نرکەیان کردو کەوتنە ئاسمان، زەوی لەژێر فرۆکەکاندا دەلەرزیو دەخولایەوە، ئەوەندە گوللەتۆپو فیشەک بەخوڕ دەبارین؛ ناوچەکەیان پڕکردبوو لەچاڵو چۆڵ، ناوچەکە لەئاسمانەوە وەک ڕێگایەک دەرکەوت کەلافاو پڕی کردبێت لەکەندڕ. کلپەو پزیسکەی چەک ئەوشیوو دۆڵەی تێکشکاندبوو، ئاگری نەبەردێکی مەزنە. لەئاسمانەوە بەبچووکو بێبایەخ وێنەی دێتە پێش چاو، مرۆڤ باوەڕ ناکات کە هەمووشتێکی سەر زەوی دەزریکێنێو دەڕووخێت، مردن لەسەرزەویو لەجەرگەی چەرەدوکەڵدا ئاهەنگی درۆینەی سازکردووە. پۆلەکە بەسەر هێڵی ئاگر دا خولانەوە ؛ هێڵێکی نیو بازنەیان بە سەر پاشداری (مؤخـرا) دوژمن دا کشا, دیسان گەڕانەوە هێڵی ئاگریان بەزاندو، فیشەکیک لە دژیان نەتەقی, خەڵکی سەرزەوی تەنگە تاون و لە تاو خۆیان ئاگایان لەو (٩) گچکە فرۆکەیە نی یە کە بەسەریانەوە هاژەیان دێ .

ئەی پیاوانی تانکەکان لە کوێن ؟ (ئەلکسی) لە ئاسمانەوە تانک و زرێ پۆشەکان دەبینێت,لە ژێر لق و درەختە کانی دارستانەکەوە خاو خاوێ,دانە دانە دەکشێنە دەر, لە ئاسمانەوە ئەوەندە وردیلانەن لە جۆرە کیسەڵێک دەچن, دەقیقەیەکی نەخایاند ژمارەیەکی زۆر لەو کیسەڵانە دەرچوون و لێشاوی ئەوانیش بەردەوامە و دەڕژێنە چەم و دۆڵ.لێشاوی گڕو کلپە لە گەرووی زرێپۆشەکانەوە دەبارین,لە ئاسمانەوە ئەو دیمەنە ئافرەتیکی تورەیان منالیشی نەدەترسان,بەلام لەسەر زەوی هێرشێکی

بەربڵاوە,سەدەها زرێپۆش بەشداری تیادا دەکەن,هێرش دەکرێتە سەر پاشماوەی سەنگەرو هێزەکانی ئەڵمانی .

(کاپیتان تشیسلۆف)ی فەرماندەی پۆلیش لەپێشەوە هاواری دەکرد:-

● ئاگاداربن! ئێرە ژمارە سێیە! ئێرە ژمارە سێیە!بەلای راستدا فرۆکەکانی (قبـاقیب)ی! راستدا فرۆکەکانی (قبـاقیب)! [فرۆکەکانی ئەڵمانیان بۆ (سووکایەتی) ناونابوو قباقیب]

فرۆکەی فەرماندە لەپێش (**ئەلکسی**)دا هێڵێکی بەرەو هەوراز کێشا؛ ئەمەیش مانای وابوو:-

ئێوەش بەهەمان شێوە بکەن؛ بۆیەکا (**ئەلکسی**) فرۆکەی پاش خۆی تێگەیاند. بێسیمیش دەیگووت:-

● ئێرە نمرە سێیە! ئێرە نمرە سێیە.

دوژمن لەناوچەکەوە نزیک بوو، فرۆکەکانی (یونکرز ۷۸)ی ئەڵمانیش لەونزیکانە خۆیان مەلاس دابوو، ئەو جۆرە مەکینەیە لەشالاوبردنا ئێجگار بەناوبانگبوو، لەشەڕەکانی پۆڵۆنیاو فەرەنساو دانیمارکو بەلجیکاو یوگسلافیادا بەشداریان کردبوو، ڕۆژنامەکانی جیهانی باسی شالاوو هێرشە ترسناکەکانی ئەم فرۆکەی زۆرکردووە، تازەترینو تۆکمەترین سەنعەتی ئەڵمانیابوو، بەلام ئەم جۆرە فرۆکەیەش زوو بەسەر ئاسمانی سۆڤیەتدا داچۆڕاو پیربوو، لەبەرچاوی ڕاوچی‌یە سۆڤیەتیەکان نێچیرێکی سەختو گران نەبوو، وەک کەروێشکو ڕێوی بەئاسانی لوول ئەدرانو ڕاوکردنیان شارەزایی زۆری پێویست نەبوو. کاپیتان تشیسلوف پۆلەکەی راستەوراست بۆهێرش نەدەنارد هێڵێکی بازنەیی دەکێشا مەبەستیش لەوەبوو کەتیشکی ڕۆژ بۆ فریودانی دوژمن بەکاربهێنێت، بەو فێڵە پۆلەکە نەدەبینران هەتا ئەوکاتەی شالاویان دەبردە سەر دوژمنو زەربەیان لێ‌ئەدا.

لەم نەخشەو فریودانە (**ئەلکسی**)یش تێگەیشتبوو بۆیەکا زەردەخەنەیەکی بەمانای کردو لەدڵی خۆیا گوتی:-

گوایە (قبا قیب) شیاوی ئەو تەفرە و زیادە شەرەفەیە؟ خۆپاراستنیش ژیریە، سەری بادا و (بتروف)یش لیّی نزیک بوو؛ لەپشت تەمێکی سپی‌یەوە بە روونی دیار بوو. پۆلە فرۆکەی ئەڵمانیش لەلای راستەوە دەرۆیشتن، هیتلەریەکان ئێجگار بە کەشخە و هاو ئاهەنگ دەڕۆیشتن، دەتگوت

هەموویان بە پەتێکەوە بەستراون، باڵی فرۆکەیان لەبەر خۆر بریسکەی لێدەهات.

● ئێرە بەوری/٣یە ! هێرش بکەن.. لەگەڵ بیستنی فەرماندا فرۆکەی کابیتان شاڵاوی بردە سەر فرۆکەیەک و ڕەوانەی زەوی کرد، (تشیلسوف) و دوو هاوڕێی کەوتنە پشت پۆلە ئەڵمانیەکە، بەو شێوەیە بازنەیەکی داخراو بەدەوریاندا تەشکیل کرا، بەڵام ڕێز و ڕێچکەی ئەڵمانیەکان بەردەوام بوو. (**ئەلکسی**) بۆ پۆلەکەی خۆی ئاماژەی کرد، لە خۆشیا دەمی گۆی نەدەکرد، بۆیەکا تەنها ئەوەی گوت:- (هـ.. ێر.. ش)، خۆیشی شاڵاوی بردە سەر دوژمن، دەیویست ئەو فرۆکە ئەڵمانیەی کە هاتە شوێن پێکراوەکەی (تشیسلوف) ڕەوانەی زەوی بکات.

چەند شتێک وەک بەور بەلایا تێپەڕین!

بەڵێ... ئەوان تەقەیان لێکردین و نەپێکراین، (بتروف)ی هاوڕێیشی سەلامەتە و ئەوەتە لای چەپەوە دەڕوات، (**ئەلکسی**) لەدووربینی پشت فرۆکەوە ئەڵمانیەکەی بینی و تەقەی لێکرد!

ئالەو کاتەدا (**ئەلکسی**) هەستی بەوە کرد کە لەگەڵ فرۆکەکەی یەک لەش و یەک گیانە، وەک لێدانی دڵی هەستی بە دەنگی مەکینەکەی دەکرد، هەموو ڕیشاڵێکی لەشی بەفرۆکەوە بەند بوو... هەستی بە باڵاو و پاشووی دەکرد، تۆ بڵێی قاچە دەستکردەکانی هەستیان بۆ گەڕابێتەوە؟

هیچ دوورنیە.. ئەوەتا قاچەکانی بەو شێوە ترسناکە دەجوڵێن و خێرا بەهانایەوە دەچن.

بۆدیی فرۆکە ئەڵمانیەکە لەپشتی چاوی بزر بوو، فرەی نەبرد لە دوور بینی پێکانەوە کەوتەوە پێش چاوی، دەستی بە پیتکەی ڕەشاشدا ناو گوێی لە هیچ نەبوو؛ لە ئاسماندا هێڵی فیشەک دیار نەبوو، بەڵام دەیزانی کە نیشانەی پێکاوە، بەرەو فرۆکەی دوژمنیش بەردەوام شاڵاوی دەبرد لەوەیش دڵنیا بوو کە فرۆکە ئەڵمانیەکەی خستووە، لە دووربینەوە (**ئەلکسی**) فرۆکەیەکی تری دی لەبەر چاو بزر بوو. گوایا ئەمیش بە ڕێکەوت خۆی خستوویە یا (بتروف)؟ نەخێر! بتروف خستوویەتی؛ ئەو لای ڕاستی لێگرتبوو، (**ئەلکسی**) بە سەرکەوتن و پێکانی ئەو لاوەی برادەری زۆر دڵخۆش بوو. تیپی دووەمی سۆڤیەت خزایە ئەو بۆشاییەی کە دوو

فرۆکە ئەڵمانیەکە دارمانــە ســەر زەوی، لەو ناوچەیــەوە پــۆلی دووەمــی سۆڤیەتی هاتە کۆڕی جەنگ و تێکچڕان، دیارە ئەم پۆلە فرۆکـە ئەڵمانیـە لە پۆلەکانی پێشوو کەم ئەزموونتر بوو، بۆیەکا لە کایــەدا تـا روماریـان کـردن؛ (پەرش و بڵاو) فرۆکەکانی (تشیسلوف) بە بێ تـرس لە نـاو (قبا قیـب)ە ئەڵمانیەکاندا تـەراتێن دەکـەن؛ ئاسمـانی ناوچەکەیـان لێپـاک دەکەنــەوە؛ فرۆکەکانی دوژمن ناچار دەکەن خۆیان خاڵی بکەن و جار جـاریش بـە سـەر خۆیشیاندا!!

ئەوە نەخشــەی (کاپیتـان تشیسـلوف)ی بلیمەتـە! ئەڵمانیەکـان ناچـار دەکات سەنگەرەکانی خۆیان گوللە بـاران بکـەن!! بـەڵام پـۆلە ئەڵمانیەکـە پێکهاتـەوە، (قبـا قیـب)ەکـان بـەرەو ناوچـەی تانکـە سـۆڤیەتیەکان ملیـان نایـەوە، قۆنــاخی ســێیەمی هێرشــی ســۆڤیەتیەکان ســەرکەوتوو نــەبوو، فرۆکەیەکی سۆڤیەتی خرایە خوار، ئەڵمانیەکان تەنها یەکێکیان لێ نەکەوت، لە شەرگەی تانکە سـۆڤیەتیەکان نزیـک کـەوتن. بـار و دۆخێکـی نـوێ هاتـە پێـش:- فرۆکــە ســـۆڤێتیەکان بۆیـــان نـــەدەکرا زۆر بـــەرزبن؛ بۆیەکــا (تیشسیلوف) بڕیاری دا لە نزمیەوە هێرش بباتە سەر فرۆکـە ئەڵمانیەکـان، (**ئەلکسی**) لە زەینی خۆیدا ئەو بیروکەی لەلا پەسەند بوو ئێجگار ئارەزووی دەکرد کە لە سکەوە هێرش بباتە سـەر دوژمـن، توانـا و هەڵمـەتی فرۆکـەی (**LA.5**)ی لە مانۆڕدا وەکار دەخست، واشە ئاسا لە ئاسمانەوە دا ئەبــەزین و لە ژێرەوە فوارە ئاسا دەرزیژ و فیشەکیان ئاراستەی فرۆکـە ئەڵمانیەکـان دەکرد،دووفرۆکەی ئەڵمـانی یـەک لە دوای یــەک لە پۆلەکەیـان دابــڕان، یەکێکیان بـوو بـە دوو کـەرت و کـەوت، ئـەوەندەی نەمـابوو کلکـی بـدات لە فرۆکەکەی (**ئەلکسی**).

(**ئەلکسی**) بە ستوونی فرۆکەی بەرەو ئاسمان لێتاودا، بــەدووربینی ژێـر سـکی فرۆکەیــەکی ئەڵمــانی بــەدی کــرد، لەوحــی دەورو بــەری مەکینــە گەورەکەی بەدی کرد، دەستی نا بـە هـەردوو (پیتکـە-زنـاد)دا نـەیدەزانی کوێی پێکاوە:- ژێر سکی یا تانکی بەنزینەکەی، یا شوێنێکی تـری؟ بـەڵام فرۆکەی ئەڵمانی لە چەرە دووکەڵی تەقینەوەدا بزر بوو. (**ئەلکسی**) کەمێک کەناری گرت و لە نزیک تۆپێک گڕ و کڵپەوە تێپـەڕی، فرۆکەکـەی گەڕانـەوە بـاری ئاسۆیی، لە ئاسمـان و دەوروبـەری خــۆی ڕامــا؛ برادەرەکــەی لەلای

راستەوە؛ لە ئاسمانی شینی‌دا؛ لەسەر چینێک تەم مـەلەی دەکرد، ئاسمـان خاڵی بوو، ئەو (**ئەلکسی**) لەبەردەم تەمە سپیە دوورەکـاندا نەئـەدی، (قبـا قیب)ی ئەڵمانیەکان وەک چەند خاڵێکی رەش لە ئاسماندا پەرت و بڵاوەیان پێکرا. (**ئەلکسی**) تەماشـای سـەعاتی دەسـتی کـرد و حەپەسـا. شـەڕە ئاسمانیەکـانی لە کیس چـوو، وای دەزانـی بەلایـەنی کـەم نیـو سـەعاتی خایاندووە، بەنزینیشی روو لە نەمانە، بـەڵام سـەعاتەکەی (٣,٥) دەقیقـەی تۆمار کردبوو. ئاگر و چـەڕە دووکـەڵی سـەر زەوی بـەرەو ئاسمـان رەویـان دەکرد، ئەوەی سەرنجی (**ئەلکسی**) رادەکێشا تەنها دوکەڵی سوتانی فرۆکە ئەڵمانیەکـان نـەبوو؛ ئـەوەی پـێی سەرسـام بـوو هـێرش و شـاڵاوی تانکـە سـۆڤیەتیەکان بـوو، ئـەو تانکانـەی توانیـان سـەنگەرەکانی پێشـەوەی ئەڵمانیەکان تێکشکێنن، ئێستا لە مانای هێرشی سەدەها تـانگی سۆڤیەتی گەیشتووە کە بەرەوە خۆر ئاوا مل دەنێـن. ئـەو رووداوە مەزنـەی کـە گـەلی سۆڤیـەت و گەلانی جیهان سبەینێ لە ئاژانسەکانەوە وەری دەگـرن هێرشـی هێزەکـانی (کورسـک)ە، لە پـاش دابێژانـی چـڕ و پـڕی؛ تۆبخانـە؛ تـانک و زرێپۆشە سۆڤیەتەکان هێڵی بەرگری ئەڵمانیان لە دوو سـەعاتدا تێکشـکاند؛ لە کەلێنی زرێپۆشەکانەوە هێزەکانی سۆڤیەت هێرشیان هێنا.

لەو رۆژەدا (٢) فرۆکەی سۆڤیەتی لە پۆلی (تشیسیلوف) بۆ بنکەکـانی خۆیـان نەگەڕانـەوە، (٩) نـۆ فرۆکـەی ئەڵمـانیش فت کـران لە بـــواری راوە فرۆکـەدا رێـژەی ٩/٢ باشـــە؛ بـــەڵام بـــەبزر بوونـــی دوو هـــاورێ ئـــەو سەرکەوتنەیش لاواز دەبێت.

پـەژارە لەدەم و چـاوی فرۆکەوانەکـانی دیـدا دەبیـنرا، کـە چوونـەوە بنکەکانیـان هـەموو پەسـت و خەمبـار بـوون. فرۆکەکـان کـە دەنیشـتنەوە؛ فرۆکەوانەکان بەپێ بەرەو سەرۆکی ئەرکان دەرۆیشتن، بەسەر هاتی خۆیـان وەک راپۆرتێکی زارەکی پێش کەش دەکرد و بە هێمنیش دەکشانەوە.

(**ئەلکسی**) لەم پۆلەدا تازە بوو، دوو هاورێ بزرەکەیش ناناسێت، بـەڵام دۆخەکە کاری لەمیش کردبوو. گرنگترین رۆژ لە ژیـانیدا ئـەمرۆ بـوو، ئـەوەی بۆی شەیدا بوو ئەمرۆ هاتە دی؛ ئەمرۆ بەهەموو ئیرادە و توانای خۆی هاتـە مـەیدان، ئـەو بەسـەر هاتـەی کـە چـارە نووسـی دوا رۆژی دیـاری دەکـات.. ئەیباتە ریزی پیاوە بەهێزەکانەوە، ئەمرۆ قەوما. ئای (**ئەلکسی**)!... چـەند

لە خەستەخانەدا.. لە مەشقی ڕۆیشتن و سەمادا سەرقاڵ بووی! چەندە سەر سەختانە توانیت هونەری فرۆکەوانی لە ئامێز بگریتەوە! چەند خەونت دی!

بەڵام ئێستا کە ڕۆژ ڕۆژی تۆیە، لە خێزانی فرۆکەوانە ڕاونەرەکاندا تۆ ئەندامێکی بەهێزیت و هەق و حقوقت پارێزراوە، تۆیت ڕاپۆرت بە سەرۆکی ئەرکان پێش کەش دەکەیت، ستایشی هاورێکانی ئاسمانت دەکەیت، بە سەرۆکی ڕادەگەیەنیت کە (٢) فرۆکەت خستووە، باسی بار و دۆخی ئاسمان بۆ سەرۆکی ئەرکان دەکەیت، لە پاشدا پاڵئەدەی بە لقە دارێک و بۆ هاوڕێ بزرەکانت خەفەت دەخۆیت!! لەو ڕۆژەدا هێرشی ئاسمانی بە خەستی ئەنجام ئەدرا، پۆلە سۆڤێتیەکان ئاسمانی هێرشیان چۆڵ نەکرد، ئەم پۆل ئەنیشتەوە ئەو پۆل دەکشا، تەنکیەکانی بەنزینیش بە پەلە پڕ دەکرانەوە، مەکینەکانیش وەک بارانی هاوینان و زەوی وشک هەڵمیان لێ بەرز دەبوو.

فرۆکەوانەکان لە فرۆکەدا دەمانەوە؛ لە سەر سینی فافۆن خواردنیان بۆ دەبردن و لە شوێنەکانی خۆیان دەیان خوارد، ئەوەندەیش هێمنانە دەیان خوارد چما شەڕیان هەر نەدیوە. لە تەک شەفەقدا فرۆکەوانەکان ئازاد کران، (**ئەلکسی**) پێویستی بە حەوانەوەو گۆشە گیری بوو، لەو ڕۆژە پڕ لە هەرا و ژاوە ژاوەدا زۆر ماندوو بوو، کشایە هێلانە هێمنەکەی، ژوورەکەی لە ژێر درەختی (سەندەل)و گیادا ڕاکشا بوو، هێدیانە زەرفی دوانامەی (اولیای) لە گیرفان دەرهێنا، کە دەقی نامەکەی کردەوە؛ نوێ ترین وێنەی (اولیا)ی لێکەوتە خوار، کە چاوی بە وێنە کەوت دڵە کوتەی تووش بوو. وێنەکە ئێجگار سەیر بوو، وەک جاران دەناسرێ و ئاساییە بەڵام هەندێک لایەنی نەدەناسرایەوە:- بەرگی سەربازی پۆشی بوو؛ نیشانی (ئەستێرە سوور) و (پاسەوان) و (ممتاز)یش ی لە خۆی دابوو، هەموو ئەم نیشانانە لە (اولیا) دەهات و لێی جوان بوو، وەک کوڕە لاوێکی شۆخی ئەفسەر بوو، چاوە چڕ و بریسەکەدارەکانی ئەو لاوە وای پێدەگوتین کە لە کار و پیشەدا هێشتا نوێ و کاڵە. (**ئەلکسی**) چاوی بڕیە وێنەکەی پێشچاوی، هەستی بە خەم و پەژارە دەکرد، وەک ئەو مرۆڤەی کە لە ئێوارەیەکی خەمناکدا گوێ لە گۆرانیەکی دووری خۆشەویستەکەی بگرێت.

ئەوەی شیاوی باسە ئێستا (**ئەلکسی**) زیاتر لە جاران هەست بە پەیوەندی گیانی (اولیا) دەکات چونکە ئەمیش خۆی ئاسا سەربازی وولاتە، ئەم بەرگی سەربازیە زۆر لە بەرگی ئەوکاتە جوانتر بوو کە لە ناو گیادا و تورکان ئاسا دانیشتبوو، لە پشتی وێنەکە نووسرا بوو:- (لە یادمان نەکەیت) (اولیا) بە چڕ و پڕی و گاڵتە جاڕانە دەینووسی ئێستا کە سەرۆک پۆلی (لابردنی دار و پەردوو)ە لە دەزگای ئەندازەدا، ئەم تیپە لە جەنگدا بەشداری ناکات و کاری ئاشتیانە ئەنجام ئەدا وەک:-

سەر لە نوێ بینا کردنەوەی شاری (ستالینگراد).

اولیا لە نامەیەکدا باسی خۆی کەمتر کردووە، بەڵام بە درێژیی باسی ئەو شارە پاڵەوانە دەکات؛ ئەو شارەی لە داڕووخانەوە دەبوژێتەوە، سەر لە نوێ ڕۆدەنرێتەوە، باسی وەرشە و شوێنکارە پڕ ئاپوورەکان دەکات، باسی ژنان و کچۆڵەکان دەکات؛ باسی لاوان و نەوجەوانان دەکات؛ چۆن ئەوانە پێکڕا کار دەکەن و شاری (فولگا)یش سەر لەنوێ ڕۆدەنرێتەوە، باسی ئەو هەموو خەڵکانە دەکات کە چۆن لە سەنگەر و ژێر زەمین و پەناو پەسێوەکاندا دەحەوێنەوە، چۆن لە فارگۆنی قیتار و لۆریەکاندا دێن و کۆ دەبنەوە. بەوانەی کە لە ستالینگرادیشدا کاردەکەن بەڵێنی خانوو دراوە؛ کە لە پاش جەنگ تیا بحەوێنەوە، کەواتە با (**ئەلکسی**)یش بزانێت کە لەپاش جەنگ شوێنی خۆی دەبێ و تیا دەحەوێت!!

تاریکی شەوانی هاوین هێرشی هێنا، بۆ خوێندنەوەی دوا دێڕی نامەکەی بەر دەستی؛ لایتی پیلی بە کار هێنا. چاوی بریە وێنەی لاوە بەرگ خاکیەکە، ڕاستی و چالاکی و پتەوی لێدەباری، لە گەڵ وێنەکەدا هاتە ئاخاوتن:-

(خۆشەویستەکەم، بۆ تۆیش کارەکان ئاسان نیە، جەنگ لە تۆیشی شێواند، بەڵام هەرچۆنێک بێت تێکنەشکاویت.. منت خۆش دەوێت؟). لەو کاتەدا هەستی بەشەرمەزاری دەکرد؛ چونکە بۆ (١٨)ە مانگ دەچێت بە سەر هاتی خۆی لە(اولیای) جەنگاوەری شاری ستالینگراد شاردۆتەوە، لەو کاتەدا خۆی وەلامی خۆی دایەوە:- دەخزێمە ژوورەکەم؛ بە ڕاشکاوی و درێژی تێکڕای بەسەر هاتی خۆمی بۆ دەنوسم، بەونیازەی بەزوترین کات ڕاو

بۆ چوونی ( اولیا ) بـزانم؛ هەردووکیشـمان لەسـەر ڕا و بۆچونێـک پێکبێـن و توێتکەبگرین( استقرار )٠

( **ئەلکسی** ) وای هەست دەکرد کە هاوتەکی ( اولیا )یە، نەک هەر بە تەنها فڕۆکەوانە بەڵکو جەنگـا وەریشـە٠ ئـەی بـەڵێنی بـە خـۆی نـەدا کـە هـەموو شتێک بۆ ( اولیا ) باس بکات؛ لەگشت نوشستیەکانی خۆی؛ هەتـا گەیشـتنی بە ئامانجەکانی ئاگاداری بکاتەوە٠ هاوڕێکانی بـە چـاوی خۆیـان دیـان کـە چۆن ( **ئەلکسی** ) (٢ ) فڕۆکەی ئەڵمانی خستە خوارەوە، ڕۆژنامـەی تایبـەت بە فڕۆکەخانەیش بە دوورو درێژی باسـی ڕووداوەکـەی کردبـوو، لە ڕاپۆرتـی گشتی بۆ مۆسکۆدا باسی ئەو ڕوداوە کراوە٠ ڕاسـتە ( **ئەلکسی** ) بـە ئامـانج گەیشتووە؛ ئێستا دەتوانێ هەموو شتێک بۆ ( اولیا ) بنووسـێ ، بـەڵام ئایـا ئـەوە ڕاسـتە کـە فڕۆکـەی ( قیـاقیب ) دوژمنێکـی هاوسـەنگی فڕۆکـەی سۆڤیەتیە ؟

ئایا ڕاوکەری ئازا و ڕەسەن لە ڕاوە کەروێشکدا دەردەکەوێت؟ !

جووتـە فڕۆکـە بـە هـەموو هێزیـان بـەرەو یەکـتر تاویـان ئـەدا، فڕۆکـەی ( فۆک-دولف/١٩٠ )ی ئەڵمانی و (**LA-5** )ی سۆڤێتی دوو فڕۆکـەی ئێجگـار خێرا و سەریعن٠

بە خێرایی دەنگ تاویان ئەدا و لە یەکتر نزیک دەبوونەوە، ماوەی نێـوان ( **ئەلکسی** ) و خەنیمە ئەڵمانیەکەی تا دەهات دەبوو بە هەڵم و خەون، دیارە فڕۆکەوانە ئەڵمانیەکە پاڵەوانێکی تیپی ( ڕیشـتوفن )ی بـە ناوبـانگ بـوو٠ لە شەڕی ئاسمانیدا ( شاڵاوی ڕووبەڕوو ) چـەند سـاتێک دەخایـەنێت و شـارەزا ترین کەس لە داگیرسانی جگەریەکدا ئەنجامی ئەدا و تێپەڕ نابێت٠ بەڵام لەو ساتەدا مێشـکی تۆکمـە و ئـیرادەی پۆڵایـین و کۆکردنـەوەی وورە و هـێزی مەعنەوی؛ بگرە ئەرک و ماندوو بوونی ڕۆژێکی شەڕی سەر زەوی پێویستە٠

بهێنـە پێـش چـاوت:- دە فڕۆکـەی ڕاونـەر بەهـەموو هێزێکیـان و ڕاستەو ڕاست بەرەو یەکتر تاودەن، فڕۆکەی دوژمن نزیک کەوت و قەبارەی گەورەی کەوتە پێش چاو٠٠ هەموو دارو پەردوویەکی دەبینرێت؛ هـەر لە باڵەکانیـەوە هەتا لوولەی ڕەشی تۆپەکانی لە ( **ئەلکسی** )یەوە دیارن، هەر ئێسـتا جـووت

فرۆکە شەڕە قۆچـی خۆیـان دەکـەن؛ تێکدەشـکێن و دەبنـە تـۆوی بنـدرێک؛ مەحاڵیشە فرۆکەوانەکانیش بناسرێنەوە.

لەم جۆرە حاڵانەدا تەنها ئیرادە و هێزە معنەویەکانی فرۆکەوان دەخرێتە بـەر دەم تاقیکردنـەوە، ئـەوەی کـەم وورەیـەو لە کـاتی گـرژ بـوون و ئـاڵۆز بوونـی مێشـکدا خـۆ گـر نـەبێت؛ چـۆن مـردن هــەڵدەبژێرێت؟ بـۆ بــەرزیی نیشتمانەکەی خۆی دەکوژێت؟

ئەوەی بۆ خۆی و گەلەکەی چارەنووسی مەزن و پڕ شکۆ هــەڵدەبژێرێت؛ دەچێتە گەردە لوولی مەرگ، لە پاش تۆزێکی دی دەڕمـێ... یاسـکی شـەق دەبێ یا باڵەکانی دەقرتێنێ و ڕێگایەکی تر نیەو فرۆکەوانە بە ئەزمونەکـان ئەمە باش دەزانن، ئەوەی ئێجگار ئازا بێت (شاڵاوی شەڕە شۆق ڕوو بەڕوو) ناکات. جووتە دوژمن بەرەو یەکتر تاو ئەدەن، (**ئەلکسی**) باش دەیزانی کـە خەنیمەکەی کەم ئەزموون نیە، فرۆکەوانێکی پاڵەوانی پـڕ ئـەزموونی هـێزی ئاسمـانی ئەڵمانـە، پێدەچێـت سـەرکەوتنی زۆریشـی وە دەسـت هێنـابێ. (**ئەلکسی**) لێوەکانی کرۆشـت و خوێنیـان تـێزا، چـاوە تیژەکـانی چەقـاندە نیشانە و گوتی:-

- ئەڵمانیەکە خۆت بگرە

ویسـت و ئـیرادەی کـۆ کـردەوە، دەیویسـت لە ڕوی ئەڵمانیەکــەدا چـاو نەتروکێنێت، بەڕادەیەکێ کـۆکێ و تەیـار بـوو؛ وای دەزانـی کـە بـۆدی فرۆکـە شووشەیەو دوژمنەکەی چاوی ئاگرینی لێ زیت کردووە؛ چاوی قین و تۆڵەی بڕیوەتە خۆی و فرۆکەی.

(**ئەلکسی**) خۆی کۆکرد بوو لە بەر خۆیەوە دەیگوت:-

- (کۆتاییە... مردنە)

دەیڕوانیە پێش خۆی و بەرەو گەردە لـوول تـاوی ئـەدا، بـۆ مردنێکـی لە ناکاو خۆی ئامادە دەکرد؛ بەڵام لە پڕ جووت فرۆکە لە یەکدی نزیک کـەوتن؛ بە خەیاڵی (**ئەلکسی**) ماوەی نێوانیـان مـەترێک دەبـوو، ئەڵمانیەکـە خـۆی نەگرت و رووخا؛ دژی ڕێبازی ڕاستی خۆی بازیدا، فرۆکە شینی کـە بـەلایدا وەک بروسکە تێپەڕی؛ (**ئەلکسی**) دەستی بە هەموو پیتکـەی گوولـلەدا نـا، سێ فیشەکی ئاگرین ورگی شەق کرد، فرۆکەی ئەڵمانی لە ئاسماندا بە باڵـە

تەکە بۆ زەوی شۆر دەبوو، هەستی زەفەر و سەرکەوتن هەموو شتی لە بیر بردەوە، لە ئاسماندا بە خێرایی ئەڵقەی وێنە دەکێشا، فرۆکەی ئەڵمانی بۆ گۆڕ؛ بۆ خاکی گڕ گرتوو بە دیی کرد، چاوی لێبوو کە چۆن کەوتە سەر زەوی؛ چۆن بەرەو ئاسمان دوکەڵی ڕەش بەرز بوو، لەم کاتەدا دەمارەکانی مێشکی و ماسوولکەکانی خاو بوونەوە، هەستی بە ماندوو بون دەکرد، چاوی بڕیە بەنزین، هەستی بە ترس و شڵەژان کرد؛ چونکە میلی سەعاتی بەنزین بەرەو سفر سەمای دەکرد، تەنها بەشی (٣) دەقیقە بەنزینی پێما بوو؛ بەلام فرۆکەخانە (١٠) دەقیقە دوورە لەبەری خۆیەوە دەیگووت:- کاتی ئەوە نیە ساتێک بە خەسار بچێت، کە فرۆکەی دوژمنم ڕاودەنا؛ بەرەو ئاسمان بەرز دەبووم.. چەند گێل و گەوج بووم.

ئێستا کە مێشکی بە ڕوونی کاردەکات، وەک هەموو پیاوانی ئازا و ڕۆژانی لێقەومان؛ لە کاتی مەترسیدا زاڵ بوو.

● پێش هەموو شتێک دەبێت بەرز بڕۆم؛ بەلام نەک پێچا و پێچ _بصور قطزونية_ بەڵکو بەرزو لەهەمان کاتیشدا بەرەو فرۆکەخانە. فرۆکە ملی ڕێگای گرتە بەرو لەزەوی دوور تر کەوتەوە، لە پشت تەم و هەورەوە زەوی بزر بوو، لەحاڵی خۆی کەوتە بیر کردنەوە:- تەنانەت میلی بەنزین ئەگەر درۆیش بکات بەنزینی کەمپێماوە؛ بۆیە هیوای بە بەنزین لاوازە. لە ڕێگا بنیشێتەوە؟ لە کوێدا؟ ئەو ڕێگای کە پڕە لە زۆنگاو و دارستان و بێشە، بە توپ و ڕۆکێت زەوی پڕ بوو لە چاڵ و کەندڕ.. پڕ بوو لە تەلی دڕکاوی؛ ئیدی لە شوێنی ئەوهادا مردن مسۆگەرە.

ئایا بە چەتر دابەزێت؟ لەم ساتەدا دەشێت؛ بەلام فرۆکە؛ ئەو چۆلەکە جوان و قۆزە؛ ئەو چۆلەکە بە توانا و دەستە مۆیە لە ژورێکدا توانی (٣) جار ژیانی (**ئەلکسی**) لە مردن ڕزگار بکات.

ئیدی چۆن دڵی بێت دەست لەو فرۆکەیە بەردا و تێکشکێت و ببێتە کۆمەڵێک ئەلەمنیۆمی داقوپاو؟ ئەی بەرپرسیی (مسئولیه)؟ نەخێر لە مەسئوولیەت ناترسم؛ لەم جۆرە حالانەدا یاسا ڕێگای بە چەتر دابەزینی پێداوین؛ بەلام فرۆکەی ئەم هێشتا قەشەنگ و تۆکمەیە، بەخشندە و خۆ بەخشە؛ دەست بەردار بوونی ترسنۆکی و زەلیلیە، لە پاش یەکەم هەڵسانی لە شەڕدا چۆن بە بێ فرۆکە بگەڕێتەوە؟ دەبێت کاتێکی زۆر بە

فیرۆ بدات هەتا فرۆکەیەکی نوێ وەردەگرێتەوە، لە پاش سەرکەوتنی مـەزن دەبێت ماوەیەکی دوور و درێژ چاوە نۆڕبێت. چـارە نووسـی جـەنگیش بـەو سەرکەوتنە مەزنەوە پەیوەندە، لە کاتێکی ئەوها ناسکدا بێ کاریی دروسـت نیە، لە بەر خۆیەوە دەیبۆڵاند:-

● هەرگیز نابێت!

(**ئەلکسی**) بڕیاری دا هەتا مەکینەکەی هێزی تیا هەیـە بفڕێـت، ئەوکاتـە هەڵوێست وەردەگرێ، بەردەوام بەرەو ئاسمـان هەڵدەکشـا، بـوو بـە ٣کـم.. نـەخێر (٤)کـم، دەیویسـت پارچـە زەویـەکی تـەخت بـەدی بکـات، ئـەو دارستانەی دەبینی کە فرۆکە خانەیەکی لە ئامێز گرتووە.. لە ئاسـۆدا شـێن دەکاتەوە، بۆ گەڕانەوە دەبوو (١٥)کـم ببڕێـت، کـەچی میلـی بـەنزینیش لە شوێن خۆی چەقیوە.

مەکینەش کاری دەکرد.. بە چی؟

دەبێت بەرەو ئاسمان بڕۆین و بڕۆین.. لە ناکاو مەکینەی فرۆکە، دەنگـی زوڵاڵی گۆڕاو قرخەی تێکەوت، فرۆکەوان وەک مرۆڤی لەش ساخ لێدانی دڵی خۆی دەناسێ، لە قرخە و نووزەی مەکینەیش دەگات. دارستانەکە بـەڕوونی دیـارە و (٧)کـم دوورە، لایـەنی کـەم دەبێـت (٣)کـم ی دی ببڕێـت، بـەڵام مەکینەکەی زۆر خراپە. (**ئەلکسی**) هەستی دەکرد لە بریی مەکینەکە؛ خۆی دەخنکێت، لە ناکا و گرمەیەکی ترسناک لە مەکینەکە پەیدا بوو:-

(تشی... تشی... تشی)؛ وات دەزانی مەکینـە لە تـاو ئـازاری سـەختی خۆی؛ هاوار دەکات. بەڵام ئەوانە هیچ نیە... ئەوە تا سـەر لە نـوێ مەکینـە کەوتەوە ئیش.. ئیش دەکات! سوپاسی دەکـەین! دارسـتانەکە دەرکـەوت، نیشتنەوە- جگە لە فرۆکەخانەدا- موستەحیلە، کەواتە بـەرەو فرۆکەخانـە! بۆ پێشەوە! بەرەو فرۆکەخانە!

تشی... تشی... تشی! دەنگی تازەی مەکینە زوڵاڵە؛ ئایـا ئـەمیش زۆر دەخایـەنێت؟ ئێمـە ئێسـتا لە حەنـای دارسـتانداین، ڕێگـا بـەڕوونی وەک لاکێشـەیەکی نێـو لم دەبیـنرا... نـەخێر وەک شـانەی قـژی کۆڵۆنیـل دەبینرا!!! بۆ فرۆکەخانە (٣)کم ی ماوە؛ ئـەو فرۆکەخانـەی کـە لە پشـت ئەو درەختانە خۆی مەڵاس دابوو.

(تشی... تشی... تشی)، لە ناکاو ماتیەکی ترسناک رووی تێکرد، خوێنی نێو دەمارەکانی مەیی.. ئایا باز بدات؟ نەء با تۆزێک چاوەنۆڕبێت فرۆکەیش بەرەو پێش ئەخزا، بە هەموو توانایەک داخزانی هێواش دەکردەوە.. فرۆکەی لەوەرگەڕان و نیشتنەوەی پێچا و پێچ دەپاراست. ئەم کپی و بێ دەنگی‌یەی ئاسمان چەندە ترسناکە! ئەو کپیە ئەوەندە قووڵ بوو چرکەی سارد بوونەوەی مەکینەکەی دەبیست. بە هۆی خێرایی نیشتنەوە؛ گوێ و لاچەناگەکانی پلیان ئەدا و خوێنیان تێزا بوو... چەندە بە تیژی زەوی بەرەو فرۆکە بەرز دەبێتەوە دەتگوت هێزێکی راکێشانی مەزن لە فرۆکەدا هەیە و زەوی بۆ خۆی کێش دەکات!! چمکێکی دارستانەکە لە فرۆکەخانەکەوە دەبینرا وەک زەمرووود سەوزی دەکردەوە، تازە تێپەڕی، چەندە دیمەنێکی ترسناک بوو، فرۆکە خولێکی تەواو نەکرد بوو، (**ئەلکسی**) کە گەیشتە سەر دارستانەکە بە تەمای مردن نەبوو (اولیا) ئاگای لە بەسەرهاتی ئەم نیە؛ ئاگای لەوە نیە کە چۆن بە ئازار و ئەشکەنجە لە ماوەی (١٨) مانگدا بۆ گەیشتنی بە ئامانجکانی تێکۆشاوە، بۆ ئەوەی ببێتە کەڵە پیاو و مرۆڤی ڕاستە قینە مەشقی کرد و خۆی سازدا، ئێستایش دەکەوێتە سەر زەوی و تێکدەشکێت!

ئایا باز بدات؟ کاتی ئەوەیش نەما، دارستانەکە و ترۆپکی دارەکان وەک شەپۆل خول دەخۆن. (**ئەلکسی**) لەمەوپێش ئەم دیمەنەی دیوە.. گوایا کەی؟ بەڵێ ئەوە لە بەهاردا بوو؛ لە کاتی کارەساتەکەی یەکەم کە گشت دارستانەکە بەژێر باڵەکانیا تێدەپەڕین.

(**ئەلکسی**) لە بەر خۆیەوە دەیگووت:-

با ئەمجارەیش هەوڵێکی تر بدەم؛ هیچ چارەیەکی ترنیە و ئەمە کۆتاییە!!

چەند جارێک (**ئەلکسی**) (بتروف)ی لە مردنی ڕووت رزگار کردووە، ئێستاکەیش (بتروف) گوێ قولاخە، دەنگی مەکینەیش دێتە گوێ، دەوروبەری:- فرۆکەخانە و دەم وچاوە ئاشناکانە؛ تەمی زێڕینی ئێوارانە؛ ئەمانە تێکڕا لە پێش چاوی (بتروف) شەپۆل ئەدەن.

قاچی زامداری چەرخان و ئازاری سەخت یەخەی گرتەوە، لە بەر خۆیەوە پرسی:- هێشتا نەگەڕاوەتەوە؟ نەخێر... ئەمە چۆن دەبێت؟ تۆ بڵێی (**ئەلکسی**) ئێستا ڕاکشابێ... تۆپەڵێک گۆشتی خەڵوز بێت و کەس نەیناسێتەوە؛ لە سووچێکی زەویدا سووتابێت.. ئەو (میرە سیف)ەی وەک مەلائیکەی باڵدار ئەمرۆ شالاوی بردە سەر فرۆکەی ئەڵمانی لە کاتێکدا (بترووف) وای دەزانی کە هەموو شت لە کیس چووە؛ تۆ بڵێی جارێکی دی چاوە ڕەشەکانی سەرۆکی تیپ نەبینمەوە؛ کە بە چاوێکی سوکایەتی تەماشای ئەلکسی دەکرد؟

فەرماندەی پۆلەکە قۆڵی چاکەتی داخزان و سەعاتیش لە دەستیا نەبوو، دەستی بە قژیا هێنا و بە ساردیەوە گوتی:- لە کیسمان چوو!

یەکێکی تریان پرسی:-

- ئایا هیوا بڕبین؟
- هیوا نەماوە.. بەنزین تەواو بووە.. دەشێت لە شوێنێکدا بە چەتر دابەزیبێت. لە پڕ هاواری کرد:-

ئەوا قەرەوێلەکە دەرکەوت!!

کۆلۆنیل وەرگەڕا و لەبەر خۆیەوە گۆرانیەکی غەڵەت و پەڵەتی ئەدا بە یەکدا، بترۆف لە خەفەتا خەریکبو دەخنکا، دەنگێکی نەرمەکۆکەی پچڕ پچڕ دەبیسترا، هەموویان بەرەو ئاسمان سەریان وەرگەڕان، هەموویان ماوەیەک لە ناوەڕاست فرۆکەخانەدا چەقین و مات بوون، (بتروف)ی فرۆکەوانی زامدار لە سەر جێگاکەی دەگریا.

فەرماندە هاواری کرد:-

ئای لە هەورەتریشقەی ئاسمان! بی گوێزنەوە بۆ شوێنێکی دی.

هەموویان بە فرۆکەخانەدا پەرش و بڵاو بوونەوە.

لەو ساتەدا فرۆکەیەکی نەخۆش وەک سێبەر دەرکەوت، دەخشا بە ترۆپکی درەختەکاندا، بە هێواشی بەسەریاندا تێپەڕی، سێ قاچە تایەکەی بە یەک جار کەوتنە سەر گیا، دەنگی ڕەقی چەو و لم دەبیسترا؛ لە کاتێکدا لە بەر گرمەی مەکینە بیستنی ئەو جۆرە دەنگانە موستەحیل بوو، ئەوانە

هەموو لەناکاو پەیدا بوون، هەر چەندە ڕووداوی لەو جۆرە ئاسایی بوو؛ بەڵام ئامادە بووان لە شوێن خۆیان حەپەسابوون، ئەوا فرۆکەیەک بە شێوەیەکی ئاسایی نیشتەوە، ئەوە فرۆکەی چاوەڕوان کراوی ژمارە (١١)یە یەکێکیان پڕ بە دەم قیڕاندی:-

● ئەوە خۆیەتی.

ئەو قیڕەیە هەموویانی هەژاند و ماتی بەریدان،

فرۆکە لەوپەڕی فرۆکەخانە و نزیک درەختی سەندەڵەوە نیشتەوە، ترۆپکی درەختەکان بە دوا تیشکی سوور داگیرسا بوون، کەس دانەبەزی، خەڵکانی فرۆکەخانەکە لە هەموو لایەکەوە هاتن و بە هەناسە برکێ ئاپوورەیان بەست؛ بە تەمای ڕووداوێکی خراپ بوون، یەکەم کەس کە گەیشتە سەر فرۆکە؛ سەرۆکی پۆل بوو، هێدیانە بۆ ژووری فرۆکەوان هەڵکشا:- (**ئەلکسی**) لە شوێنی خۆی بە سەری ڕووت دانیشتبوو، هەور ئاسا ڕەنگی هەڵبزرکا بوو، لە لێوی سەوز باوی زەردەخەنەیەکی لاوازی کرد، ئەوەندە لێوی کرۆشتبوو هێڵێکی سووری خوێن تێزاو دەبینرا.

کۆلۆنێل لە (**ئەلکسی**) پرسی:-

● زیندووی؟ بریندارى؟

(**ئەلکسی**) بەلای کۆلۆنێڵ دا وەرچەرخاو چاوەکانی مردوو ئاسا شەکەت و ماندوو بوو، بەزەردە خەنەیەکی لاوازەوە گوتی:-

هیچ کام؛ ڕاستە ماوم.. بەڵام ئێجگار ترسام.. ماوەی (٦) کیلۆ مەترە بێ بەنزین دەفرم.

فرۆکەوانەکان هاواریان دەکرد؛ پیرۆزبایی و سڵاویان لێدە کرد، ئەمیش بەزەردەخەنەوە دەیگوت:-

● گەلی برادەرینە... باڵ مەشکێنن... توانای هەڵگرتنی هەمووتانی نیە... ئەوەتا من بەپێ دەڕۆم...

لەم کاتەدا لە پشت دەنگی ئامادە بوانەوە؛ لە پشت سەرەنەوەیەکانەوە؛ دەنگێکی نامۆی بیست، دەنگێکی ئێجگار لاواز بوو نووزە بوو لە شوێنێکی دوورەوە دەهات:-

میرەسیف! الیوشا!

میرسیف؛ قاچە قورسەکانی داماڵی و بەرەو زەوی بازی دا، خۆی دا بە برادەرێکیدا خەریک بوو دایرووخێنێت.

دەم و چاوی بتروف ئەوەندە لاواز و زەرد هەڵگەڕابوو، لە گەڵ (بالیف)دا جیا نەدەکرایەوە، دوو تنۆک فرمێسکیش لە چاوی (بتروف)دا قەتیس مابوون، بترۆف گوتی:-

● شەیتانی نەخشەکێش.. پیرە پیاو... زیندوو بوویت؟

(**ئەلکسی**) فرۆکەوان؛ لە نزیک قەرەوێڵەکەی بتروف دانیشت، سەری هاوڕێ زامدارەکەی لە ئامێز گرت و لە چاوە شینەکەی ڕاما و گوتی:-

● زیندوویی؟

● سوپاست دەکەم (**ئەلکسی**).. بەڕاستی ڕزگارت کردم، ئەزانیت ئەلکسی تۆ... نەء... نەء... نایڵێم.... فەرماندە نەڕاندی و گوتی:-

● بۆ چی دەمتان داچەقاندووە؟ بریندارەکە خێرا بگوێزنەوە.

(کۆلۆنێل) بە (**ئەلکسی**) گووت:-

● مولازم میرسیف ڕاپۆرتەکەت.. هیچ فرۆکەت خست؟

● بەڵێ هاوڕێ کۆلۆنێل، دوو فرۆکەی جۆری (فوک وولف)م خستووە.

● بارو دۆخی شەڕەکە چۆن بوو؟

● ستوونیانە ئەو فرۆکەی دووژمنەم خست کە لە پاڵ کلکی فرۆکەی (بتروف)دا خۆی مەلاس دابوو، فرۆکەی دووەم بە شالاوی ڕوو بەڕوو لە دووری (٣) کیلۆمەترەوە؛ نزیک لە باکوری هێڵی گشتی بەرەی شەڕ.

● خۆیشم لەمە ئاگاردارم و چاودێر بە درێژی بۆی باس کردووم.. سوپاس.

(**ئەلکسی**) دەیویست بە داب و نەریتی سەربازیانە وەلام بداتەوە؛

بەلام کۆلۆنێل ناسکانە قسەی پێ بڕی و گووتی:-

● لە بری... سبەی تۆ فەرماندەی پۆلیت، سەرۆکی پۆلی (٣) ئەمرۆ نەگەڕاوەتەوە.

هەموویان بەرەو شوێنەکانی چاودێری وە بەپێ ڕۆیشتن، کاری ڕۆژ نەمابوو، بۆیەکا گشت فرۆکەوانەکان کەوتنە دووی کۆلۆنێل و (**ئەلکسی**)،

بەرەو ژوورە سەوزەکەی چاودێری هەنگاوی سوکیان دەنا، ئەوەندەیان نەمابوو بگەنە ژوورەکە؛ مولازمی لێپرسراوی بەردەرگا بە سەری رووتەوە بەرەو کۆمەڵەکە ڕایکرد و زۆریش دڵخۆش بوو،

هێشتا ووشەیەکی نەدرکاند بوو؛ کولۆنێل ووشکانە و دڵڕەقانە قسەی پێ بری و گووتی:-

● بێریت کوانێ؟ وادەزانی کاتی پشووی قوتابخانەیە؟

مولازمەکە هەنسکە هەنسکی بوو لە حاڵی ئامادە باشی سەربازیدا وەستا بوو، ڕووی کردە کۆلۆنێل و گووتی:-

● هاوڕێی فەرماندە بم بەخشە.. باعەرزت کەم.

● باشە فەرموو!

فەرماندەی پۆلی (باکوف)ی ئاوسێمان لە سەر خەت داوات دەکا.

● دراوسێمان؟ چیی لێمان دەوێت !

سەرۆک بە پەلە خۆی گەیاندە ژووری تەلەفۆن، مولازمی بەر دەرگایش بە ئەلکسی گوت:-

● هاوڕێ.. مەسەلەکە تۆیت!

زۆری نەخایاند کۆلۆنێل نەڕاندی:- (**ئەلکسی**)م بۆ بنێرن.

کە (**ئەلکسی**) ئامادە بوو دەستی گرت بە سەماعەکەدا و پێی گووت:-

● تۆ منت تووشی هەڵوێستێکی ئاڵۆز کرد، دراوسێکەم لێم دەپرسێت:-

_کێ فەرماندەی فرۆکەی ژمارە (١١)یە؟

منیش وەڵامم دایەوە:- (مولازم میرسیف)ە (ئەمڕۆ چەند فرۆکەی خستووە؟) منیش وەڵامم دایەوە (دوو فرۆکە)، لە سەری ڕۆیشتوو گوتی:- (دەبێت فرۆکەی سێیەمیش بخەنەبانی، لە پاڵ کلکی فرۆکەکەی مندا پێکای، لە سەرداوە بە چاوی خۆم ئەڵمانیەکەم دی بەرەو زەوی دا ڕوخا)، ئەی تۆ چ دەڵێت؟

کۆلۆنێل ی سەرۆک چاوی بڕیە ئەلکسی و حەپەسا بوو، (**ئەلکسی**)یش نەیدەزانی ئاخۆ سەرۆک بەڕاست تووڕە بووە یا گاڵتە دەکات؟

سەرۆک گوتی:-

● ئەمە ڕاستە؟ ئەی چۆنە؟ تکایە هاوڕێ بۆم باس بکە..
دەستی لە سەر سەماعەی تەلەفۆنەکە لابرد و کەوتەوە قسە:-
● هەلەو... مولازم میرەسیف لێرەیە خۆت قسەی لە گەڵ بکە.
(**ئەلکسی**) تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و دەنگێکی نزمی نامۆ ڕژایە گوێی:-
● مولازم سوپاست دەکەم... گورزێکی قەشەنگی کلاسیکیانە بوو..
براڤۆ... بەڕاستی منت لە مەرگ ڕزگار کرد، من خودی خۆم سوراخی ئەڵمانیەکەم کرد و بە چاوی خۆم دیم کەوت و پارچە پارچە بوو. فەرموو بۆ لای من و پێکی ڤۆدگا هەڵدە.. من بە تاسەوە چاوە نۆڕتم، سەر لە نوێ سوپاست دەکەم، لیترێک ڤۆدگا قەرزاری تۆم، هەتا بەیەک گەیشتن خوات لە گەڵ. (**ئەلکسی**) تەلەفۆنی دانا و ئێجگار ماندوو بوو، لەشی تێکشکا بوو، دەبوو بگەڕێتەوە بۆ کوخەکەی، قاچە دەستکردەکانی داماڵی و لە سەر جێگاکەی ڕاکشا . کە بەرەو کوخەکەی بە هەنگاوی قورس و گرانەوە کەوتە ڕێگا؛ کۆلۆنێل ی سەرۆک لە پێشی وەستا و دەستی بە توندی گوشیی و گووتی:-

● چیت پێ بڵێم؟ سەر بەرزیت! من لە پۆلەکەمدا بەخ دەکەم (فەخر ) بە مرۆڤی وەک تۆ! !
سەر لە نوێ ئەوەندە بە توندی دەستی گووشی خەریک بوو ئێسقانەکانی دەستی بشکێنێت.
(**ئەلکسی**) کە تاریک داهات گەیشتە جێگاکەی.. لە جێگادا زۆر تەپا و تلی کرد خەوی لێنەکەوت، بۆ دەستە مۆکردنی خەو زۆر تێکۆشا:- لەیەکەوە بژاردی تا هەزار، بە ئاوەژوویش بژاردیەوە، چەند جارێک ئەوەی کرد، ناوی ئەو برادەرانەی بژارد کە بە پیتی -ا- پاشان...هتد دەست پێدەکات، پاشان چاوی بڕیە ڕووناکی چرا، ئەوانە گشت نەیان خەواند و چاوی زیتەی دەهات. پاشان ناوو یاد و یادگاری هاوڕێ نزیکەکانی لە ژوورەکەدا لێی مرووکان؛ هەندێکیانی ئەناسی؛ بە ئاستەم، بەدەوریا باڵە تەپەیان بوو. فرەی نەبرد شێوەی (اولیا ) ئاسمانی خەیاڵی داگیر کرد و جگە لەو کەسی لە دەور نەما.

(**ئەلکسی**) بە ووردی بە ڕوونی (اولیا )ی لە پێش خۆی دەبینی:-

دەم و چاوو شۆخێکی وردیلە؛ بەرگی ئەفسەری پۆشیبوو، چاوەکانی شەکەت بوون، ئەو خەونە ئەوەندە روون بوو (**ئەلکسی**) لە شوێنی خۆی بازی برد؛ فانۆسی (ستالینگراد)ی هەڵدا و پارچەیەک کاغەزی دەرهێنا،

زەین و خەیاڵە پرش و بڵاوەکەی تێکنا و (کۆکردو) نووسی:-

(خۆشەویستەکەم! ئەمرۆ سێ فرۆکەی دوژمنم فت کردووە، ئەمە لای من گرنگ نیە، هاورێکانم بەردەوام کارو پیشەیان خستنی فرۆکەیە، من لێرەدا هەرگیز ستایشی خۆم ناکەم، خۆشەویستە دوورەکەم! ئەوەی حەز دەکەم بۆت باس بکەم بەسەر هاتی ئەو (١٨) مانگەیە کە تا ئێستا لە تۆم حەشار داوە.)

# 8

****

# کۆتایی

هێرشی سەرکەوتووی (اوریل) خەریک بوو تەواو دەبوو، تیپ و پۆلە هێرش بەرەکان لە باکورەوە شالاویان دەبرد و شۆڕ دەبوونەوە، ئەو تیپ و پۆلانە وایان ڕادەگەیاند؛ کە لەبەرزاییەکانی (کراسنوغورک)ە وە سووتانی شاردەبینن سەرۆکایەتی ئەرکانی بەرەی (بریانک)یش هەواڵەکانی شالاوی ئەسمانی بەم شێوە پێگەیشتبوو:-

فرۆکەوانەکانی فرۆکە ڕاونەرەکان لەو ناوچەدا کار دەکەن تەنها لە (٩) ڕۆژدا (٤٧) فرۆکەی ئەڵمانیان خستووە، خۆشیان (٥) فرۆکەیان کەوتووە، دوو فرۆکەوانیان بە چەتر خۆیان ڕزگار کردووە و بەپێ خۆیان گەیاندۆتەوە پۆلەکانیان. هەرچەندە سوپای سوور هێرشێکی سەختی بەر بلاو ئەنجام ئەدا؛ بەلام سەرکەوتنی لەو جۆرە لەو قۆناغەدا ئاسایی نییە. بەو بۆنەوە فرۆکەیەکی ڕاگەیاندن و پەیوەندیی بۆ من سازدرا، بەو نیازەی ڕاپۆرتە هەواڵ لە بارەی ئەو پۆلە فرۆکەوانە بۆ ڕۆژنامەی براقدا ئامادە بکەم.

ئێمە لە ئێوارەدا گەیشتینە فرۆکەخانە، لەو سەعاتەدا ئەو پۆلە فرۆکەوانە مەزنترین و سەخترین چالاکیان ئەنجام دا بوو. ئەڵمانیەکان زۆر بە تیژی لە ناوچەی (اوریل)دا چالاکیان ئەنجام ئەدا. لەو ڕۆژەدا فرۆکەوانەکانی ئەو پۆلە (٧) هێرشیان ئەنجام دا بوو، پێش خۆرئاوا دوا پۆلەکان لە هێرشی هەشتەم دەگەڕانەوە، فەرماندەی پۆل خڕەڵەیەکی چالاک و بزۆک بوو، کراسێکی تازەی شینی لە بەر بوو، سەر و قژی داهێنا بوو، ئەوەندە شەکەت و ماندوو بوو؛ ئامادە نەبوو هیچ شتێکی ڕون و ئاشکرا بۆ من باس بکات، لە سەعات (٦) شەشی بەیانیەوە لە فرۆکە

خانەیە، خودی خۆی لە سێ هێرشدا بە شداریی کرد بوو، ئەفسەرەکانی دیش حاڵیان لە سەرۆک پۆل باشتر نەبوو، منیش لە شەودا خۆ ناگەرێمەوە؛ کەواتە دەبێت تاکو سبەی چاوەنۆڕ بم. دوا فرۆکە فەرماندەی پۆلی سێیەم بوو، کە دەرگای فرۆکە خرایە سەر پشت؛ دار عەسایەکی ئەبە نووسیی خزایە سەر گیای فرۆکەخانە، لە پشتی دارعەساوە پیاوێکی دەم و چاو پان دابەزی، دەست و قۆڵی بە مووی ڕەشی تۆخ داپۆشرا بوو، دەستی خستە سەر باڵی فرۆکە و بازی دایە سەر زەوی، فرۆکەوانێک بە منی گووت:- ئەمە هونەرمەن ترین فرۆکەوانی پۆلەکەیە. بەو نیازەی کە ئێوارەمبەبەلاش نەڕوات، بڕیارم دا لانی کەم لە گەڵ ئەم فرۆکەوانەدا دەرگای دوان بکەمەوە. ئێستاش چاک لە بیرمە کە چۆن بەڕاشکاوی مەبەستی خۆمم بۆ باس کرد، ئەویش بە چاوێکی ڕەشی تیژی گەورەوە لێم ڕاما، لە چاوە کانیا عەزمی لاوێکی ئازا؛ پیاوێکی بە ئەزموون و شارەزا و دنیا دیدە دەبینرا، بەزەردە خەنەوە پێی گووتم:-

- بەزەییت بە مندا بێت، بڕوا بکە توانای لە سەر پێ وەستانم نیە، شەش هێرشی سەختم ئەنجام داوە، هاژە و گرمە لە گوێمدا دەنگ دەداتەوە. پاشان گوتی:-
- شێوت کردووە؟ زۆر باشە پێکرا دەچین بۆ لوقەنتە، بۆمان هەیە لە بریی هەموو فرۆکەیەکی خراو (٢٠٠) دووسەد گرام فۆدگا بخۆینەوە، کەواتە بەشی من ئەمشەو (٤٠٠) گرامە و وەک برا پێکەوە فتی دەکەین، لە سەر خواردنیش ئەگەر ئامادەبیت پێکەوە قسان دەکەین.

دیارە بە خێرایی دەعوەتی ئەوها پەسەند دەکەم و دەست بە خێری خۆمەوە نانێم. من ئێجگار بەو فرۆکەوانە و سیما گەش و قسە قوتە حەپەسا بووم، بەو تووله ڕێگایەدا سەرکەوتین کە فرۆکەوانەکان لە نێو دارستانەکەدا ڕۆیان ناوە، برادەری تەکم بە خێرای دەڕۆیشت، بەین بەین دەوەستا و بەری درەختەکانی دەگرت و لوولی ئەدان. زۆر ماندوو و شەکەت بوو، زۆر بە گران دەڕۆیشت، بەلام بە عەساکەی دەستی نەدەڕۆیشت و بەباسکیا دایهێلا بوو، تەنها بۆ بێ تاقەتی و خستنی گەلاو بەرەدار بە کاری دەهێنا. کە گچکە شێوێکمان بری و بەرەو هەوراز هەڵکشاین؛ ڕێگاکە زۆر

خـز بـوو، ئـەمیش زۆر بـە هێواشــی هەنگـاوی دەنـا و دەسـتی بـە لقـی درەختەکانەوە دەگرت،

هەرگیزیش عەساکەی وەدەست نەدەخست.

کە گەیشتینە نادیەکە؛ شەکەتی نەماو لە نزیک پەنجەرەوە دانیشت، لەو پەنجەرەوە دەیڕوانیە ئاسۆی سوور هەڵگەڕاوی پڕ لە سەرمای پــڕ هەڕەشـە و مەترسیی، فرۆکەوانەکان کە تەماشای ئاسۆیان دەکرد دەیان گوت:-

سبەی ڕەشـەبایە پـەرداخێک ئـاوی خـوارد و لەگـەڵ کچـە مەیگـێرێکی شۆخدا کەوتە قسە و ئاڵو گۆڕ کردنی نوکتـە، کوڕێکـی بـرادەری کارمـەندی خەستەخانە بوو؛ ئەم کچەی خۆش دەویست.

بـە ئیشـتیهاوە زۆری خـوارد، بـەردەوامیش لە هاوڕێکـانی دەورو بــەری نمـەکی وەردەگـرت، هـەواڵی مۆسـکۆ؛ هـەواڵی دوا بەرهــەمی شـانۆگەریی پایتەختی دەپرسی، لە پاشدا بۆی باس کردم کە ئەو هێشتا سـەردانی ئـەو نمایشانەی نەکردووە لە پاش حەڵوا خواردن پرسی:-

● لە کوێ دەخەویت؟ دیارە هەر ئێسـتاش نـازانیت؟ باشـە مـن دەڵێـم لەلای من و لە پەناگەی منـدا بخـەوە. نـاو چـاوی گـرژ کـرد و بـە دەنگێکـی کزەوە گوتی:-

● هاوسـێ کـەم ئـەمڕۆ نەگەڕاوەتـەوە؛ جێگاکـەی چۆڵـە، چەرچـەف و نوێنی خاوێنت بۆ دەهێنم و ئەمشەو لەلای من بـە. فرۆکـەوانی بـرادەرم لەو مرۆڤە دڵپاکانــە بـوو؛ کـە حـەزی دەکـرد بەسـەرهاتی خـۆی و بگـرە چیـش دەزانێت بۆ غەریبە نوێکـانی بگێڕێتـەوە. داواکـەیم پەسـەند کـرد و بـەرەو ژوورە چۆڵەکەی بەڕێکەوتین، بەناو درەخت و شەخەڵدا دەڕویشتین، بـۆن و بەرامەی گەڵا و درەختەکان دەوروبەری پڕ کردبوو، کە فانۆسەکەی هەڵکرد؛ ژوورێکی خنجیلانە بوو، لە دیوارەکانیا دوو جێگای پڕ نوێنی پـاک و خـاوێن دەرکەوت، لەدوو سووچی ژوورەکەدا دوو نەمامی (سـەندەل)ی بـۆن خـۆش دانرابوو؛ گەڵایان هێشتا سەوز و تەڕچک بوو، ژورەکە لە بۆنی خۆشدا نووقم بوو، دووڕەفەیش بۆ کتێب و ڕۆژنامە و کەل و پەلی ڕیش تاشینی لە حەنـای جێگاکان داکوترابوون، لە تەنیشت جێگای خەوتن دا؛ دوو وێنەی نێـو چـوار چێوە هەڵواسرا بوون، چوار چێوەکان بە دەستی سەنعەت کـارێکی قۆشمـە

هەڵ کەندرابوون، ئەو جۆرە چوار چێوانە لە (لاشە تێکشاوی) فرۆکەکان دروستی دەکەن؛ دیارە زۆر بە شێنەیش هەڵ کەندراون، سینی یەکی سەربازیانە پڕ بوون لە (بەر)ی درەختە کێویەکان و دیارە بە نیازی بۆن خۆشیی کۆکرابوون، تەختی ژورەکە بە چڵە ووردەی سنەوبەر داپۆشرابوو، لقی درەختی (سەندەل)یش لە هەموو سووچێکی ژوورەکەدا پەخش کرا بوو، بۆنێکی خۆش و شێدار ژوورەکەی داپۆشیبوو، ئاوازی سیسرک و گیان لە بەرانی نێو دارستانیش گوێچکەیان دەخوراند و هەڕەشەیان لێدەکردین، هەردوکمان شەکەت بووین و بڕیارمان دا قسە و باسمان بخەینە سبەینێ.
لەم کاتەدا چووە دەرەوە، دەنگی فلچەی دان شۆردنەکەی؛ شڵپەی سەر و مل شۆردنی دەبیسترا، فرەی نەبرد هاتەوە ژورەوە، پلیتەی چراکەی تۆزێ کز کرد و سیپاڵەکانی گۆڕی، فرەی نەخایاند گوێم لە تەقە تەقی شتێکی گران بوو، کەوەرچەرخام شتێکی سەیر و سەمەرەم دی:- دوو قاچە دەستکردەکەی دامالّی و خستیە سەر زەوی، فرۆکەوانی بێ قاچ؟ فرۆکەوانی ڕاوانەر! ! فرۆکەوانێک ئەمرۆ (٦) هێرشی سەختی ئەنجام دابێ و بە بێ قاچ دوو فرۆکەی ڕاو کردبێت؟ بەراستی مرۆڤ سەرسام و حەپەساو دەبێت! جووتێ پێڵاوی سەربازیش لە قاچە دەستکردەکانی هەڵکێشرا بوون، هەردووکیان لە سەر زەوی کەوتبوون، ئەگەر ئەو قاچانە لە سەر جێگا ڕاکشابان؛ گومانی ئەوەم دەبرد کە مرۆڤێکی دی خۆی حەشار داوە، من ئێجگار سەرسام و شڵەژام، فرەی نەبرد خاوەن ماڵ چاوی تێبڕیم و بە زەردەخەنەیەکی گاڵتە ئامێزەوە لێم ڕاما و گوتی:-

- هەست بە هیچ دەکەیت؟ شتی ئەوها دەبێت؟
- هیچ شتێک لەو بارەوە نازانم و پێم نەگوتراوە!
- زۆر باشە سوپاست دەکەم! لەوە حەپەساوم چۆن بۆیان باس نەکردوویت؟ خۆ لە پۆلەکەی ئێمەدا ژمارەی سازنە و زۆر بلێکان لە فرۆکەوانە هەڵکەوتووەکان زۆر ترن، چۆن ئەم هەلەیان لە کیس خۆیان داوە، چۆن ئەم بە سەر هاتە دە گمەنەیان بۆ گەڕیدەیەکی نوێ و هەواڵ نێرێکی براقدا نەگێراوەتەوە؟ منیش پێم گوت:-
- - بەڵام ئەم بەسەر هاتەی تۆ دەگمەن و بێ وێنەیە! لە مێژووی فڕین و هێزی ئاسمانیدا هەتا ئێستا -من پێبزانم- ڕووی نەداوە، بەبێ قاچ بە فرۆکەیەکی ڕاونەر چۆن شەڕ دەکرێت؟

فیکەیەکی خۆشی کێشا و گوتی:-

● ئـای مێـژووی فرپـن... بەسـەر هـاتی زۆرە و خـەڵکیی نـایزانن، فرۆکەوانەکە سوڤیتیەکان لەسـەر پشـتی ئـەم تۆماری نوێ دەکـەن. باشـە هاورێ ئەمە جوانە؟ بێ گومان من حەزم دەکرد و پێم باش بـوو بـە قـاچی راستەقینە بڕۆم بۆ جەنگ نەک ئـەم قاچـە دەسـتکردانە؛ بـەڵام چـار چیـە؟ (هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا) و گوتی:- ئەمە شـەقی رۆژگـارە؛ مێـژووی فرپنیش لە راستیدا نمونەی لەم جۆرەی لە ئامێز گرتووە.

کەوتە پشکنینی ئەوراقی سـەر رەفەکـە و لاپـەڕەی رۆژنامەیـەکی پێـش کەش کردم:- بەسەر هاتی فرۆکەوانێکی دێرین کە بە قاچێکەوە درێژەی بـە کارەکەی دابوو.

● من حـەز ناکـەم ئـەم پرسـیارانە لەبـەر دەممـا قـووت بکرێنـەوە:- لەکوێ-چۆن-بۆ؟ ئەمڕۆ تێکـڕای بەسـەرهات و یادگارەکـان لێـم وورووژاون و لەپێش چاومن، تۆیش پیاوێکی نـامۆیت، سبەی لەیـەکدی جیادەبینـەوە بـۆ هەتاهەتایش یەکتر نابینینەوە، ئەوانە گومانیان تیانیە، منیش پێخۆش حاڵم بەسەر هاتی ئەم قاچانەت بۆ بگێڕمەوە.

لە شوێنەکەی تەخت ڕاکشا و پێخەفی هێنایە سـەر سنگی، بـە درێژیـی کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خـۆی.. لە گێڕانـەوەدا دەنگـی لێ بـەرز کـرد بوو، بەین بـەین بـیری دەکـردەوە، وای دەزانـی کەسـی لە دەورنیـە؛ کـەس گوێی بۆنە گرتووە، ئەوەندە بەرەوانی ئەدوا مرۆڤـی کێـش دەکـرد، باسـی دیمەن و وێنەیشی ناوکێش دەکرد، بـۆم دەرکـەوت هەسـت وبـیری ئێجگـار وورد و بە برشتە، بیر تیژ و دەروون گەورە و دڵپاکە. لەوە گەیشتم کە ئەمە بەسـەرهاتێکی مـەزن و نائاسـاییە؛ باسـێکی دەگمـەن و کـەم وێنەیـە. دەفتەرێکم لە سەر مێزەکە هەڵگرت و بە کورتی چیم بیست تۆمارم دەکرد.

ئەو بەسەرهاتە بەسەر هەستمدا زاڵ بوو، خۆم ماندوو دەکرد بەو نیازەی زۆربەئەمانەتەوە هەموو شت تۆمار بکەم و چی شـتێک نـەبوێرم تـەنگم بـە دەفتەر هەڵچنی، خۆش بەختانە لەسەر رەفەکە دەفتەرێکی ترم پەیدا کـرد، تێکرا هـەموویم رەش کـردەوە، بـە خـۆم نـەزانی کەکەنـاری ئاسمـان زەرد هەڵگەڕا بوو، ڕوناکی لە درزەکانی دەرگا وە ملە قووتەیان بوو، بەسـەرهاتی (ئەلکسی میرسیف) گەیشتە ئەو ڕۆژەی کە سێ فرۆکەی ئەڵمـانی فت کـرد

بوو، لەو ڕۆژەدا هەستی بەوە کـرد کـە بـووە بـە فرۆکـەوانێکی ڕاسـتەقینە. یەکێک لە ڕستەکانی خۆی بڕی و گوتی:-

● کـاتێکی درێژمـان بـە چەنەبـازی بەسـەر بـرد، بەیـانی دەبێـت بفـڕم، تۆیشم زۆر ماندوو کرد، ئیتر بابخەوین.

● ئەی (اولیا) وەڵامی چی بوو؟

ئەم پرسیارەی خۆمم پێ باش نەبوو؛ بۆیەکا فریاکەوتم و گوتم:-

● بم بوورە.. لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارەت پێ بـاش نـەبێت، منیـش دەت بەخشم و وەڵامم نەگەرکە. بەزەردەخەنەوە گوتی:

● هەرگیز بەوە پەست نـابم، منو(اولیا) سەرسـام و حەپەسـا بوویـن، (اولیا) لە ڕێگای برادەرێکمەوە هەواڵ و بەرسەرهاتی منـی پـێ گەیشـتبوو، کەوتنم لەفرۆکە و برینەوەی قاچەکانم و هەمووشتی بە نامـە بـۆ چـوو بـوو، (اولیا)ش لەوە گەیشتبوو کە من شتی لێ حەشار دەدەم، ئەویش گوایـا بـۆ ئەوەی خەفەت نەخۆم خۆی وا دەرخست کە لە هەمووشـتێک بـێ خەبـەرە. هەردووکمان بەجووتە لە گەڵ یەکدی بەردەوام درۆ دەکەین. پێم گوت:-

● ئەی تاسەی ناکەیت؟

تۆزێک پڵیتەی چراکەی هەڵدا و جووت وێنەی نێـو دوو چـوار چێوەکـەی ڕۆشن کردەوە:- وێنەیەکیان پەست و لاواز بوو ناسـکی و نیـازی تیـا بـەدی نەدەکرا، وێنەکە لەناو گوڵجاڕی هاوێندا گیرا بوو؛ بەڵام هەستت نەدەکرد کە کچۆڵەیەکە لەنێو گوڵجارە و پێدەکەنێت. بەڵام لەوێنەی دووەمدا هەمان کـچ بەرگی مولازم دووەمی لەبەر دایە، دەم و چاوی زیرەکـی و هێمـن و ناسـکی لێ دەبارێت، لە یەکەم سـەرنجدا واهەسـت دەکـەیت بـاڵق نـەبووە، بـەڵام لە سەرنج و چاوەکانیا بەزاندنی ئەو تەمەنە دەخوێنێت.

● چۆنی دەبینیت؟ پێت جوانە؟

● منیش هەروەها! (بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە پاکی و ساکاری).

چرای کوژانەوە، ژوورەکەی لە تاریکیەکی خەستی چڕ دا نوقم بوو، لەم کووخی نێو دارستانەدا ئەوەی وەڕزی دەکردین ویزە وێز و سرکەسرک بـوو. (ئەلکسـی میرسـیف)م دوای ئـەوە نەدیـەوە؛ وەلێ لە کـاتی جـەنگدا و لەهەموو گەڕان و سەردانەکانمدا ئەو دوو دەفتەرەم پاراست، ئێجگار خۆشـم دەویستن، لە نزیک (اوریل)دا سەر لەنـوێ دەفتەرکـانم دەخوێنـدەوە، سـەر

لەنوێ بەرگێکی (اودیس)م کردە بەری ئەو فرۆکەوانە. لە دادگای سەربازی (نومبرگ)ی جیهانیدا ئامادە بووم، لە دانیشتنێکی ئەو دادگایەدا پرسیار لە (هرمان گورنگ)ی دووەم پیاوی نازی دەکرا، نوێنەری گشتی سۆڤیەت ئەوەندە دۆکومێت و بەلگەنامەی تۆکمەی بەدەست بوو، (هەمان گورنگ)ی داڕوخاند و لەبەردەم دادگادا ناچاری کرد کەدان بە هەموو شتێکدا بنێت:- سوپای زەبەلاحی فاشست بەرەو سەرکەوتن دەڕۆیشت، بەلام لەبەردەم گورزی پشت شکێنی سووپای سووردا؛ لەدەشت و دۆلی وولاتە بەر بلاوەکەماندا؛ پووکایەوە و دارووخا.

لەو کاتەدا کە بەناچاریی (گورنگ) دانی بە شکستی نازیدا نا؛ ئێمە لە خۆشیدا گەشەمان دەکرد. (گورنگ) پاساوی شکستی لەشکرەکەی بەوە دەکرد کە گوایا:-

(رووسەکان خاوەن نهێنی و پەرلەی نامۆن) و (هێزێکی نادیار و نهێنیان تیا هەیە). بەلێ دەشێت ئیمان بەوە بهێنن کە مرۆڤی سۆڤێتی بە توانا و بەهرە و خۆ بەختکردنی خۆی جیهانی حەپەسان و سەر سامی کرد، لەکاتی جەنگدا و ئێستایش گشت (گورنگەکانی) جیهان ئەوە بەنهێنی و (پەرلە-لغز) تێدەگەن. ئەوانەی (تیوری) لاواز و شەق و شڕی نازیان داڕشتووە کە گوایا:-

(رەچلەکی ئەلمانی رەچلەکی وە جاخزادە و میرانە)؛ ئەوانە دەبێت لەوە بگەن کە رمێنی و هێزی مرۆڤی سۆڤیەتی چۆنە، لە وولاتی سوشیالیستدا چۆن گەشە دەکا و خۆی ساز ئەدا!!

لەهۆلە تاریک و گرژەکەی (نومبرگ)دا؛ کەبەداری سوورە چنار داپۆشرابوو؛ یادی (**ئەلکسی**)م کردوو سیماو دەموچاوی هاتە پێش چاوم، حەزم دەکرد لەم هۆلەدا... لە قەلا و بێشکەی نازیەتا چیرۆک و بەسەر هاتی تەنها یەکێک لەملیۆنەها مروڤی ئاسایی سۆڤێت بگێرمەوە؛ حەزم دەکرد باسی ئەو خەلکە بکەم کە سوپای (کاتیل) و ئەستۆلی ئاسمانی (گورنگ) و کەشتیە جەنگیەکانی (ریدر)یان تێکشکاند؛ بەگورزی کاریگەریان دەولەتی چەتە و رێگری هێتلەریان هەلوەشاند. لە هۆلی (نومبرگ)دا هێشتا دەفتەرکانی بەسەرهاتی (**ئەلکسی**)م پێ بوو، لە پاش

کۆتـایی هـاتنی دادگـامنیش کەوتمـە تـاو و تـوو کردنـی ئـەو سـەرە قەڵەمانە,سەرلەنوێ کەوتمەوە خۆ سازدان, هەوڵم ئەدا هەموو ئەو شتانەی (ئەلکسی) باسی کردوون تۆ ماری بکەم و دایڕێژمەوە,شتی زۆریشم لە یاد نەماوە .(ئەلکسی) لە کاتی گێڕانـەوەی بـە سـەرهاتی دا فـیزی نـەدەکرد و خۆی هەڵ نەدەکیشا,بۆیە زۆر شتی ساکارانەو کەم بایەخانەی دەگیڕایـەوە, منیش ناچارم سەر لەنوێ وێنەکە پڕ بەپێستی خۆی گـەورە بکـەم و حـەقی خـۆی پـێ ببەخشـم، ئەلکسـی لە باسـی هاوڕێکانیـادا زۆر بـە گـەرمی و دڵسۆزانە باسی دەکرد؛ منیش ئێستا لە زەینمدا سڕاونەتەوە، ناچارم سـەر لەنـوێ ئـەو وێنانـە کۆکەمـــەوە و دایڕێژمـەوە توانـای ئـەوەم نـەبوو کـە ڕووداوەکـان بـە ووردیـی بـاس بکـەم؛ بۆیەکـا نـاوی هـەموو هاوڕێکـانی (**ئەلکسی**)م گۆڕی، ئەو هاوڕێیانەی کە یارمەتیان داوە و پشتیان گرتـووە، تکایە ئەگەر خۆیان لەم ڕۆمانە دا ناسیەوە، بم بەخشن.

بەم جۆرە؛ خوێنەری خۆشەویست تێگەیشتی کە چۆن ڕۆمانی:-

(بەسەرهاتی مرۆڤی ڕاستەقینەی سۆڤیەتی) بنوسین.

لەپاش ئەوەی ئەم بەسەرهاتەم لەچوار چێوەی ئەم ڕۆمانـەدا دارشـتەوە ئامادەم کرد بۆ چاپ؛ ویستم پاڵەوانی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆمانە بناسن، بەڵام لێمبزربوو ئاسەوارینەما، لە گێژاوی ئاڵۆزی بەرەکانی جەنگدا نووقم بـوو، منیش زۆر خۆم ماندوو کرد پەنام بردە بەر فرۆکەوانە دۆستەکان؛ سەرچاوە و دۆکۆمیتە رەسمیەکان.. بەڵام ناوی (ئەلکسی میرسیف)م لێچوو بە قووتا و نەم دۆزیەوە. ڕۆمانەکە لە گۆڤاردا پەخش کرا و لە ڕادیۆشدا خوێنرایـەوە، ڕۆژێکیان زەنگی تەلەفۆن لێی دا، دەنگێکی گڕی بە گوێم ئاشنا گوتی:-

- حەزم کرد پەیوەندیت پێوەبکەم.
- کێی جەنابت؟
- ڕەئیـس ئـەوەل (ئەلکسـی میرسـیف)ی پاسـەوانی. لەپـاش چـەند

سەعاتێک بەپڕ تاو خۆی کرد بـەژوردا و بـزە و خۆشـی لێدە بـاریی، وەک جارانی چالاک و بەگوڕ بوو، ڕەوتی وەک جـاران وورچ ئاسـا بـوو، پێدەچـوو ساڵانی جەنگکاریان تێنەکردبێت، بەڕوویەکی گەشەوە گوتی:-

● دوێنێ لە ماڵەوە دەم خوێندەوە، لە هەمان کاتیشدا ڕادیۆ کراوە بوو،

من سەرقاڵی خوێندنەوە بووم ئاگام لە ڕادیۆ نەما؛ لەپڕ دایکم بە پرتاو هات و بۆ ڕادیۆکە ئاماژەی کرد و گوتی:- کوڕم گوێ بگرە باس باسی تۆیە.. خودی تۆ! کە گوێم گرت ڕاست بوو بە سەرهاتی منی باس دەکرد. زۆر حەپەسام، گوایە کێ بەسەرهاتی من دەزانێت؟

خۆمن بەسەرهاتی خۆم بۆ کەس باس نەکردووە. لەناکاو سەردان و دیمانەی تۆم هاتەوە یاد کە ئەو شەوە چۆن خەوم لە چاوت زڕاند و؛ بەدرێژی ئەو شەوە چیرۆکم بۆ گێڕایتەوە، بیرم کردەوە:- ئێستا بار و دۆخ گۆڕاوە، ئەو بەسەرهاتەیش نزیکەی (٥) ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، ناوی نووسەری ئەو چیرۆکە باس دەکەن، منیش بڕیارم دا کە بکەومە پەیجۆر و سۆراخت.

ئەو هەموو دەنگ و باسەی بەیەکجار و بەڕووە گەشکەی جارانەوە باس کردو و هەتا ڕادەیەکیش بەشەرمەوە ئەم شتانەی ئەدرکاند کە هاوڕێکانی جەنگ پێک دەگەن و لەپاش ماوەیەک یەک دەگرنەوە؛ بۆ باسی شەڕەکان ڕۆ دە چن و یادی ئەفسەر و جەنگاوەرە بەشداربووەکان دەکەنەوە، ڕەحمەت بۆ ئەو کەسانە دەنێرن کە بۆیان نەڕەخسا بژین و سەرکەوتن بە چاوی خۆیان ببینن. (**ئەلکسی**) وەک جاران باسی خۆی خەمبارانە و ئازاردارانە دەکرد، منیش بۆ (**ئەلکسی**)م ڕوون کردەوە کە ئەوکاتە لەگەڵ فەوجی پاسەوانیدا؛ هێرشی ساڵانی (٩٤٣-٩٤٥)یان گەیاندە ترۆپکی سەرکەوتن؛ لە پاش پێکگەیشتنمان لەنزیک (اوریل)دا سێ فرۆکەی فت کردووە، پاش ئەم سەرکەوتنانە:- لەڕزگار کردنی ناوچەی (بەلتیک)یشدا بەشداری کردووە، لەم ناوچەیەشدا (٢) فرۆکەی تری خستووە. بە کورتی (**ئەلکسی**) تۆڵەی هەردوو قاچی؛ بە سەخاوەت لە دوژمن سەندەوە، دەوڵەتیش نازناوی (پاڵەوانی یەکیەتی سۆڤێتی)ی پێ بەخشی.

(**ئەلکسی**) باسی کارو باری تایبەتی و خێزانیشی بۆ گێڕامەوە، منیش زۆر بەختیارم کە کۆتایی ئەم بەسەرهاتە بە خۆشی شکایەوە:-

کە جەنگ کۆتایی هات؛ (**ئەلکسی**) بەدڵدار و خۆشەویستی خۆی شاد بوو، ئێستا کوڕێکیان بە ناوی (فکتۆر) هەیە.
دایە پیرەیش لە (کامیشین)ە وە گوێزرایەوە بۆ لای بنەماڵەی (میریسیف)، ئێستایش وەک دایەنی فکتۆری کوڕەزای زۆر بەبەختیاری دەژی. بەم جۆرە ژیان خۆی ئەم چیرۆکەی تەواو کردووە منیش لە غەریبیدا ئەم بەسەرهاتەی (ئەلکسی میریسیف)م نووسی کە (مرۆڤێکی ڕاستەقینەی سۆڤیەتی) بوو.

# ئەوەی پێویستە بگوترێ

لە ساڵی ١٩٩٤ دا بە تەکلیفی رێکخراوی مناڵپارێزی کوردستان ئەم رۆمانەم کرد بە کوردی، ئەو نوسخە عەرەبیەی کە بۆ منیان ناردبوو وەرگێرانی بۆ عەرەبی و چاپ کردنی بە ئەرکی دەزگایەکی پەخش بوو لە لوبنان.

منیش لە پاش ئەوەی گشت رۆمانەکەم وەرگێرایە سەر زمانی کوردی،بۆ ساغ کردنەوەی هەندێ شوێن و برگەی کوژاوە کەوتمە پەیجۆر و پشکنین بە دووی نوسخەیەکی تردا، لە لای برادەرێکی خۆشەویستم (سەلام مەنمی) دەستم کەوت کەلەعێراقدا (جلیل کمال الدین) کردبوی بەعەرەبی

ئەم وەرگێرانی عێراقە- وەک بۆم دەرکەوت- درێژترەو دەقاو دەق لە رووسیەکەوە کراوە بە عەرەبی.

تکا لە خوێنەری ئازیز ئەکەین لەم راستیە ئاگادار بێت.

- وەرگێر -

# سوپاس و پێزانین

لەناخی دڵەوە زۆر سوپاسی هەموو کارمەندانی (چاپەمەنی زاموا). (پرۆژەی پاراستنی دەستنووسەکان) دەکەم کە ئەرکی لەچاپدانی ئەم رۆمانەیان گرتە ئەستۆ.. هیوادارم لەو خزمەتە پیرۆزەدا هەمیشە بەردەوام بن..

وەرگێڕ

## لەچاپکراوەکانی چاپەمەنی زاموا ساڵی ١٩٩٧

| | | |
|---|---|---|
| ١. گەڕەکی داهۆڵەکان | کۆمەڵە چیرۆک | شێرزاد حسن |
| ٢. زەمانی بزر بوو | شیعر | فاتیح عیزەددین |
| ٣. تەیرەکانی ئیسماعیل | شیعر | دلاوەر قەرەداغی |
| ٤. چاوەکانی | ڕۆمان | و/ ئازاد بەرزنجی |
| ٥. سێدارەکانی بەهەشت | شیعر | قوبادی جەلی زادە |
| ٦. مەنفاکان لێرەوە دەست پێ دەکەن | شیعر | جەمال غەمبار |
| ٧. چۆن بووم بە پیاو | کورتە چیرۆک | ئاری قادر دەرویش |
| ٨. ئەنفال | ڕۆمان | محەمەد ڕەشید فەتتاح |
| ٩. بووکی ئاتە خان | چیرۆک | گەلاوێژ |
| ١٠. سایکس پیکۆ و ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور | لێکۆڵینەوە | احمد سید علی بەرزنجی |
| ١١. وەرزەکان دابڕان | شیعر | ئاوات حەسەن ئەمین |
| ١٢. سیستەمی کارپێکردنی دۆس | زانستی | ئا/ ئارام قەرەداغی |

## لەچاپکراوەکانی چاپەمەنی زاموا ١٩٩٨

| | | |
|---|---|---|
| ١- دیوانی ژیلەمۆ | شیعر | حەمە علی وریا |
| ٢- ئەم نغرۆ بوونی تەمەنە بە کوێ دەگا | شیعر | سەلام سەعید مەولود |
| ٣- کە بیرلە تۆ دەکەمەوە | شیعر | فەرەیدون عبدول بەرزنجی |
| ٤- ئەژدیها | ڕۆمان | محەمەد موکری |
| ٥- هەزاران | ڕۆمان | و. ئارام قەرەداغی |
| ٦- پەلکە زێڕینەش نامۆ مەکەن | شیعر | دڵشاد مەریوانی |
| ٧- بەسەرهاتی کەڵە پیاوێک | ڕۆمان | و. حسێن نێرگسەجاری |